# ڕێبوار ئەحمەد

کۆمەڵێک ووتارو گفتوگۆ

# ئامانجەکان و ئاستەنگییەکان

## دەربارەی بزوتنەوەی جەماوەری کوردستان





ڕێبوار ئەحمەد

لەبڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
تەموزی 2011

زیاتر لە ١٣٥ کوژراو و برینداری لێ کەوتووەتەوە.حیزبە کانی روژهەلات کە لە باشور کوردستان نیشتەجێن واتە لە نێوان هەولیر و سلێمانیدان، و چەن کیلومیتریک لە روداوەکانی و هەستانی لافاوی خوێنی گەنجانێ سلێمانی و دەروبەری دوورن .بەلام حیزبە کانی روژهەلات لە ئاست ئەم خۆپیشاندانە جەماوەریە نوکێ قەلەمەکانیان ۆشک بووە و بە قەولی ئێرانی خۆیان دەخەنە کۆچەی عەلی چەپەوە.

لە دووم رۆژی خۆپیشاندانی سلێمانیدا بوو کە هاوکات حەوت لە حیزبەکانی روژهەلاتی کوردستان لە بەیانامەیکدا پیشتوانی خۆیان بۆ گروپی سەوز ئێرانی بەریبەرایتی موسەوی وە کەروبێ دەربڕی، بەلام لە نزیک بارەگاکانی سەرکردایەتیاندا خۆیندکارانی زانکوی سلێمانی و گەنجانی ئەو شارە لەسەر خواستێکی سروشتی وە داوای چاکسازی دەکەن خەلتانی خۆین کران، لەبەر مەسلەحتی خۆیان تا ئەم کاتە لە سایت و میدیاکانیاندا بێ دەنگن.

**یەزدان پەنا: ئەو رووداوەی سلێمانی ئێران خولقاندوویەتی نەوەکو گۆڕان**

وێراش نیوز:رێکخراو و میدیا کانی کوردستان روژهە لات کە بنکە و بارە گاکانیان لە باشوری کوردستانی تائێستا بێ دە نگیان نووواندوە لس سە ر داوخواخیە کانی خە لکی کوردستان.بە لا جێگری پارتییکی سیاسی بە جێگای هاودە ردی بە خیگای هاودە ردی دە لێت خوپێشاندانە کە ی کوردستان ئێرانی لە پشتە.ئە و جێگرە لە بە یاندا ئاوا دە لێت: لە لیداوانیکدا بۆ حەوتوونامەی رووبەر حوسێنی یەزدان پەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان دەلێ: هیچ گومانێک لەوەدانییە.کۆماری ئیسلامی ئێران لەرێگەی کۆمەلێک دامەزراوەی دیاریکراوەوە هەموو تواناکانی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی باشووری کوردستان دووچاری قەیرانێکی گەورە بکات.

یەزدان پەنا ئاماژەی بەوەدا کە"ئێران دەیەوێت ئەو ئەزموونە تێکبشکێنێت بۆ ئەوەی نەبێتە نموونەیەک بۆ پارچەکانی تری کوردستان و ناشرینی بکات". جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان لە درێژەی زانیارییەکانی دا ئاماژە بەوە دەکات کە:" جێگری سوپای قودسی پاسدارانی ئێران لەتارانەوە سەردانی سنەی کردووە و کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەلێک دامەزراوەی سوپا کردووە .لە درێژەی قسەکانی دا یەزدان پەنا ئاماژە بەوەدەدا کە ئەو رووداوەی سلێمانی ئێران خولقاندوویەتی نەوەکو گۆڕان، وتیشی "بە لاڕێبردنی خۆپیشاندانەکەی سلێمانی و بەردبارانکردنی لقی چواری پارتی تۆلەی ئێران و سوپای قودسە لە پارتی بەرامبەر بەردبارانکردنی کونسولگەری ئێران، بۆیە دەبێت خەلکی سلێمانی لەو پیلانە هەرێمییە ئاگاداربن و کارێک نەکەن دۆخەکە ئالۆزتر بێت."

ەلایەکی دیکەشەوە فەرەیدون جوانڕۆیی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند کە، ئێمە لەوە دلنیاین لەم رووداوە رۆلی هەوالگری ولاتان و ئاڕاستەکردنی رێپێوانەکان بەرەو لقی چواری پارتی هەبووە، بەلام بە روونی بۆمان دەرنەکەوتووە.



# ئامانجەکان وئاستەنگییەکان

## دەربارەی بزوتنەوەی جەماوەری کوردستان

**ڕێبوار ئەحمەد**

**چاپی یەکەم**
**تەموزی ٢٠١١**

**www.hkkurdistan.org**
**Hkkurdistan@yahoo.com**
**ژمارەی تەلەفون**
**0770 151 1043 - 0770 767 9334 - 0770 892 4173**

# ناوەرۆک :


- پێشەکیەکی کورت
- کۆمەڵگای کوردستان چ جۆرە گۆڕانێکی پێویستە؟! ............................ ٢
- هاواری خەڵک و پەیامی دەسەڵات و حیزبەکانی گوێڕایەڵ ........................ ٧
- ئەمانە ئەبێت بڕۆن... بەڵام خەڵکی کوردستان ئەبێ بزانن چ گۆڕانێکیان دەوێت "
چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕادیۆی هاوپشتی. ................................................. ١٢
- هەر کە ڕاپەڕین دەستی پێکرد،
ناوەڕۆکی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیونی بورژوازی ئاشکرا بوو! ........................ ٢٥
- یەک ڕاپەڕین و سێ تاکتیک ......................................................... ٢٩
- لە عێراقدا بەدەیان ملیاردێری دۆلارو بەهەزاران ملیۆنێرو بە ملوێنەهاش خەڵکی برسی و بێدەرەتان هەیە. .. گفتوگۆی بڵاوکراوەی کۆمۆنیست لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد .......... . ٣٤
- پێداویستیەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشێکی سەرکەوتوانە نابێ بەڕاپەڕین یاری بکرێ! ... ٤٠
- هەڕەشەی بارزانی و سەودای ئۆپۆزیسیونی بورژوازی ............................ ٥٤
- پلاتفۆرمی بزووتنەوەی جەماوەری وشۆڕگێڕانەی ئێستای کوردستان
بەڵگەنامەی پەسەندکراوی پلنۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی .................... ٥٧
- تاجارێک دەڵێین خۆپیشاندان، دەبێ ١٠ جار بڵێین ڕێکخراوبوون و ڕیزی سەبەخۆ"
گفتوگۆی سەعید ئەحمەد لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد ......................................... ٦٤
- ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان چیمان فێردەکات؟!
کۆبەندیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، هەڵسەنگاندن،دەرسەکان ودەستکەوتەکان وئایندەکەی.............................................................. ٧٨
- دەرسەکانی شۆرشی میسر   گفتو گۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد .........................٨٩
- پاشکۆ: سێ راگەیاندن: ........................................................... ٩٤




مەدەنین و بەهیچ شێوەیەک بڕوامان بە توندویژی و هێرشکردنە سەر هیچ بارەگا و شوێنێکی فەرمی نیە، پاراستنی ئاسایش و ئارامی وڵات بە بەشێک لە ئەولەویاتی خۆمان دەزانین، لەمڕووەوە بزوتنەوەی گۆڕان ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری دەزگا فەرمییەکان رادەگەیەنێت، داوا لە هاوڵاتیانی کوردستانیش دەکەین، بەگیانێکی بەرپرسیارانەوە رەفتار بکەن و رێگە نەدەن هەندێک کەسی گێرەشێوێن ئاسایش و ئارامی وڵات بخەنە مەترسییەوە. نەوشیروان مستەفا ١٧/٢/٢٠١١"

**رونکردنەوەیەک لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە..**

.بەداخەوە گردبونەوە جەماوەریەکەی ئەمڕۆی بەردەرکی سەرای سلێمانی پاش سەعاتێک لە کۆتایی هاتنی گردبونەوەکە ژمارەیەک کەسی گێرە شێوێن بونە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژی و هێرش کردنە سەر بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان و کوژران و برینداربونی ژمارەیەک هاوڵاتی لێ کەوتەوە."

ئێمە لە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەکاتێکدا ئەو روداوە ئیدانە دەکەین، و وەک ڕەوت و رەفتاری هەمیشەیی حزبمان دژی بەکارهێنانی هەر جۆرە توندوتیژییەکین کە ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێک بدات و ببێتە هۆی شێوانی باری سەقامگیری وبێ حورمەتی بە دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێم..مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان –١٧/٢/٢٠١١ کوردستان– هەولێر"

**راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی**

:"لە مەڕ ئەو رووداوانەی ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی هاتە ئاراوە، وێڕای دەربڕینی نیگەرانیمان لەوبارەیەوە، ئێمە هەموو لایەک ئاگادار دەکەینەوە کە وەکو پێشتر رێنمایمان دابویە تەواوی ئۆرگانەکانمان کەهیچ جۆرە بەشداریەکیان لەخۆپیشاندانەکەدا نەبێ .

لەگەڵ ئەوەی بڕوامانوایە خۆپیشاندانی مەدەنییانە مافی هەر هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمەیە، بەڵام هەرگیز لەگەڵ کاری تیکدەرانەو هەڵکوتانە سەر بنکەو بارەگا حکومی و حزبییەکاندا نین و سەرکۆنەی ئەو جۆرە کارانەش دەکەین کە داواکاری هاوڵاتیان بە ئاقارێکی ناتەندروستدا دەبەن، هەروەک داواکاریشین حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەرپرسانە مامەڵە لە گەڵ رووداوەکاندا بکەن و بە تەنگ پاراستنی گیانی هاوولاتیانەوە بن، لێرەشەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەس و کاری قوربانیان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی بە پەلەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.و ئومێدەوارین هەموو لایەک هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەبدەین و بەتەنگ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی کوردستانەوە بین" مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی ١٧-٢-٢٠١١

**حیزبە کانی روژهە ڵات کوردستان وجاوٚ نوقان لە سە ر خۆپیشاندانی جەماوەری لە باشور کورستان**

وێــراش نــیوز:رووداوەکەی (١٧/٢/٢٠١١)کە تێیدا دەیان هاوڵاتی بریندار و کوژراوێکی لێکەوتەوە ناڕەزایەتیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناو و شقامی کوردی ئاڵویز کردوە.و تا ئێستا

دنیایەکی باشتر دابمەزرێت... ئەم کەسانە ڕەنگە لە ژیانی شەخسی خۆیاندا هەموویان دینداربن بەڵام لە قاڵبی بزووتنەوەیەکی غەیرە دینیدا پراتیک دەکەن".

من باوەڕم وایە کە ئیسلام وەکو بیروباوەڕێک کە مرۆڤی بێئیرادە ناچار دەکات پەنا ببات بۆ هێزێکی بانتر لە سروشت بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی بۆ بەدیبهێنێت، وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی کۆنەپەرست و ناکۆک بۆ ئاوات و ئارەزووەکانی جەماوەر، وەکو بەدیلێکی لایەنگر لە زۆرداری و سەرکوت و هەڵاواردنی چینایەتی و جنسی ..و...نەک لە دەورانی شۆڕشگێڕانەو لە جەرگەی شۆڕشدا، بەڵکو لە دەورانی نائومێدی و داماوی و بێئیرادەییدا گەشە دەکات. هەروەها لەسەرکاربونی ڕژێمێکی گەندەڵ و ملهوڕی وەکو ڕژێمی موبارەک، زەمینەیەک بوو بۆ ئەوەی ئیخوان موسلمین وەکو ئۆپۆزیسیونی ئەو جۆرە ڕژێمانە ڕەغبەت پەیدا بکات. ڕوخانی ئەو ڕژێمە لە ڕێگای شۆڕشێکەوەو هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەو باوەڕبەخۆبونی خەڵک دەبێ پێچەوانەی ئەوە کاریگەری دابنێت. چ ستەمکاری ڕژێمی موبارەک و چ سازشکاری ئەم ڕژێمە لەگەڵ ئیسرائیل لە کێشەی فەلەستیندا، دوو پایەی گرنگی ڕەغبەت پەیداکردنی ئیخوان موسلمین بوون. بە هەرحاڵ من نامەوێ دەورو پێگەی ئیسلامیەکان ئینکار بکەم، بەڵام پێم وایە ئەم ئاڵوگۆڕانە بەهێزتریان ناکات بەڵکو لاوازتریان دەکات. لە بارەی دەسکەوتەکانی شۆڕشیشەوە، وەکو ووتم هێشتا زووە بۆ قەزاوەتی یەکجاری، بەڵام تا ئێستاش دەسکەوتی زۆری بووە، هەر ئەوانەش هەوێنی دەسکەوتی گەورەتری ئابوری و کۆمەڵایەتین. بۆیە من پێم وایە ئەگەر تەجروبەی تونس و میسر و دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشانە لە بەرچاو بگرین، مایەی ئەوەیە خەڵکی کوردستان و عێراق نەک تەنها شوێن پێیان هەڵگرن، بەڵکو لە تەجروبەکانیان و لە خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان، دەرس وەرگرن بۆ ئەوەی وەکو ئەو وڵاتانە کاری نیوەو ناتەواو نەکەن. بەڵکو بە ئامادەیی و دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی شۆڕشێکی بە تەواوی ئازادیبەخشەوەبە، پێ بخەنە سەر ئەم ڕێگایە. لەمەشدا دەوری چینی کرێکار چارەنوس سازو یەکلاکەرەوەیە. شکڵدان بە ڕیزی ڕێکخراوو بەهێزی چینایەتی کرێکاران لە دەوری ئاسۆو سیاسەت و بەرنامەی کۆمۆنیستی زامنی ئەمە دەکات. بۆیە بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان، بۆ تاڵەبانی و بارزانی باشترە لە جیاتی ئامۆژگاری کردنی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی شوێن پێی خەڵکی تونس و میسر هەڵنەگرن، خۆیان شوێن پێی بن عەلی هەڵگرن و وەکو موبارەک و قەزافی و عەلی سالەح و ئەسەد، باری خۆیان قورستر نەکەن بۆ ڕۆژی لێپێچینەوەو دادگایی.

## پاشکۆ: سێ ڕاگەیاندن:

**ڕاگەیەندراوێک لە نەوشیروان مستەفاوە**

لەپاش ئەوەی هەندێک لایەن خۆپیشاندانی ئەمڕۆی سلێمانییان ڕێکخست، کۆمەڵێک ڕوداوی ناخۆشی لێکەوتەوە، ئێمە لە کاتێکدا بە توندی ئیدانەی هەمو جۆرە پەلاماردانێک بۆ سەر بارەگا و شوێنە فەرماییەکان دەکەین، ئەو ڕاستییە دوبارە دەکەینەوە کە ئێمە بزوتنەوەیەکی سیاسی



# پێشەکیەکی کورت

ئەم نامیلەکەیە کۆی ئەو ووتارو گفتوگۆیانەیە کەلە ٣١ی کانونی دووەم ٢٠١١ تا کۆتایی ئەپریل، دەربارەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی وشۆڕشگێڕانە لەکوردستان نوسیومن. ئەم بزووتنەوەیە بەزەبری سەرکوت و میلیتاریزم بەشێوەیەکی کاتی پاشکشەی پێکراوە، بەڵام زەمینەکانی سەرهەڵدانی نەک هەر وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵکو گەلێک بەهێزتریش بووە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لەهەر فرسەتێکدا کەبلوێت، بەهێزو تینێکی زیاترەوە بێتەوە مەیدان. لەم بارەیەوە چاپ کردنی ئەم کۆمەڵە بابەتە لەم نامیلکەیەدا بەپێویست زانرا بۆ ئەوەی لە هەنگاوەکانی داهاتوودا کۆمەک بکات بەوەی بزووتنەوەکە لەدەوری ئاسۆیەکی ڕادیکاڵی کۆمۆنیستی ولەسەر ڕێبازێکی سیاسی و تاکتیکی بەرەو ستراتیژێکی ئازادی بەخش بڕواتە پێشەوە. بەتایبەتی کەئەم مەسەلانە لەدەورەی پێشودا یەکێک لەئاستەنگیە زەقەکانی بزووتنەوەکە بوون. بەو ئومێدەی ئەم نامیلکەیە بەدەوری خۆی کۆمەک بکات لەلابردنی ئەو ئاستەنگیانە.

دەربارەی بەڵگەنامەی "پلاتفۆرمی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی ئێستای کوردستان" کەلەم نامیلکەیەدا هاتوە، پێویستە ئەو ڕونکردنەوەیە بدەم کە ئەم بەڵگەنامەیە لەلایە خەسرەو سایە و عوسمانی حاجی مارف و منەوە پێشنیار کرا بۆ پلنیۆمی هەشتی کۆمیتەی ناوەندی. کە لەوێدا بەچەند ئاڵوگۆڕێکی کەمەوە پەسەند کرا. لەڕوانگەی منەوە ئەم بەڵگەنامەیە دەکرێت وەکو بەرئەنجامی ئەو چەند ووتارەی پێش لەو نوسیومن، چاوی لێبکرێت. بۆیە بڵاوکردنەوەی لەم نامیلکەیەدا، وەکو ئانجامگیری و بەرنامەی کار لەو باسانە، دەتوانێ تەواوکەری ئەو باسانە بێت. هەروەها دەربارەی بەڵگەنامەی "١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان چیمان فێردەکات؟!" ئەم نامیلکەیەم بەبێ ئەم کۆبەندیە بەناکامڵ زانی. بۆیە پێویست بوو بە تایبەت وەکو ئەنجامگیریەک لەهەموو ئەو باسانەی کەلە کۆتایی جەنیوەریەوە تا کۆتایی ئەپریل، لەبارەی بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەری کوردستان و تا ڕادەیەکیش عێراقەوە کردومن، بخەمە سەر ئەم نامیلکەیە. هەروەها من پێم وایە ئەم بەڵگەنامەیە لەهەمان کاتدا کەهەڵسەنگاندنێکە هەم لە ٦٢ ڕۆژ تێکۆشان و هەم لە ئاستەنگیەکانی ئەو بزووتنەوەیە، هاوکاتیش دەتوانێ پێوانەیەک بێت بۆ ئەو بۆچون و لێکدانەوەو خەتە سیاسیەی من لە نوسراوەکانی ناو ئەم نامیلکەیەدا لەسەری ڕاوەستاوم. قەزاوەت لەسەر ئەمەش دەمێنێتەوە بۆ خوێنەر. لەڕووی حقوقیشەوە پێویستە بڵێم ئەوەی مافم پێدەدات ئەم بەڵگەنامەیە بخەمە سەر ئەم نامیلکەیە، ئەوەیە کە من نوسیومە و پێشنیارم کردوە بۆ مەکتەبی سیاسی، کەدوای زیاد کردنێکی کەم، پەسەندی کرد.

لەکۆتایشدا چەند ڕاگەیاندنێکی لایەنە سیاسیەکانم وەکو پاشکۆ داناوە. ئەوانەش بەڵگەنامەن و ڕوونی دەکەنەوە کەهەڵویستی لایەنەکان چۆن بوون لەسەرەتاوەو چۆن هەندێکیان دواتر ئاڵوگۆڕیان بەسەر هاتوە.

لەگەڵ سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕیان نوری بەشیرو خەسرەو سایە کە زەحمەتی زۆریان کێشا لەگەڵ ڕێکخستنی نامیلکەکەدا، هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێ شێرزاد فاتیح کەکۆمەکی کرد بەخەرجی لەچاپدانی ئەم نامیلکەیە..

**ڕێبوار ئەحمەد**

**ناوەڕاستی ئایاری ٢٠١١**

# کۆمەڵگای کوردستان چ جۆرە گۆڕانێکی پێویستە؟!

گەردەلولی هەڵپێچانی دەسەڵاتە ستەمکارو دیکتاتۆرە بۆرژوازیەکانی دنیای عەرەب، ترس و خۆفی خستوەتە دڵی هەموو هاوشێوەکانیانەوە. لە مەعمەر قەزافیەوە تا عەلی عەبدوڵا وئەسەد وئەوانی تر. کوردستانیش لەم چوارچێوەیە بەدەر نیە. چونکە لێکچونێکی زۆر لەنێوان ئەو وڵاتانەو کوردستان هەیە. ئەو ستەمکاریەی لەوێ پەتی تەحەمولی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی پچڕاندوە، لەکوردستانیش ئەو پەتەی بەئەندازەی تاڵە مویەک باریک کردوەتەوە. لەو وڵاتانە دەسەڵاتی دیکتاتۆری وسەرکوتگەرانە دەیان ساڵە خۆی قایم دەکات بەڵام لە کوردستاندا لەدوای ڕوخانی دەسەڵاتی فاشیستی بەعسەوە، دەسەڵاتی دیکتاتۆرە تازە وەسەرپێ کەوتوەکان، تازە خەریکە کۆڵەکەکانی خۆی قایم دەکاتەوە. ئەمەش فاکتەریکە بەقازانجی گەردەلولەکە. دەسەڵات لەکوردستاندا، دروست لەم یەکساڵەی ڕابردوودا زۆر بەخێرایی خەریکە بەم ئاقارەدا هەنگاو دەنێت. بەدیاریکراوی هێرشی هەمەلایەنە بۆ سەر ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین ورەخنەگرتن، یاسای سەرکوتکردنی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری، بەڕێخستنی سیناریۆی بەکاریزماکردنی ڕەمزەکانی دەسەڵات و نەرێتی کوردایەتی و عەشیرەتی ... ڕاستەوخۆ و بەتەکان، ڕوویان لە بەرپاکردنی مەملەکەتی دیکتاتۆرەکانە.

دوو دەیەیە کەکوردستان لەڕکێفی بەعس ڕزگاری بوە، بەڵام گرفتارە بەدەست ناسیونالیزم و بۆرژوازی کوردەوە. کارنامەی ئەم دوو دەیەی بۆرژوا –ناسیونالیسنی کورد، نیشانیداوە کە دەسەڵات وئامانج وبەرژەوەندی ناسیونالیزمی کورد، نەک هەر لەبنەڕەتەوە جیاوازە لەگەڵ دەسەڵات وئامانج وبەرژەوەندی جەماوەری ملیونی کرێکاران و کۆمەڵی زەحمەتکێشی کوردستان، بەڵکو بەتەواوی ناکۆک ودژ بەیەکن. ئەو قڵشتە چینایەتیەی ئێستا لەکوردستان هەیە، بەمانای لەلایەکەوە نوقم بوونی کەمایەتیەکی کەمی دەسەڵاتدار، لەسەرەوت وسامان وژیانی شاهانە، لەلایەکی تریشەوە نوقم بونی بەشی هەرە  زۆری کۆمەڵگا، لەهەژاری و نەداری و بێبەری بوون لە پێداویستیە سەرەتایەکانی ژیانی ڕۆژانە، وەکو ئاو کارەبا وخوراک ودەرمان، ئەم قڵشتە کۆمەڵایەتیە ئەگەر لەقڵشتی چینایەتی تونس ومیسر زیاتر نەبێت کەمتریش نیە. ئەو مەملەکەتی ستەمکاریەی لە کوردستان بەرپاکراوە،  لە تیرۆری نەیارانی دەسەڵات و بۆختانی پوچ هەڵبەستن بۆیان، تیرۆری بەڵێشاوی ژنان بەپاساوی ناموسپەرستی، لوشدانی ئاشکرای داهاتی کۆمەڵگا لەلایەن سەرانی ئەحزابی حاکمەوە، لەژێرپێنانی سەرەتایی ترین یاساو پێوانە ومافە مەدەنی و ئینسانیەکانی خەڵک لەلایەن میلیشیا ودام ودەزگای جاسوسی وسەرکوتگەری وەکو پاراستن و





شەپۆلی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بکات. بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەوەی ئیخوان موسلمین لە ڕۆژانی زۆر هەستیاری شۆڕشی میسرو پێداگری خەڵک لەسەر ڕۆیشتنی موبارەک، ئەوان کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم و دواتریش بە ڕوو زەردی گەڕانەوە ناو جەماوەر. لە ئێراندا وەکو مەنسور حکمت دەڵێت یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی خومەینی ئەوەبوو کە خۆی کرد بە نوێنەری لێبڕاوترین (نا) ووتن بۆ ڕژێمی شا. بە پێداگری لەسەر ئەو دروشمە سلبیە پێگەی ئەو ڕەوتە ئیسلامیەی لەو ڕۆژگارەی ساحەی سیاسی ئێراندا بێڕەقیب کرد. تازە جمهوری ئیسلامی لە ئێراندا نەک وەکو ئاکامی شۆڕش بەڵکو وەکو ئاکامی شکست و سەرکوتی شۆڕش توانی دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات. ئەو ڕژێمە بە درێژایی ٣ ساڵ و بە ئیعدام کردنی زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەس و کوشتارو ملهوڕی و خوێنڕێژیەکی لە رادەبەدەر، بە تایبەتی ئەو هێرشە وەحشیانەو پان وبەرینەی بە هێرشی ٣٠ی خوردادی ساڵی ١٣٦٠ بۆ سەر شۆڕش و دەسکەوتەکانی بە ناوبانگە، توانی شۆڕش سەرکوت بکات و دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات. ئەگەر ئیخوان موسلمینیش بتوانێ و توانای ئەوەی هەبیت سەرکوت و کوشتارێکی وا بکات، دەکرێت بڵێین بەو ئەنجامە بگات. بەڵام ئایا ئەو توانایەی هەیە؟! کە بە بڕوای من نیەتی و نابیێت. ئەو لێکدانەوەیەی پێی وابێت ئیسلام لە میسری ئێستادا دەتوانێ لە ڕێگای  پرۆسەی هەڵبژاردنەوە ئەو پێگەیە بە دەست بهێنێت کە ئیسلام لە ١٩٧٩ و دواتر لە ئێران بە دەستی هێنا، زۆر هەڵەیە. ئەمە سەرکوت و توانایيەکی کوشت و کوشتارو سەرکوتێکی بێسنوری دەوێت.

دەربارەی دەوری ئیسلام لە شۆرشی میسرو بەراوردکردنی لەگەڵ شۆرشی ١٩٧٩ی ئیران (ئولیویە روا)کە مامۆستایەکی فەرنسایی تئوری سیاسی و کۆمەڵایەتیە، ووتارێکی بە ناوی (ئەمە شۆڕشێکی ئیسلامی نیە) نوسیوەو لە بڵاوکراوەی (نیو ئستیتزمن) بە ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوەو تەرجومە کراوە بۆ زمانەکانی تر. لەوێدا لێکدانەویەکی کردوە کە بە دەر لەوەی من ناکۆکیم لەگەڵ دیدگاو تێروانینە فکریەکانی و لێکدانەوەکەی لەسەر شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران هەیە کە وەکو شۆڕشێکی ئیسلامی ناوی دەبات، بەڵام دەربارەی پێگەی ئیسلامی سیاسی لە ئێستای میسرو شۆڕشەکەیدا، کۆمەڵێک خاڵی جێگای سەرنجی تیایە. ئەو لە چەند بڕگەیەکی باسەکەیدا بەم جۆرە لەم بارەیەوە دەدوێ "زۆرێک لە لێکۆلەرەوە ئەوروپاییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم ڕووداوانە وەکو شۆڕشی ساڵی  ١٩٧٩ ئیسلامی ئێران چاوی لێدەکەن... بەڵام هەڵچون و ڕاپەڕینی خەڵکی تونس و میسر نیشانیدا، سەرباری ئەوەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی ئیسلام لە فراوانبوندایە، بەڵام لە ڕووی سیاسیەوە ئێستا ئیسلام لاوازترە لە رابردوو... گروپە ئیسلامیەکان لەم ڕووداوانەدا نەخشێکی ئەوتۆیان نیە بۆ نمونە ئیخوان مسلمین لە میسر لە دەخاڵەتێکی فەعال و ڕەسمی لەم ئاڵوگۆڕانەدا خۆی دەپارێزێت، بە سەرنجێک لە پێکهاتەی گروپەکان و جەماوەری بەشدار لەم ڕاپەرینە بە باشی دەتوانین  ببینین کە ئێمە لەگەڵ جیلێکی (پاش ئیسلام) بەرەوڕووین. بۆ ئەم جیلە ئیسلامی سیاسی مەسەلەیەکی پەیوەست بە رابردووە و مەسەلەی ئەسلی ئەوان نەک ئیلهام وەرگرتنی سیاسی لە دین بەڵکو خەباتە دژی دەوڵەتە فاسدو دکتاتۆرەکان... ئەمە بەو مانایە نیە کە هەموو خۆپیشاندەران سکولاربن بەڵام ئەوان ئەوەیان بۆ لەپێشترە کە لە فەزایەکی سکولاردا خەباتی سیاسی خۆیان بەرەوپێش بەرن و لە روانگەی ئەوانەوە ئیسلام ئایدۆلۆژیەک نیە کە بکرێت لەسەر بناغەی ئەو

ژێر فشاری کرێکاراندا کردی بە ٢ ساڵ. کرێکاران رازی نەبوون و لە هانگاوی دواتردا کرا بە ١ ساڵ وهێشتا کرێکاران پێی رازی نین. کرێ نزیکەی لەسەداسەد زیادکراوە بەڵام کرێکاران ڕازینین. چینی کرێکار خەریکە ڕوو لە ئاستێکی باڵاتری ڕیکخراو بوون دەکات و ڕۆشنتر بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆی دەناسێت. بە تایبەتی مەسەلەی رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاران هەم لە میسرو هەم لە تونس، بە گەرمی هاتوەتە پێشەوە. لە هەردوو وڵات کرێکاران داوای هەڵوەشانەوەی رێکخراوە دەوڵەتیەکان دەکەن و لە بەرامبەریدا یەکێتی خودی کرێکاران پێکهاتوون. لە هەردوو وڵات لەسەلەی پێویستی حیزبی کرێکاری بەرجەستەبوەتەوەو چوەتە دەستوری کارەوە. بەبڕوای من ئەمە دەتوانێ ڕەوتێکی ڕوو لە پێش بگرێتەبەر. بە تایبەتیش ئەگەر کۆمۆنیزمی پڕۆلیتەری بتوانێ لە نێو ئەو جوڵانەوەیەدا پێگەی خۆی پەیدا بکات، ئەوە شۆڕش پێش ئەوەی تەواو بێت دەتوانێ بە ئاکامێکی جیاواز لەوەی ئێستا دەبینرێت، بگات. شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران نمونەیەکی بەرچاوە لەم بارەیەوە. لەسەر زەمینەیەک کە ئەو شۆڕشە خولڤاندی و لە دڵی ئەودا، هەم بزووتنەوەی کرێکاری بە گشتی چووە قۆناغێکی باڵاترەوە، هەم بە تایبەتیش تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەنگاوێکی گەورەی مێژوویی بەرەوپێشەوە هەڵگرت. ئەمە لە میسرو لە تونس و لە هەر وڵاتێکی تردا کە لەم جۆرە شۆڕشانە بەرپا بێت، چاوەڕون کراوە.

**دەسەڵات لەکوردستان خەڵک بەوە دەترسێنن کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە خەڵکی ئەم وڵاتانەش وەکو خەڵکی ئێران لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ پەنجەی خۆیان بگەزن؟ دەڵێن لەم وڵاتانەدا ئیسلامیەکان هێزێکی بەرچاون لەگۆڕەپانی سیاسیدا وئەگەری ئەوە هەیە لەهەڵبژاردنی ئایندەی میسردا دەنگی بەرچاو بهێنن. ئەگەر ئیسلامییەکان لەدەسەڵات نزیک ببنەوە ئەوا ئازادی ئەخنکێنن. ڕای تۆ جێیە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:-** بەڵام دەربارەی دەورو نەخشی ئیسلامی سیاسی، من پێم وا نیە بە هۆی ئەم شۆڕشەوە کە لە میسر یان تونسدا ڕوویداوە، پێگەی ئیسلامیەکان بەهێزتربێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە، لام وایەو تا ئێستاش ئەوە بەدی دەکرێت کە پێگەی ئەوان ڕووی لە خوارە لە چاو هەلومەرجەکە نەک بە پێچەوانەوە. ناتوانم بڵێم ئەمە شتێکی حەتمیە کە ئەوان بەرەولاوازی دەرۆن، بەڵام دڵنیام لەوەی شۆڕش و هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە بە باری لاوازکردنی دەوری ئەواندا کاریگەری دەبێت. هەڵبەت ناکرێ بڵێین هیچ فاکتۆرێکی تر لە ئارادا نیە یان نایەتە ئاراوە کە ئەوان بتوانن خۆیانی پێ بەهێز بکەن. هەرچۆنێک بێت جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان پێگەی ئیسلام لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران و لە شۆڕشی ئێستای میسرو تونسدا. هەلومەرجە جیهانیەکەشیان زۆر جیاوازە. هەلبەت شۆڕشی ئێران لە شۆڕشی میسرو تونس قوڵتر و رادیکاڵتربوو، کە ڕژێمی پاشایەتی بە هەموو دام و دەزگاکانیەوە تێکڕوخان. دەوری چینی کرێکار تیایدا بەرجەستەتر بوو. لە کاتێکدا دەکرێ بڵێین شۆڕشی میسر و تونس تەنها قاوغی رژێمی بن عەلی و موبارەکی رووخاندوە بەڵام دەزگاکانیان ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێگەی ئیسلام لەو کاتەی ئێراندا جیاواز بووە لەگەڵ ئێستای میسر. لە پێشدا بەو هۆیەوە کە غەرب بە تایبەتی فەرەنسا دەورێکی زۆر کاریگەرو هەمەلایەنەی بینی بۆ ئەوەی ڕەوتی ئیسلامی سواری





زانیاری...... و.. وێنەیەکی ترن لەو ستەمکاریەی لەتونس و میسرو جەزائیرو لیبیا و ئەردەن و یەمەن وسوریاو.. بەرگەردەلول کەوتون. لەهەمان کاتدا ئەمانە کێشەو گرفتە قوڵەکانی کۆمەڵگای کوردستانن. هەر بۆیە ئەگەر کاریگەریەکی خرۆشانی جەماوەری لەمیسر وتونس، لەسەر کۆمەڵگای کوردستان هەبێت، زەمینە مادیەکەی ئەم واقعیەتیە.

بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێکە لەو هێزانەی لەئێستای کوردستاندا، نەک بەرامبەر بەو کێشانەی باسکران، بەڵکۆ بۆ خۆگەیاندن بەکورسی دەسەڵات، ئاڵای گۆڕانی بەرزکردوەتەوەو دەیەوێ ئاڵاکەی خۆی بخاتە بەردەم شنەبای ئەو گەردەولولە. ئەم بزووتنەوەیە لەو ڕۆژەوە کەپێی ناوەتە مەیدان، هەمیشە لەکەمیندا بوە بۆ ئەوەی فرسەت بقۆزێتەوە تاخۆی سوار شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک بکات. هەمیشە هەوڵیداوە توەڕەیی خەڵک لەدەسەڵاتی ستەمکارانەی ئەحزابی ناسیونالیست بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەمە بکاتە ڕێگاو کەرەسەی گۆڕانی جێگا مەبەستی خۆی. ئەمڕۆش ئەو گەردەلولی گۆڕانەی لەڕۆژئاوای دنیای عەرەبەوە هەڵیکردوەو چاوەڕوان دەکرێت، زوو یان درەنگ، نەسیمەکەی بەسەر عێراق وکوردستانیشدا بێت، وەکو فرسەتێکی تر چاو لێدەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی. بە تایبەتی ئەمە لەهەڵومەرجێکدا هاتوەتە پێشەوە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەکوردستان ناکام ماوەتەوە. دوا پەیامی ئەوان ئەوەبوو کە ئەگەر خەڵکی کوردستان دەنگیان پێبدەن وچەند نوێنەرێکی ئەوان بەرنە ناو پەرلەمانەوە، ئیتر ئەوان دەتوانن وەکو هێزێکی ئۆپۆزیسیون، گوشار لەسەر دەسەڵات توند بکەنەوەو بەو جۆرەی نەوشیروان مستەفا ووتی: "دەیگۆڕین". بەڵام وا ساڵ و نیوێک بەسەر بەشداری گۆڕان لەپەرلەمان و گێڕانی دەوری ئۆپۆویسیون تێدەپەڕێت، لەم ماوەیەدا بۆ جەماوەری خەڵک ڕۆشن بوەتەوە، کەبون و نەبونی نوێنەرانی گۆڕان لەپەرلەمان، بە هەموو هەراو هۆسەو پرتە وبۆڵەکانیانەوە، جیاوازیەکی نەبوەو بە ئەندازەی سەرە دەرزیەک ئاڵوگۆڕی لەژیانی واقعی خەڵکدا پێکنەهێناوە.

گرفتە گەورەو قوڵەکانی کۆمەڵگای کوردستان ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر وەکو ڕۆژی ڕووناک لە پێش چاوی جەماوەری ملیونی خەڵکی کوردستاندا خۆیان زەق کردوەتەوە. کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بەئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی هەیە لەسیستەمی سیاسی وئابوریدا، پێویستی بەئازادی هەیە، ئازادی لەسەرکوت و لەتیرۆر ولە ستەم وملهوری ولە پێشێلکردنی ماف وپێوانە مۆدێڕن و ئینسانیەکان. ئازادی ڕادەربڕین ورەخنەگرتن وهەڵسوڕانی سیاسی و حیزبی و جەماوەری، ئازادی بەیان، ئازادی لەڕکێفی کاریزماو موقەدەساتی قەومی ودینی، ئازادی لەدەسەڵات ویاسا ونەرێتی دواکەوتوانەی دین ومزگەوت وعەشیرەت و ئاسمان. کە ئێستا سەرتاپای ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیان لە ژێر گوشاری توند داناوە.

کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بەسیستەمێکی ئابوری ئەوتۆ هەیە، کەبواری کارو داهێنان بەڕووی ملیونەها ئامادە بەکاری ئەم کۆمەڵگایەدا بکاتەوە، بۆ ئەوەی بەداهێنانی خۆیان هەرچی پێداویستی ژیانێکی خوش و بەختەوەر هەیە دابین بکەن. پێویستی بەسیستەمێک هەیە کەڕێگا بگرێت لەوەی جەماوەری ملیونی هەڵسوڕین ورەنج بدەن بەڵام خۆیان برسی وبێدەرەتان بمێننەوە، لەولاشەوە کەمایەتیەک کەدەست لەسارد و گەرم نەدەن، بەڵام سەروەت بەسەریاندا

بباریت. ئەم کۆمەڵگایە پێویستی بەسیستەمێکە کەچارەسەری هەژاری ونەبونی بکات، پێویستی بەسیستەمێکە کەژیانێکی تەسەل، تەندروستیەکی هەمەلایەنە، پێداویستیەکانی ڕۆژانە لەئاستی مۆدێرنی هاوچەرخدا، فریاکەوتنێک بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەل، ... مسۆگەر بکات.

ئەم گۆڕانەی کەپێویستە لەکۆمەڵگای کوردستان ڕووبدات، هیچ لێکچونێکی نیە لەگەڵ ئەو گۆڕانەی بزووتنەوەی گۆڕان بانگیشەی بۆ دەکات. ئەو بەرنامەیەی کەگۆڕان ڕایگەیاندوە، دورو نزیک پەیوەندی بەو ئاڵوگۆڕە پێویستەوە نیە کەدەبێ لەکوردستاندا پێکبێت. ئەو گۆڕانەی بزووتنەوەی گۆڕان بانگیشەی بۆ دەکات وبەرنامەی بۆ ڕاگەیاندوە، تەنها گۆڕانی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیە بەدەسەڵاتی بزووتنەوەی گۆڕان، بەهیچ جۆریک ئازادی بۆ خەڵک بەو مانایەی سەرەوە لەبەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕاندا جێگای نابێتەوە وبەڵکو ناکۆکی قوڵیان لەگەڵ یەک هەیە. بزووتنەوەی گۆڕان وەکو باڵێکی بۆرژوا–ناسیونالیستی کورد، خۆیشی هەر وەکو پارتی و یەکێتی، بەتوندی دەستی بەو دابو نەریت وفەرهەنگ وسیستەمە سیاسیە بیروکراتیک وسەرو خەڵکیەوە گرتوە کەئێستا خەڵک بەدەستیەوە گرفتارە. لەبەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕاندا، ژنان هەر هاولاتی پلە دوەم وکۆیلەی ماڵو گرفتاری پیاوسالارین، دەست وپێی ئازادی بەجۆرەها قەیدو بەند شەتەک دراوە، لاوان کۆیلەی دواکەوتویی ونەریتە داڕزیوەکانی ئیسلام وناسیونالیزمن، لە بەرنامەی گۆڕاندا، کرێکاران هەر کۆیلەی بەکرێن، بەم پێیەش هەژاری و بێدەرەتانی و دابەشبونی کۆمەڵگا بۆ کەمایەتیەکی سەروەتمەندو زۆرایەتیەکی بێبەش، باسێک لەچارەسەر کردنی نیە بەڵکو تەنانەت وەکو گرفێتک چاوی لێنەکراوەو بەدەست لێنەدراوی دەمێنێتەوە.

جیاواز لەبەرنامەی تازە ڕاگەیەنراوی بزووتنەوەی گۆڕان، تاقی کردنەوەکانی پێشوو، بێگانەیی ئەم هێزو بەدیلەیان بەئاوات وئامانج وئاڵوگۆڕ لەبەرژەوەندی چەوساوەکانی کۆمەڵگای کوردستان نیشانداوە. لەبە ناو هەڵبژاردنی پێشوی کوردستاندا، ئەوان گفتیان بەخەڵکدا کەئەگەر دەنگیان پێبدەن وبیانێرنە پەرلەمان، ژیانیان دەگۆڕن. بەڵام یەکساڵ ونیوی ڕابردو نیشانیدا ئەوە پڕوپاگەندەیەکی چەواشەکارانە بوو. لەخرۆشانی جەماوەری خەڵکی کوردستان دژی تیرۆری سەردەشت عوسمان، بزووتنەوەی گۆڕان سەرەتا هەرایەکی گەورەی بەرپاکرد، بەڵام دواتر ئاشکرابوو کە بزوتنەوەی گۆڕان، ئەو خرۆشانەی خەڵکی قۆستەوە بۆ گەیشتن بەمەرامەکانی خۆی. دوای ئەوەی پارتی گفتی پێدا کەمەرام و مەبەستەکانی خودی بزووتنەوەی گۆڕان جێبجێ بکات، ئیتر بزووتنەوەی گۆڕان هەم پشتی لەو خرۆشانە کردو هەم لەهەنگاوی دواتردا کە سیناریۆی تۆمەتی تیرۆریستی بۆ سەردەشت عوسمان هەڵبەسترا، هیچ کاردانەوەو تەنانەت هەڵوێستێکی لەخۆی نیشان نەدا. بزوتنەوەی گۆڕان ڕۆژێک خەریکی سازش وسات وسەودایە لەگەڵ پارتی ویەکێتی، ڕۆژێک هاوپەیمانی دەستەو تاقمە ئیسلامیە تیرۆریست و کۆنەپەرستەکان و دەست بەدامێنی مزگەوت ومەلایە، ڕۆژێکی تریش دەیەوێ کەڵک لەتوڕەیی خەڵک ومەیلی خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕ وەرگرێت.

هیچ شتێک لەوە بەڵگە نەویست تر نیە، کەکۆمەڵگای کوردستان پێویستی بەئاڵوگۆڕ هەیە، هیچ شتێک لەوە بەڵگە نەویست تر نیە کەتوانای شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان دەبێ بەنەسیمی





جیاوازی قوڵ و ڕیشەیی هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە ڕووداوانەی کە لەسەرەوە یان بە کاریگەری هێزی دەرەکی ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵات و سیستەمی سیاسی دروست دەکەن. ئەو جەماوەری کە پێی نایە مەیدانەوە و توانی دەسەڵاتێکی ستەمکارو سەرکوتگەری وەکو موبارەک بڕوخێنێت، تازە بە ئاسانی ناچێتەوە لە ماڵ دانیشێت و چاوەڕوان بمێنێت بزانێ بۆ نمونە ئەحمەد شەفیق چۆن سیستەم و ژیانی ئایندەی ئەوان دیاری دەکات. بۆیە بە دوو هەفتە ئەویشیان هێنایە خوارەوە. تەنانەت سەرانی سوپاش هەرچەندە بە کردەوە دەسەڵاتیان لە دەست گرتوە، بەڵام ئەگەر لەم هەلومەرجەی ئێستادا، لە بەڕەکەی خۆیان زیاتر پێ درێژبکەن، دەکەونە بەردەم هەڕەشەی جەماوەرو دەکرێ ڕەوتی شۆڕشەکە بۆلای موبارەکیان بەرێبکات. هێشتا ئالوگۆڕی تر لە پێشەو ڕەوتی شۆڕش دەکرێ بەردەوام بێت و بە ئاکامی تر بگات.

یەکێک لە خەسڵەتەکانی شۆڕش ئەوەیە کە پرۆسیسێکە کە درێژە و بەردەوامی هەیە. ئەوەی لە تئۆری مارکسیستیدا پێی دەوترێت "شۆڕشی بەدەوام". ئەم پرۆسیسە دەکرێت بەردەوام بێت. دەکرێت هەنگاو بە هەنگاو زۆر لەوەی ئێستا زیاتر بڕواتە پێشەوە. هەر لە سەرەتای بەڕێکەوتنی ئەم شۆڕشە جەماوەریەوە، هەوڵ و کۆششی کرێکاران و جەماورەی چەوساوە بەڕکەوتوە بۆ پێکهێنانی پێداویستیەکانی بەردەوام بوونی رەوتی شۆڕش. بۆیە هێشتا دەتوانین ئومێدەواربین بە دەسکەوت و چونە پێشی زیاتر. هەڵبەت ئەمە حەتمی نیە، مەترسی ئەوەش زۆرە کە بورژوازی ئەو وولاتانە، بتوانێ ڕەوتی چونە پێشی زیاتری شۆڕش رابگرێت و تەنانەت پاشەکشەی پێبکات. بەڵام ئەمە کێشمەکێشێکی چینایەتیە، ئەنجام و چۆنیەتی چونەپێشی ئەم کێشمەکێشي دەیبڕێتەوە. لە جەرگەی شۆڕش و هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەشدا، ئامادەییەکانی چینی کرێکارو جەماوەری ستەمدیدە زۆر خێراتر دەچێتە سەر. خەباتی چینایەتی خێراتر پەرەدەگرێت. تازە خەباتی چینایەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی موبارەکەوە بەرجەستەتر و شەفافتر و پان و بەرینتر بووەتەوەو و برەوی زیاتری پەیدا کردوە. حسام الحملاوی کە ڕابەرێکی کرێکاری سۆسیالیستە، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ بەسام حەداد دوای ڕۆیشتنی موبارەک دەڵێ" شەڕ تەواو نەبوە، نەبەردی یەکەمی شۆڕش بە وەلانانی موبارەک لە دەسەڵات تەواو بوو، بەڵام شۆڕش تەکمیل نەبووە، ئێمە تازە دەڵێین پێمان ناوەتە ناو قۆناغی شۆڕشەوە".

پێشتر جگە لە فاکتۆری سەرکوت، لەسەرکاربونی ڕژێمێکی سەرکوتگەری نەفرەت لێکراو لای جەماوەر، بە ئاسانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵک لە ژێر یەک ئاڵاو یەک بزووتنەوەی سەرنگونیدا کۆبکاتەوەو زەمینەش خۆش کات بۆ باڵادەستی ئاسۆ بۆرژوازیەکان بەسەریدا. بە تایبەتی لە غیابی ڕیزی سەربەخۆی چینی کرێکاردا. بەڵام هەر دوای ئەم یەکەمین هەنگاوە هاوبەشە، یەکسەر بەرژەوەندیە چینایەتیە جیاوازەکان دەردەکەون و بزووتنەوە جیاوازەکان بۆ ئامانجە جیاوازەکان دێنەمەیدانەوە. بە دیاریکراوی ئێستا لە میسرو تونسدا بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری خواستە چینایەتیەکانی لە نەشونمادایە. هاوسەنگی بە قازانجی بزووتنەوەی کرێکاری گۆڕانی تیا پێکهاتووەو ئاستی خواستەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێس و ئازادیخواز چوەتە سەرو تەنانەت دەسکەوتیان بەدەست هێناوە. لەوانە لە مەسەلەی گرێبەستةاکانی نێوان کرێکارو خاوەنکار. پێشتر ماوەی گرێبەستە کاتیەکان بۆ ئەوەی ببن بە دائمی ٣ ساڵ بوو. وەزیری کاری کابینەی ئەحمەد نەزیف هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە لە

داخوازیەكی سادە دەستگیرو شكەنجەو تەنانەت ئیعدام دەكرێت، هاوڵاتیان لەسەر بۆچون و هەڵسوڕانی سیاسی مەحكوم بە مەرگ دەكرێن، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی موبارەكەوە تا ئێستا هیچ هێزێك ناتوانێ بەری هیچ هەڵسوڕانێكی سیاسی بگرێت. لەگەڵ ناڕەزایەتیە كرێكاریەكان و خواستەكانیاندا دەست و دڵیان فراوان بووە. ئەمە زۆر دەسكەوتێكی گەورەیە. ئازادی سیاسی هەوێنی سەرەكی ئاڵوگۆڕە لە بوارەكانی دیكەی ژیانی كۆمەڵایەتیدا. چینی كرێكارو جەماوەری ستەمكێش ئەگەر ئازادی سیاسیان هەبێت، ئاگەر بواری خۆڕێكخستنیان هەبێت، بەرامبەر زوڵم و زۆری ئابوری و كۆمەڵایەتی ودواكەوتویی، دەست لەئەژنۆ دانانیشین. ئەگەر تەنها ئەم ئازادیە درێژە بكێشێ، لە سایەیدا خەباتی چینایەتی وئازادیخوزانە لەهەر مانگێكدا بە ئەندازەی چەند ساڵی دەورانی ئیستبداد گەشە دەكات. لە سایەی فەزایەكی ئازادی وەهادا دەتوانێ ڕەوتی شۆڕش بەرەو پێشتر بڕواو دەسكەوتی گەورەتر بەدەست بهێنێت.

دەسكەوتێكی تری گەورەی خەڵك گێڕانەوەی ئیرادەو ئیختیارو حورمەتی ئینسانیانە بۆ خۆیان. لە كۆمەڵگایەكی وەكو میسردا حورمەتی بەشەر تا خوارترین ئاست هێنرابووەوە خوارەوە. پۆلیس بە شێوەی عادی بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی بە خەڵك بڵێت بە ڕیز ڕاوەستن، داری دەكێشا بەسەر خەڵكدا و شەقی تێهەڵدەدان. دەزگا دەوڵەتیەكان هیچ مامەڵەیەكی دوور لە سوكایەتیان لەگەڵ هاوڵاتیان نەبوو. جەماوەری خەڵك خۆیان وەكو كۆیلەكانی سەردەمی كۆیلایەتی دەبینیەوە كەهیچ هێزو ئیرادەو ئیختیارێكیان نەبوو. ئەو ئیرادەو حورمەت و غرورەی ئێستا لەخەڵكی ئەو وڵاتانەدا دەبینرێت بنەمایە بۆ ئەوەی لە هەنگاوەكانی داهاتوودا چارەنوسێكی تری بۆ خۆیان پێدروست بكەن. ئەمڕۆ دەبینین لە ئاكامی ئەو شۆڕشەدا، ئەو خەڵكەی كە پێشتر وا بێئیرادە كرابوون، بوونە بە سەرچاوەی ئیرادە بەخشین و ئومێد دان بە خەڵكی هەموو دنیا. ئەمە جگە لەوەی كە لە دەستورەوە تا هەموو قانونەكانی ئەو وڵاتە لەبەردەم گۆڕاندایە بەو بارەدا كە خەڵك پێداگری لەسەر بكەن و بەرچاویان لە ئاستیدا ڕۆشن بێت. تازە لەو وڵاتانەدا مەلەفی جۆرێك لە دەسەڵاتی بنەماڵەیی و بۆماوەو فەردی، داخراوەو خەڵك لێی ڕزگاربوون. تەنانەت لە هەموو ناوچەكەدا بواری بەڕووی دەسەڵاتی بۆماوەییدا تەنگ كردووەتەوە. هەر ئیستا تاڵەبانی و بارزانی، كە ساڵەهایە بەرنامەی ئەوەیان هەیە نەوەكانیان بۆ جێگرتنەوەی خۆیان ئامادە بكەن و دەسەڵات لە نێو نەوەكانیاندا دەستاودەست بكات، دوای شۆڕشی تونس و میسر، ئەگەر دەستیان لەوە نەشۆریبێت، لانی كەم دڵنیام لەو بارەیەوە دڵەڕاوكەی زۆریان بۆ دروست بووە. جگە لەوانە دەسكەوتی تری خەڵكی میسروتونس ئەوەیە كەبە دادگایی كێشانی ڕەمزەكانی دەسەڵاتی ستەمكارو گەندەڵیەكانی ڕابردوو، بواری ئەو ستەمكاری و گەندەڵیە لە دەسەڵاتی ئایندە زۆر تەنگ دەكەوە. هەر تاوەكو ئێستاش كە هێشتا ئەو شۆڕشانە بە كۆتایی خۆیان نەگەیشتوون و دەكرێ بڵێین لە نیوەی یان هەتا سەرەتای ڕێگادان، گومان لەوە نیە كە ئاڵوگۆڕ لە ئاستی گوزەرانی كرێكاران و دەست تەنگاندا، لەڕووی ئابوری و كۆمەڵایەتیەوە پێكدەهێنن. ئاڵوگۆڕ لە بواری سیاسیدا دەتوانێ گۆڕانكاری لە بواری ئابوری و كۆمەڵایەتیشدا بەدوای خۆیدا بهێنێت.

بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە كە هێشتا زووە بۆ ئەوەی قەزاوەت لەسەر هەموو دەسكەوتەكانی شۆڕشی میسر بكرێت. ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە ڕێگای شۆڕشەوە بە مانا گشیەكەی، زۆر





ئەو گەردەلولە ببوژێتەوە كەلە تونس ومیسر و وڵاتانی تری عەرەبیەوە هەڵیكردوە. دەبێ ئەو دیكتاتۆرانەی تازە لەكوردستان كەوتونەتە سەرپێ، هەر وەكو مەعمەر قەزافی كۆنە دیكتاتۆر، لە ترسی هاتنەمەیدانی خەڵك خەو نەچێتە چاویان. بەڵام بەهەمان ئەو ئەندازەیەی ئەم ئاڵوگۆڕە پێویستە، خۆ جیاكردنەوە لەپیلان و بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان وبزووتنەوە كۆنەپەرستەكانی تر پێویست وحەیاتیە. ئەوان دەیانەوێ خەبات و تێكۆشانی خەڵكی ستەمدیدە بۆ جێگایەك بەرن كەپێچەوانەی بەرژەوەندی خۆیانە. ئێمە نیزكەی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر كاتێك بەخەڵكی كوردستانمان دەگوت سیستەمی پەرلەمانی، سیستەمی دەسەڵاتدارێتی خەڵك ونوێنەرایەتی واقعی خەڵك نیە وزامنی ئازادی نیە، ئەگەر ئەوكات خەڵكی كوردستان بەحوكمی نەبونی تەجروبە لەم بارەیەوە، بەهەر ئەندازە حەقیان بووبێ ئاسان بەو بۆچونەی ئێمە باوەڕ نەكەن، بەڵام ئەمڕۆ دوای تەجروبەیەكی تاڵ ودرێژ لەگەڵ ئەم سیستەمە، بەو جۆرەی لەعێراق و كوردستاندا زەمینەی پیادەكردنی هەیە. نابێت هیچ گومان و خۆشباوەڕیەك لەوەدا مابێتەوە كە سیستەمی پەرلەمانی شتێك نیە، جگەلە شێوەیەك لەشێوەكانی بیروكراتیكی سەرو خەڵكی بورژوازی. ئەو پەرلەمانەی كەتازە بزووتنەوەی گۆڕان دەیكاتە مژدەدری "دەیگۆڕین" وڕزگاری خەڵك لەزوڵم وستەم، شتێك نیە جگەلە ناردنی نوێنەرانی ئەحزاب و بزووتنەوە بورژوازیە دەست ڕۆیشتوەكان، بۆ ئەوەی بڕۆن لەهۆڵی پەرلەماندا بەچاوی خەواڵو بەناوی نوێنەرانی خەڵكەوە، دەستی بەلێ وتن بۆ سیاسەت وبڕیارەكانی دەسەڵاتی ستەمكاران ودیكتاتۆرەكان هەڵبێنن و هوتافی بۆ بكێشن. بەناوی نوێنەرانی خەڵكەوە پەنجەمۆر بۆ داپڵۆسینی خۆپێشاندانی خەڵك و خنكاندنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵك وپاساو هێنانەوە بۆ نەبونی سەرەتایترین خزمەتگوزاریەكان و ... هتد بكەن.

ئەم ڕەوتی ئاڵوگۆڕەی لەناوچەكە دەستی پێكردوە، هەرلە بنەڕەتەوە جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو گۆڕانە هەیە كەبزووتنەوەی گۆڕان مەبەستیەتی. ئەمە هاتنەمەیدانی جەماوەری كرێكارو زەحمەتكێش و بەگەڕكەوتنی ئیرادەی ئەوانە، ئەگەرلە كوردستانیش بجوڵێت و بەگەڕ بكەویت، نەمیلیشیای یەكێتی وپارتی ونە دەزگای زانیاری وپاراستن ناتوانن لەئاستیدا خۆیان ڕاگرن. بەڵام مەسەلەی زۆر گرنگ وحەیاتی وچارەنوس ساز ئەوەیە كەهاوشان لەگەڵ ئەم ڕەوتی گۆڕانە لەگەل ئەوەی كەدەبێ خەڵكی كرێكارو زەحمەتكێشی كوردستان بەخۆ بكەون، پێویستە بەئاڵایەكی سەربەخۆ لەناسیونالیزم وبزووتنەوەی گۆڕان وبەدیلی كۆنەپەرستی ئیسلامی، لەدەوری بەرنامەی ڕۆشن وجیاوازی خۆیان، لەپێناو داهاتویەكی ڕوناكی پێناسەكراو بەهەموو لایەنەكانیەوە، بێنە مەیدانەوە. دەبێ زۆر بەوردی لایان ڕوون بێت كەچیان دەوێ وچۆن بەخەبات وقوربانیدانی خۆیان ژیانی واقعی خۆیان بەرەو باشتر دەگۆڕن؟ نابێ ئەم فرسەتە لەدەست بدرێت. بەڵام مەرجیكی هەرە سەرەكی لە دەست نەدانی ئەم فرسەتە، ئەوەیە وەكو بزووتنەوەیەكی سەربەخۆ بۆ ئامانجی سەربەخۆ بەسیاسەت وتاكیتكی سەربەخۆوە بەڕێكەوێت وتا كۆتایی ڕێگا هەر بەو جۆرە بڕواتە پێش.

بەرنامەی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بەقازانجی جەماوەری كرێكارو ستەمدیدەی كوردستان، دەبێ

ڕووی لەوە بێت سیستەمێکی سیاسی ئازادو پێشکەتوانەی پشت بەستو بەئیرادەی ڕاستەوخۆو بەردەوامی خەڵک بەرپا بکات. نەک وەکو سیستەمی پەرلەمانی ٤ ساڵ جارێک پەنجە مۆری خەڵک بدەن بەتاقێمک بۆ ئەوەی برۆن بڕیار لەدژی بەرژەوەندی خەڵک مۆر بکەن، بەڵکو سیستەمێک بێت کەهەمیشەو بەردەوام، لەژێر چاودێری و ئیرادەی خەڵکدا بێت. هەرکات پێیان خوار داناو پێچەوانەی بەرژەوەندی خەڵک جوڵانەوە، خەڵک بتوانن لەنوێنەرایەتیان بخەن و کەسی دیکە لەجێگایان دابنێن. سیستەمی شورایی بەباشترین شێوە دەتوانێ ئەم ئیرادە ڕاستەوخۆ و بەردەوامەی خەڵک مسۆگەر بکات.

سیستەمێکی سیاسی بەم جۆرە دەبێ دەستبەجێ ڕابگەیەنێت کەلە کوردستاندا، ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی، ئازادی ڕادەربڕین ورەخنەگرتن وهەڵسوڕانی سیاسی وحیزب دروستکردن بەرقەرارە. دین لەدەوڵەت جیایە، دین کاری تایبەتی هەرکەسێکە، هەرکەس دەتوانێ هەر دینێکی هەبێت یان هیچ دینێکی نەبێت، دەخالەتی دین لەدەوڵەت ولە پەروەردەو خوێندن قەدەغەیە. ژنان وپیاوان لەهەموو مافێکدا یەکسانن، هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەدەر لەزمانی قسەکردن و بیروباوەڕو ... یەکسانن وهەر جۆرە هەڵاواردنێک قەدەغەیە. گەندەڵی وتاڵان و برۆی ئەم ٢٠ ساڵەی پێشوو لێکۆڵینەوەو دادگایی بۆ دەکرێت وداهاتی بەتاڵان کەڵەکە کراوی حیزبە دەسەڵاتدارەکان وسەرانیان دەستی بەسەردا دەگیرێ و دەخرێتە سەر بودجەی وڵات، میلیشیاکان هەر ناوکیان هەیە هەڵدەوەشێنەوەو هێزی چەکدار بەدەست شوارکانەوە، ئەمنیەتی کۆمەڵگا لە هەموو مەترسیەک دابین دەکەن، کاری گونجاو یان بێمەی بێکاری پێویست بۆ ژیانێکی تەسەل بۆ هەموو ئامادە بەکارێک دابین دەکرێت، پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک وەکو ئاوو کارەبا و دکتۆرو دەرمان و خوێندن و.... بە پێوانیەکی مۆدێرن و بەخۆڕایی بۆ هەموو هاوڵاتیان دابین دەکرێت، هەروەها چارەنوسی ئەم کۆمەڵگایە بۆ یەکجاری لەدڵەڕاوکێی نێوان ڕێگاچارەی کۆنەپەرستانەی فیدراڵیزم و هەڕەشەی هەر ڕۆژەی داروەدەستەتە ناسیونالیستە عەرەبیەکان و مەترسی پێکدادانی قەومی، ڕزگار دەکات وبە بەرپاکردنی ڕیفرادۆمێکی ئازاد وگشتی، بڕیار لە سەر چارەنوسی ئەم کۆمەڵگایە بەجیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان مانەوە لەگەڵ عێراق، دەسپێرێت بەڕاو ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک.

کاتی قۆڵ هەڵماڵین بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەیە پێگەیشتوە. کاتی دەستکۆتا کردنی حیزبە ناسیونالیستە میلیشیایی وعەشیرەتیە تاڵانچیەکان، پێگەیشتوە. هەروەها کاتی تێپەڕاندنی یەکجاری بەرنامەو فرۆفیشاڵی فریوکارانەی بزووتنەوەی گۆڕانی ناسیونالیستی ئاوێزان لەگەڵ کۆنەپەرستی ئیسلامیش پێگەیشتوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حیزبی ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتی وشۆڕشگێڕانەیەیە وهەر لەم پێناوەشدا دروستبووە. جەماوەری کرێکاران وستەمکێشانی کوردستان بەڕاوەستان لەدەوری بەرنامەی کۆمۆنیستی ولە پشتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە دەتوانن هەلومەرج بە قازانجی خۆیان بگۆڕن.

٣١ی کانونی دووەم ٢٠١١





# دەرسەکانی شۆڕشی میسر

## گفتو گۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

**پرسیار/ میدیاکانی دەسەڵاتی کوردی زۆرجار ئەم پرسیارە دەوروژێنن: "بۆچی خەڵکی کوردستان دەبێت شوێنپێی خەڵکی تونسو میسر هەڵبگرێت؟ ئەوان چییان بەدەست هێنا؟ ئایا دەکرێ بڵێین خەڵکی ئەم وڵاتانە بەئامانجی خۆیان گەیشتن؟" دەسەڵات لە کوردستان بەهەمان شێوەی میسر خەڵکی کوردستان بە مەترسی بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامیەکان دەترسێنن. ئەوان دەڵێن ئەگەری ئەوە لەئارادایە خەڵکی ئەم وڵاتانەش بکەونە ژێر رکێفی ئیسلامیەکانەوەو وەکو خەڵکی ئێران لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ پەنجەی خۆیان بگەزن؟ دەڵێن لەم وڵاتانەدا ئیسلامیەکان هێزێکی بەرچاون لە گۆڕەپانی سیاسیداو پێشبینی دەکرێت کە ئیخوان موسلمین لە میسردا دەنگی بەرچاو بهێنێت لە هەڵبژاردنی ئایندەدا. هەروەها دەڵێن شۆڕشی ئەم وڵاتانە جگە لە بێکاری زیاترو گرانیو دارمانی ئابووریو خراپتربوونی گوزەرانی خەڵکی تائێستا شتێکی دیکەی بەدیاری نەهێناوە، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانیشدا ئیسلامیەکان لە دەسەڵات نزیکببنەوە ئەوا ئازادی ئەخنکێنن. ڕای تۆ چییە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد/** تا پێش ١٧ی شوبات میدیاکانی دەسەڵات بە بەردەوامی دەیانگوت "هەلومەرجی کوردستان وەکو میسرو تونس نیە، لێرە دەسەڵاتی دیموکراسی وهەڵبژێردراو لەسەر کارەو هەلومەرجی ژیان باشترەو باشتریش دەبێت..و... بۆیە ئەوەی لەو جێگایانە ڕوویداوە لەکوردستان ڕوو نادات" ودرێژ دادڕی لەم بابەتەیان دەکرد. ئەوکات کەئەو جۆرە پڕوپاگاندانەیان بەرپا کردبوو، لەبەر ئەوە بوو کە دەیانزانی دەسەڵاتی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتەکەی بن علی و **موبارەك** لە ڕووی گەندەڵی و ملهوڕی وستەمکاریەوە زۆر لەیەک دەچن، بۆیە ترسی ئەوەیان هەبوو خەڵکی کوردستانیش هەر وەکو خەڵکی میسر وتونس بکەن. ئیستا کە زیاتر لە دوو مانگە هاتنەمەیدانی جەماوەری ستەمدیدە ئەو پروپاگەندانەیانی کرد بە خەون و خەیاڵ، ئینجا دەیانەوێ بەدانی تێڕوانینی پێچەوانە لەسەر شۆڕشی تونس و میسر، خۆڵ بکەنە چاوی جەماورێک کە بۆ بەرگری لەمافە سەرەتایەکانی خۆیان وبەرامبەر بە دەسەڵاتی گەندەڵی ئەوان هاتوەتە مەیدانەوە. من لەوەڵامدا دەڵێم خەڵکی تونس و میسر تا ئێستا دەسکەوتی زۆریان بەدەست هێناوە، دەسکەوتی ئەوتۆ ڕەنگە بکرێت بڵێین لە مێژووی ڕابردوی ئەو کۆمەڵگایانەدا وێنەی نەبووە. لەپێشدا ئەو ئازادیە سیاسیەی کەهاتوەتە کایەوە ونزیکە لەوەی بکرێت پێی بڵێین بێقەیدو شەرت. مێژوویەکی درێژە لەو وڵاتانەدا کرێکار لەسەر مانگرتن و بەرزکردنەوەی

بەرامبەر سازش و سات و سەودای ئۆپۆزیسیونی بورژوازی، بەرامبەر موغامەرەو یاریکردن بە چارەنووسی بزووتنەوەکەو شێوازو تاکتیکە نادروست و نەشیاوەکان راوەستا. هەرکەس و هەر هەڵسوراوێک ئەمانە بە دروست و بە کاری خۆی و بە پێداویستیەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەکە دەزانێ و تا ئێستا لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا نیە، دەبێ لە خۆی بپرسێت بۆچی لەگەڵ ئەم حیزبە نەبووە؟!. ئایا ئەوە روون و ئاشکرا نیە کە بەبێ حیزبی سیاسی بەهێزو کۆمۆنیستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ریشەیی و بەسەرکەوتنی گەیشتن، بە مانای واقعی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی، ئیمکانی نیە؟! لە جەرگەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەهێزوتواناتر بوایە، دەکرا رێگری لەو پاشەکشەیەش بکات. لێرە بەدواش ئەگەر ئەم حیزبە بەهێزوتواناتر بێت دەتوانێ زامنی سەرکەوتن بێت. کەوایە پێویست بوو هەموو هەڵسوراوانی کرێکاری و کۆمۆنیست و چەپ و جەماوەری کرێکاران و لاوانی دڵپڕ لە هیواو ژنانی ستەمدیدەو خەڵکی ئازادیخواز، بە هەموو تواناوە ئەم حیزبەیان بەهێزکردایە و بەم جۆرەش سەرکەوتنی بزووتنەوەکەیان مسۆگەر بکردایە. ئێستاش هەر دەبێ ئەوکارە بکەن. بەریزی فراوان بەم حیزبەوە پەیوەست بن، لە کارگەو گەڕەک و خوێندنگاو فەرمانگاو هەموو جێگایەک راستەوخۆ کۆمیتە کۆمۆنیستیەکانی سەر بەم حیزبە دروست بکەن. ووێنەی بچوکراوەتری حیزب لە ئاستی هەر ناوەندێکدا بەرپا بکەن و بۆ راپەڕاندنی سیاسەت و کارەکانی حیزب و سازدانی جەماوەر لە دەوری پلاتفۆرمەکەی، لەگەل حیزب دەستبەرکاربن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەموو کۆمۆنیستەکان و رابەران و هەڵسوراوانی کرێکاری و ئازادیخوازان بۆ پەیوەست بوون بە ریزەکانی و بیناکردنی حیزبێکی سیاسی بەهێزی دەخاڵەتگەرو رابەرو سازدەر، بانگەواز دەکات.

**مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
سەرەتای ئایاری ٢٠١١





# هاواری خەڵک و پەیامی دەسەڵات و حیزبەکانی گوێڕایەڵ

دوێنێ دەسەڵات وحیزبەکانی گوێڕایەڵ کۆبونەوەو ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دژی مەیلی خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕ ڕاگەیاندوە. هەڕەشەکانی دەسەڵاتی ستەمکار وگەورە مشەخۆرەکان، بەئیمزای ئەم حیزبانەشەوە، بەڕواڵەت ڕووی لەبزووتنەوەی گۆڕانە، بەڵام دەبێ هەموو خەڵکی تورەو بە دەنگهاتوی کوردستان گوێیان لێبێت. هەردوو حیزبی میلیشیایی کەزۆر بەپەلە خەریکی سەقامگیر کردنی دەسەڵاتی سەرکوتگەر وتاشینی پەیکەری ڕەمزەکانی دیکتاتۆرین، هەڕەشەی ئەوە دەکەن کەهەرکەس بیر لەگۆڕینی دەسەڵاتی ئەوان بکاتەوە، "تێکیدەشکێنین". ئەمە لە ڕاستیدا هۆشداریەکی زۆر گەورەو ئاشکرایە بۆ خەڵکی کوردستان. هۆشداری ئەوەی کە ئەگەر خەڵک بیرێک لە چارەنوسی خۆی نەکاتەوە، ئەوە ئەوان ئیرادەی خەڵک تێکدەهاڕن.

مەسعود بارزانی و هەموو سەرانی دەسەڵات، چونکە دەزانن هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردستان و جێگاوڕێگاو ماهیەتی دەسەڵاتی خۆیان وباری ژیان وگوزەرانی جەماوەری کرێکاران وستەمدیدەی ئەم کۆمەڵگایە، زۆر لەتونس ومیسرو وڵاتانی شڵەقاوی دیکەی ناوچەکە دەچێت، بۆیە ئەژنۆیان هاتوەتە لەرزین و لەدڵەراوکێی ئەوەدان کەبکەونە بەردەم خرۆشانی ڕقی جەماوەر.

دوێنی وەڵامی بەیاننامەی بزووتنەوەی گۆڕانیان بەڕاستکردنەوەی لولەی چەک وکۆکردنەوەو ئامادەباشی دان بەمیلیشیایی پێشمەرگە دایەوە. ئەمڕۆش کۆبونەوەی حیزبەکانی گوێڕایەڵیان سازداوە بۆ ئەوەی پاکانەی دەسەڵاتی ستەمکارانەیان بکەن. ئەم جۆرە حیزبانە ٢٠ ساڵە نانی پاکانە بۆ دەسەڵاتی داسەپاوی یەکێتی وپارتی دەخۆن. ئەوەیان کەبە هەر هۆیەکەوە ڕۆژگارێک دەستی لەنانی پاکانە بڕابێت، دواتر هەوڵیداوە قەرەبوی کاتەوە. حیزبی وایان تێدایە، کەلە ڕۆژگاری تەنگانەی وەکو ئەمڕۆدا نەبێت، تەنانەت بونیان بەبیری بارزانی وتاڵەبانیدا نایەتەوە. بەڵام ئەمڕۆ بەوێنەی حیزب ناو و ئیمزایان لەپاڵ ناو ئیمزای خۆیاندا لیست کردون، بەڵکو بە هەر ئەندازەیەک بێت، قەڵەباڵغی لیستەکە، دەورێکی هەبێت لەکەم کردنەوەی مۆتەکەی ترس و دڵەڕاوکێ لەسەر دڵیان.

گوایە خەم وهەمی ڕاگەیاندراوە هاوبەشەکە، ئاسایش وهێمنییە ودەڵێ "ئەو شێوازانە ڕەتدەکەینەوە کەببێتە هۆی تێکدانی باری ئاسایش وهێمنی" !! بەڵام سەرتاپای ساو هێنانەوە بۆ

سەرکوتگەری وپێشێلکاری وتالان وبڕۆی دەسەلات، هۆنراوەتەوە. ئەمە پەلەقاژەیەکی بێزراوە بۆ خۆلکردنە چاوی خەڵک. ئەمە ڕیاکاریەکی ڕیسوایە بۆ دەستەمۆکردنی خەڵک. ئەمە بەقوربانی کردنی ژیان وچارەنوس وبەرژەوەندی خەڵکە لەپێناو بەرژەوەندیەکی تەسک وحەقیرانەدا. ئەمە هەوڵێکی نەزۆکە بۆ لەباربردنی نارەزایەتی وخەباتی ڕەوای خەڵک، ئەمە ڕاوەستانە لەپاڵ دەسەڵاتی ستەمکار بەرامبەر خەڵکی ستەم لێکراو. ئەمە بەڕاستی کلکایەتییە بۆ دەسەڵاتی چەوسێنەری ملیاردێرەکان، ئەمە پەڵەیەکی ڕەشی مێژووییە بۆ هەتا هەتایە بەناوچەوانی ئەو لایەنانەوە دەمێنێتەوە.

تورەیی جەماوەری کرێکاران وستەمکێشانی کوردستان لەم دەسەڵاتەی کەخەریکە قەدو قیافەی دیکتاتۆریانەی خۆی ڕێکدەخات، نەبەڵگە هێنانەوەی پێویستە ونە بەپاکانەی ئەم لایەنانە، ڕوپۆش دەکرێت. هێشتا مەرەکەبی ئیمزاکەی بارزانی بۆ سەرکوتی خۆپیشاندان وشک نەبۆتەوە، هێشتا کەمپینی تیرۆرو خنکاندنی دەنگی نەیارانی سیاسی و ئۆپۆزیسیونی دەسەڵات ڕانەوەستاوە، هێشتا تیرۆری سەردەشت عوسمان و سیناریۆ داتاشراوەکەی پارتی لەبیری کەس نەچۆتەوە، هێشتا فتوای هاوبەشی دەسەڵات ومزگەوت ومەلا دژی ئازادی ڕادەربڕین ڕانەوەستاوە، هەر ئێستا دەزگا جاسوسیە ناشەرعیەکانی زانیاری وپاراستن دەستیان لەبینەقاقای جەماوری ستەم دیدەدایە، تالان وبڕۆ هیچ سنورێکی نەماوە، گرانی وبێدەرەتانی خەریکە کەمەری ملیونەها کەس دەشکێنێ، کۆیلاتی وتیرۆری ژنان کارەساتێکی بەردەوامە، ڕەوکردنی لاوان بەدەست نەهامەتی مەملەکەتی میلیشیاوە بەشەپۆلە، دەسەڵات لەکوردستان تا سەر ئێسک عەشیرەتی و دەسەڵاتی بنەماڵەکانە، تەنانەت کۆنگرەکان بونەتە مەراسیمی دەست ماچکردن وداتاشینی ڕەمزەکانی دیکتاتۆری...ئەم لیستە لە ژماردن نایەت.

ئەم حیزبە گوێڕایەڵانەی دەسەڵاتی بنەماڵەکان دەڵێن" دووبارەی دەکەینەوە کەهەر هەولێک بۆ چاکسازی وگۆڕانکاری دەبێت لەچوارچێوەی پرۆسە وشەرعیەتی سیاسی ویاسایی بێت" مەبەست لەم قسە پوچە چیە؟! کام شەرعیەت وکام یاسا؟! شەرعیەت ویاسایەک کەداهاتی کوردستانی پێ تالان دەکرێت وبەملیۆن وملیارد لەبانقەکانی ناوچەکەو جیهاندا دەخرێتە سەر حیسابی سەرانی ئەم دەسەڵاتە؟! ئەو شەرعیەت و یاسایەی کە بواری داوە بەدەزگا ناشرعیەکان تیرۆری سەردەشتەکان ونەیارانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان بکەن؟! شەرعیەت ویاسای یاری کردن بە دەسەڵات و بودجەی وڵات و ژیان وچارەنوسی خەڵک؟! شەرعیەت ویاسای برسی و بێ کارەبا و بێ خزمەت گوزاریی کردنی خەڵک؟! شەرعیەت و یاسایەک کەکۆیلایەتی وتیرۆری ژنانی کردوە بەکارەساتێکی نەبڕاوە؟! ئێوە باسی کام شەرعیەت وکام یاسا دەکەن؟! پاشان ئێوە کێن کە دەچنە پشتی پەنجە ڕاوەشاندنی یەکێتی و پارتیەوە و "دوو بارەی دەکەنەوە کە هەر هەوڵێک بۆ چاکسازی و گۆرانکاری دەبێت لەچواچێوەی پرۆسە وشەرعیەتی سیاسی ویاسایی بێت"؟! ئەوکاتەی خەڵکی تورەو بەدەنگهاتوی کوردستان ئیرادە دەکەن ولە دژی ئەم مەملەکەتی ستەمە دەخرۆشێن، نەک دووبارە کردنەوەکانی ئێوە، بەڵکو پەنجە ڕاوەشاندنی بارزانی وتاڵەبانیش، هەروەکو ئەوەی بن عەلی و موبارەک و ئەوانی تر دەبنە کاریکاتێر بۆ پێکەنینی خەڵکی دنیا.





## پێگەی چینی کریکار لە سەرخستنی بزووتنەوەکەدا:

لە گشت ئەم پرۆسەیەدا بەبێ ئەوەی چینی کرێکار وەکو کۆڵەکەی سەرەکی و بڕبڕەپشتی ڕەوتی ئالوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم سەردەمە و و ئەم بزووتنەوە جەماوەریە، پێبنێتە مەیدانەوە، زۆر ئەستەمە ئەم بزووتنەوەیە تەنانەت بە لانی کەمی ئامانجەکانی خۆی بگات. دەروی چینی کرێکار بۆ سەکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە حەیاتی و چارەنوس سازە. لەم دەورانەدا هیچ ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە و ریشەیی لە ژیانی کۆمەڵگادا ناتوانێ بەبێ دەوری پێشڕەو و کاریگەری چینی کرێکار بەسەمەر بگات. ئەگەر ئەم هێزە لە ئاستی فراواندا بەڕیزی سەربەخۆوە پێبنێتە مەیدانەوە٦و ئەگەر لەسەر خەتی سیاسی و تاکتیکی کارساز بگیرسێتەوە، هێزێکە شکاندنی یەکجار سەختە. هەر ڕۆژێک کرێکارانی چیمەنتۆو نەوت و شارەوانی و جێگاکانی تر تەنها دەست لەکار بکێشنەوە، چۆکی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی دەشکێنن. چینی کرێکار خاوەن پێگەو پۆتانسیلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێزە. بەڵام ئەگەر بە شێوەی پەرش و بڵاو و ناڕێکخراو، تەنانەت بەشی هەر زۆری خۆپێشاندەران و بەشداربوانی میتنگەکانی مەیدانی ئازادیش پێکبهێنێت، ناتوانێ زەبری توانای کۆمەڵایەتی خۆی بەکاربەرێت. بەڵکو تەنها دەتوانێ دەوری هێزی پیادەی ئەو بزووتنەوانە بگێڕێت کە ئامانج و بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی کرێکاری تیادا کراوە بە قوربانی یان ونبووە. توانای چینی کرێکار لە پێگەی ئەم چینە لە بەرهەمهینانی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت. بەبێ ئەوەی وەکو چینێکی بەرهەمهێنەرو شادەماری ئابوری و سەروەتی کۆمەڵگا، لە هەمان جێگای کارو بەرهەم هێناندا ڕێکخراو بێت و لەو جێگاو ڕێگایەوە گورزی خۆی راوەشێنێ، ناتوانی برەوی واقعی خۆی هەبێت. ئەگەر کۆمۆنیزم بە هەر هۆیەکەوە ڕێکخراوکردن و هێنانەمەیدانی ئەم چینەو کردنی بە بڕبڕە پشتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە دەستوری خۆی دانەنێت، نە شتێک لە کۆمۆنیزمەکەی دەمێنێتەوەو نە هیچ شانسێک بۆ سەرکەوتن لەبەردەم خۆی دەهێڵێتەوە. بزووتنەوەی جەماوەریش بەبێ دەوری پێشڕەوانەی چینی کرێکار سەرکەوتنی نیوە ناچڵیشی ئەستەمە.

## پیویستی پەیوەست بوون بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە:

لەم دەورەیەشدا و لە جەرگەی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، وەکو دەورەکانی رابردوو، رەوتی شۆڕشگێڕی واقعی و ئازادیخوازی و کۆمۆنیزمی چینی کرێکار لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا خۆی نیشاندا. ئاسۆی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ساڵەهایە لەلایەن ئەم حیزبەوە نوێنەرایەتی کراوەو خەباتی بۆ بەرێخراوەو قوربانی بۆ دراوە. دەرسەکانی ئەم دوو مانگەو پێداویستیەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەکە، بەر لەوەی پاشەکشەی پێبکرێت لەلایەن ئەم حیزبەوە پێشبینی کراوەو خراوەتە بەردەست. لە ماوەی ئەو دوو مانگەشدا ئەم حزبە بە سیاسەت و تاکتیکەکانی، بە راگەیاندن و ووتاری رابەرانی لە مەیدانەکانی ئازادی و خۆپیشاندانەکان، بە پلاتفۆرم و هەڵسوڕانی عەمەلی، لێبڕاوانە و بە گیانێکی پڕ لە لیپرسراوێتیەوە تێکۆشاوە بۆ ئەوەی لەسەر خەتێکی دروست ئەم بزووتنەوەیە بەرەو سەرکەوتن بەرێت. لێبڕاوترین و تاقە حیزبی سازش هەڵنەگربوو بۆ خەبات و پێداگری لەسەر داخوازیەکانی بزووتنەوەکە و وەستانەوە بەرامبەر ملهوری دەسەڵات. پەیگیرانە بەرامبەر چەواشەکاریەکان،

ڕاپەڕین یاری بکرێت! نابێ هیچ هەنگاوێکی پێشوەخت بنرێت! کاتێک تەوقیتی دروشمی "بڕۆن بڕۆن" دیاری دەکرێت، کە بزووتنەوەکە توانای ئەوەی هەبێت ناچار بەڕۆیشتنیان بکات یان لە ناو کۆشکە شاهانەکەیان دەستگیریان بکات. بەبێ بوونی ئەم هێزو تواناو هاوسەنگیە، ڕاگەیاندنی شەڕی کۆتایی لەسەر ئەمە، جگەلە بەدبینی وەکو ئەنجامی ناکام مانەوە، جگەلە زەمینە خۆشکردن بۆ شەڕێکی ناوەخت و نابەرابەر، سەرئەنجام جگەلە بەدەستەوەدانی فرسەت بۆ سەرکوت، شتێکی تری لێناکەوێتەوە.

ڕەوتی سەرکەوتنی بزووتنەوەی جەماوەری ئێستای کوردستان، بەپێی پۆتانسیلی بزووتنەوەکە و ئاستی هاتنەمەیدان و واقعیەتی کۆمەڵگای کوردستان و هێزە سیاسیەکانی، لەئێستادا هێشتا ڕەوتێکی لەسەرخۆو هەنگاو بە هەنگاوە. شێوەی گونجاو و کارساز ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەمدا پێداگری لەسەر هێنانە کایەوەی فەزایەکی ئازادی سیاسی و سەپاندنی بەسەر دەسەڵاتدا بکات، لەڕێگای هەڵوەشانەوەی یاسای سەرکوتی خۆپێشاندان و یاساکانی بەرتەسک کردنەوەی ئازادی سیاسی. هاوکات لەگەڵ ئەوە بەرزکردنەوەی کۆمەڵێک خواستی ئابوری وەکو بەرگرتن لە گەندەڵی و بیمەی بێکاری و بردنە سەری کرێ ودیاریکردنی لانی کەمی کرێی کرێکاران و مانگانەی فەمانبەران ولانی زۆری مانگانەی کاربەدەستان، دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان...هتد.

هەروەها لەکاتێکدا کەڕەوتی شۆڕشگێڕانەی ناوچەکە، نەریتی بۆماوەیی و دەسەڵاتی بنەماڵەی تێپەڕاندوەو لەگۆڕی ناوە، هەر ئیستا وەکو خواستێکی دەستبەجێ، کاتی ئەوەیە مسعود بارزانی ناچاربکرێت ڕاشکاوانە ڕابگەیەنێت کەبۆ دەورەی داهاتوو خۆی بۆ سەرۆکی هەرێم کاندید ناکات وخەیاڵی دەست بەدەست پێکردنی بنەماڵەیی وبۆماوەیی دەسەڵاتیش لەبەرنامەیاندا نیە....

پێبەپێی چونەپێشی بزووتنەوەکە لەبەدیهینانی داخوازیە دەستبەجێکان و چونەسەری توانای بزووتنەوەکە لەڕووی ڕێکخراوبوون و بەرینبونەوەی دامێنی کۆمەڵایەتی و تەحقیق بوونی ڕیزی سەربەخۆو ڕابەری ڕادیکاڵ وشۆڕشگێڕ بۆی، ئاستی داخوازیەکانیش بەرەو سەر ببرێن.

شێوەکانی ئێستای پەرپێدانی خەباتی جەماوەری، بریتیە لەبەرینکردنەوەی ڕەوتی مانگرتنەکانی ئێستا و کێشدانی بۆ کارگەو فەرمانگەو هەموو ناوەندەکانی خوێندن...و... پێکهینانی لیژنەو دەستەو کۆمیتە جۆراوجۆرەکان، لەهەموو ئەو ناوەندانە بۆ ڕێکخستنی جەماوەر و یەکدەست کردنەوەیان لە دەوری پلاتفۆرم و داخوازیەکان و شێوەکانی خەبات. بەرپاکردنی کۆبونەوە گشتی و جەماوەریەکان لەو ناوەندانە و بردنەپێشیان بەئاقاری شکڵگرتنی ڕێکخراوە کریکاریەکان و ڕێکخراوبوونی جەماوەری ئازادیخواز. بەدەستەوەگرتنی فەزای سیاسی گەڕەکەکان و زاڵکردنی فەزای ئازادیخوازانەو کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانە بەسەریاندا و بەم جۆرەش تەنگ کردنەوەی فەزای گەڕەکەکان لەدەسەڵات و ڕەوتە کۆنەپەرستەکان. هەروەها بەهەمان شێوازو لەقاڵب و چوارچێوەی عەمەلی وگونجاودا، بەڕێخستنی هەوڵێکی نەخشەمەندانە بۆ سەراسەری کردنەوەی بزووتنەوەکە لەئاستی هەموو کوردستاندا. پێکهێنانی هاوئاهەنگی و هاوپشتیەکی پتەو لەنێوان ئەم بزووتنەوەیە وبزووتنەوەی نارِزایەتی جەماوەری لەعێراق. بەدەستهێنانی پشتیوانی جیهانی بۆ بزووتنەوەکە وتوندکردنەوەی فشاری جیهانیش لەسەر دەسەڵات. بەڕێخستنی ڕاگەیاندنێکی کارای هەمە جۆرە بۆ هەڵخراندنی فەزای کۆمەڵگا لەدەوری پلاتفۆرمی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەو هەنگاو و شێوازەکانی چونەپێشەوە.





ڕاگەیاندراوە هاوبەشەکەی دەسەڵات ولایەنە گوێ لەمشتەکانی دەڵێت: "جەخت دەکەینەوە لەسەر بایەخی نەتەوەیی وسیاسی ونیشتمانی وکار وتێکۆشانی هاوبەش لەپێناو پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەیەکان ومەسەلە چارەنووس سازەکان وبەدی هێنانی ئەرک وئامانجە نیشتمانیە بەدی هێنراوەکان" ئەمە ئەو کۆمەڵە ووشەو دەستەواژە چەواشەکارانەن کە ٢٠ ساڵە یەکێتی و پارتی دەسەڵاتی خۆیانی پێدادەسەپێنن وئەم جۆرە حیزبانەش بۆیان ئیمزا دەکەن. بایەخی "نەتەوەیی" یانی چی؟ مەگەر بەڵایەک ماوە وستەمێک ماوە ئەم حیزبانە بەسەر "نەتەوەی" خۆیاندا نەهێنابێت؟! بازرگانیەک ماوە بەژیان وچارەنوس وخوێنی "نەتەوەکەی" خۆیانەوە نەیانکردبێت؟! ئێستا سەردەمی ئەنفال وفاشیزمی بەعس نیە کەبە باسی نیشتمان خۆل بکەنە چاوی خەڵک. خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان بەچاوی خۆیان دەیبینن، ئەو نیشتمانەی ڕۆژانە سرودو گۆرانی و دروشمی بۆ دادەهێنن، شتێک نیە جگەلە پانتاییەک کەلەسەریدا دەسەڵاتی ستەمکارانە و ژیانی شاهانە بۆ ئێوەوەو بێدەرەتانی فراوان بۆ جەماوەری ملیونی، بەرپاکراوە. ئیتر کاتی ئەوەتان نەماوە باسی "کارو تێکۆشانی هاوبەش لەپێناو پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەیەکان" بکەن؟! کاری چی و تێکۆشانی چی و دەسکەوتی چی؟ جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان تازە لەوە هوشیارتر و ئازارەکانیان لەوە توندترە کەبەم قسە پڕوپوچانە فریو بخۆن. کارو تێکۆشانی ئێوە بۆ دەمکوتکردنی خەڵکە، بۆ چۆکدادانە بەخەڵک لەبەردەم دەسەڵاتی ستەمکاران. باسی کام دەسکەوت دەکەن؟! مەبەستتان ئەو هەلومەرجەیە کەتیایدا دابینکردنی ئاوو کارەبا، ئەم پیداویستیە هەرە سەرەتایانەی ژیان، بونەتە داخوازی هەموو ڕۆژەو لەدابین نەهاتوی خەڵک؟ ئێستا لەکوێی تری دنیادا جگەلە کوردستانی پڕ لەملیاردێر، ئاوو کارەبا بەم جۆرە بونە بە گرفتی لەچارەسەر نەهاتوو؟! ئایە مەبەستان لەدەسکەوتەکان ئەو هەلومەرجەیە کەکاسەی تورەیی خەڵکی پڕکردوەو خەریکە لێی دەڕژێت وئێوەش دروست لەوە تۆقیون؟! مەبەستان ئەو هەلومەرجەیە کەئەوانەی توانای هەنگاونانیان هەبێت بەلێشاو لێی هەڵدێن؟! ئەم فایلانە نەکەنەوە باشترە. باسی دەسکەوت مەکەن، ئێوە ئیمتحانی خۆتانداوەو ناشرینترین تاقی کردنەوەتان نیشانی خەڵکی کوردستان داوە.

ڕاگەیاندراوە هاوبەشەکەی دەسەڵات وحیزبەکانی موریدیان، دەڵێت " جەخت دەکینەوە لەسەر بایەخی سیاسی و نەتەوەیی بوونی موعارزەی یاسایی و ئاشتی خواز و پەرلەمانی لە هەرێمدا و دانانی بەیەکێ لەدیاردە پۆزەتیڤەکانی ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان ." تەنها ئەم قسەیەیان ڕاستە، ئەوان هەموو جەخت لەوە دەکەنەوە کە موعارەزەی دەسەڵات دەبێ هەر وەکو ئەم حیزبە گوێڕایەڵ وگوێلەمشت و موریدو ملکەچانە، موتیع وسەلار بێت. موعارەزەیەک بن کە تەنها دەست بەگەردندا بهێنن بۆ دەسەڵات وسەری بۆ دانەوێنن، موعارەزەیەک بن بۆ دانی بۆیاخی دیموکراسی و فرەحیزبی لەدەسەڵات، موعارەزەیەک بن بۆ ئەوەی لەڕۆژی تەنگانەی وەکو ئەمڕۆدا فریای دەسەڵات بکەون وپاکانەی بۆ بکەن. بەڕاستی لەڕوانگەی دەسەڵاتەوە هەتا لەم جۆرە موعارەزانە زۆرتربن، بەرەکەتیان زیاتر دەبێت. ئایا خوێنەرانی ئەم دێڕانە ڕابردوی دەسەڵاتی دیکتاتۆری عێراقیان بەبیر ناهێنێتەوە؟ جیاوازی دەست بەگەردندا هێنانی پارتی شۆڕشگێڕ بۆ سەدام، چی

بوو لەگەڵ ئەوەی ئەم حیزبانە بۆ دەسەڵاتی ئێستای دەکەن؟!
ڕاگەیاندراوەکە لەکۆتایدا دەیەوێ بابەتیانە خۆی نیشانبدات ودان بنێت بەدڵۆپێک لەدەریای گەندەڵی و تاڵان و ستەمکاری دەسەڵاتدا، بۆ ئەوەی توڕەیی جەماوەر هێورکاتەوەو پاشان بڵێ ڕێگا چارەی ئەمە وەکو ئەوە نیە کەلە تونس و میسر گیراوەتەبەر. لەم بارەیەوە دەڵێ ".بوونی کەم وکورتی وکێشە وگەندەڵی و ناتەواوی لەبارو دۆخی هەرێمدا واقیعە وخوازیاری ئەوەین کە حکومەت ومعارەزە وکۆمەڵگای مەدەنی وسەرجەم هێزەکان هەریەکە ولە پێگەی خۆیەوە بەشدار بێت لەبەرەو پێش بردنی ڕەوتی چاکسازی وکەم کردنەوەی کەم وکورتیەکان وباشتر کردنی ئاستی ژیانی هاولاتیانی هەرێم و پەرەپێدان بەئەزموونە حکومڕانی و دیموکراسیەکەی." ئەمە قەوانێکی سواوەو ساڵەهایە دەیدەن بەگوێی ئەم خەڵکەدا، هیچ مانایەکی نیە جگەلە پێداگری لەسەر هەمان کارنامەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو. کام هاوڵاتی سادەی ئەم کۆمەڵگایە هەیە کەنەزانێت گەورەترین گەندەڵ وتاڵانکەری داهاتی ئەم کۆمەڵگایە، گەورەترین دەسەڵاتدارەکانی ئەم کۆمەڵگایەن؟ کوا گومان لەوە هەیە کەسەرانی هەردوو حیزب ودەسەڵات وسیاسەت وکارکردیان، هۆکاری سەرەکی بێدەرەتانی خەڵکە؟ کوا گومان لەوە هەیە کەتاڵان و برۆو پاوانخوازی ئەوان ئەم کۆمەڵگایەی لەسەرەتایترین پێداویستیەکانی ژیان بێبەش کردوە؟ کوا گومان لەوە هەیە کە سەرەوەی دەسەڵات لەپشتی خنکاندنی دەنگی ئازادی وقوربانیەکانی ئازادی ڕادەربڕینەوە ڕاوەستاوە؟ مەگەر ئەوە کێیە کەیاسای داپڵۆسینی خۆپیشاندانی دارشتوەو ئیمزای لێداوە؟!
کاتی ئەم قەوانە سواوانە بەسەر چوە، پەتی تەحەمولی خەڵک خەریکە دەپچڕێت. ڕۆژی حیساب نزیک دەبێتەوە. ئیتر کاتی ئەوە نەماوە داهۆڵی وەهمی بۆ گەندەڵکاران وسەبەبکارانی نەهامەتیەکانی خەڵک، بسازن. هۆکاری بێدەرەتانی خەڵک خودی خۆتانن وئەم ڕاستیە وەکو ڕۆژی ڕوناک لە بەرچاوی جەماوەری خەڵکدایە. ئەم کۆبونەوەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەی دەسەڵات وکلکەکانی، لەتیرۆریستە ئیسلامیەکانەوە تا ئەوانەی مێژو و پیشەیان ڕیاکاریە، لەوە ڕیسواترە کە چاوی خەڵک ببەستێ وڕاستیە زەقەکان بشارێتەوە. بەڵام هیچ گومان لەوەدا نیە، بەرچاوی خەڵک سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم حیزبانە، ڕۆشنتر دەکاتەوە. بێگانەییان بە بەرژەوەندی و ئاوات وئامانجەکانی خەڵک، ڕیزبەستنیان لەپاڵ دەسەڵاتی میلیشیایی بەرامبەر هاوارو ناڕەزایەتی ڕەوای جەماوەری ستەمکێش، ڕاوەستانیان لەسەنگەری ڕاگرتن ودرێژەدانی هەلومەرجی مەینەتباری ئێستا.... ئاشکراتر نیشانی خەڵک دەدات. ئەمە تاقە دەسکەوتی ئەو ڕاگەیاندنیە بۆ خەڵک. دەسەڵات و گوێلەمشتەکانی دەیانەوێ بە چنگ و ددان ئەم هەلومەرجەی بۆ ئەوان نیعمەت و بۆ ملیونەها هاوڵاتی نەگبەتە، ڕابگرن. دەیانەوێ بەم پڕوپاگەندانە کات بکڕن، بەتۆقاندن وبە هەڵخەڵەتاندن، خەڵکی هەژارو بێدەرەتان خامۆش ڕاگرن. پەلەقاژەی ئەوەیانە کەچۆن دەسەڵاتی ستەمکارانەی خۆیان لەبەردەم ئەم ڕاپەڕینە مەزنەی لەناوچەکەدا بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتە ستەمکارەکان، بەڕێکەوتوە، بەسەلامەتی دەرباز بکەن. بۆ ئەمە بۆرە بەڵێنی "باشتر کردنی ئاستی ژیانی هالاتیانی هەرێم و پەرەپێدان بەئەزموونە حکومڕانی و دیموکراسیەکەی" دەدەن!! بەڵام کارکردو پەلەقاژە ویاسا تازەکانی هەر ئەم چەند مانگەیان بەڕۆشنی نیشانی داوە





شۆڕشی کرێکاری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی. بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ئێستا ئەو شۆڕشە نیە، بەڵام بێشک چینی کرێکارو کۆمۆنیزم دەتوانن و دەبێ بە ریزی سەربەخۆوە بەشداری چالاکانەی تیادا بکەن، رابەرایەتیەکەی بەدەستەوە بگرن، پلاتفۆڕمی رادیکاڵی خۆیانی بخەنە بەردەم، سەرکەوتنەکەی بەو جۆرە پێناسە بکەن کە لەو ڕێگایەدا و لە کۆمەک بەو ئامانجەدا بڕواتە پێشەوە. تەنها ئەمەش دەتوانێ زامنی ئەوە بێت کە داخوازی و ئامانجەکانی جەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخواز لە قوڵترین ئاستی خۆیدا مسۆگەر بێت.

## سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە لە گرەوی چیدایە؟

هەڵپێچانی دەسەڵاتی میلیشایی ئێستای بورژوازی کورد، بێشک دەبێ هەنگاوێک بێت لەم ڕێگایەدا. ئەم دەسەڵاتە هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاریەوە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارو بەشمەینەتان و هەموو ئازادیخوازانی کۆمەڵگاوە، دەبوو وەلابنرێت. بەسەرکوتی ڕاپەڕینی ١٧ی شوبات و مامەڵەی سەدامی و ئەسەدی و قەزافیانە لەگەڵ داخوازیەکانی خەڵک، ئەم دەسەڵاتە ئیتر خۆی دەستپێشخەری کردوەو خۆی حوکمی ڕوخانی خۆی داوەتە دەستی جەماوەری خەڵکەوە. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەی بزووتنەوەکەیە. بەڵام ئەم دەسەڵاتە نە بە داخوازی و نە بەقسەی خۆش و نە بەئارەزووی خۆی لەبەرخاتری ئازادی و ئارەزووەکانی خەڵک هەڵناوەشێتەوە. دام ودەزگای سەرکوتی جۆراوجۆری هەیە کەساڵەهایە بەخێویان دەکات، بەبێ لەکارخستنی ئەو دام ودەزگایانە وشکست خواردنیان لەشەڕی سەرکوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا، کورسی دەسەڵات بەجێناهێڵێت. ئەم دەسەڵاتە دەبێ بەخەبات و هاتنەمەیدانی جەماوەری هەڵوەشێتەوەو بەڕێبکرێت. بۆ ئەمەش ئاسۆو ئاڵاو ڕابەریەکی شۆڕشگێڕانە بۆ بزووتنەوەکە پێویستە. ئەویش جگەلە کۆمۆنیزمی چینی کرێکار هیچی تر نیە. هاوکات ڕێکخراوبوونی چینی کرێکارو جەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخواز لەڕیزێکی سەربەخۆ لەدەوری ئەو ئاڵا و ئاسۆ وڕابەرایەتیە پێویستە. کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز ئەگەر ناڕێکخراو بمێننەوە توانای بەسەرمەر گەیاندنی ئەم کارەیان نابێت. یان دوچاری شکست دەبن یان دەبنە لەشکری ڕەشی ڕەوتە بورژوازیەکان. دەسەڵاتی میلیشایی ئێستا و لایەنە بورژوازیەکانی نەیاریان، کە هەموو چەکدارن، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت کە سیناریۆی جۆراوجۆر بەرپابکەن بۆ لە خوێن هەڵکێشانی کۆمەڵگاو تێکدانی ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە. ئەوەی دەتوانێ بەر لەم مەترسیانە بگرێت، تەنها هێزی ڕێکخراو و چەکداری چینی کرێکارو جەماوەری شۆڕشگێڕە لە ڕیزی خۆیان و لە دەوری ڕابەڕایەتیەکی کۆمۆنیستیدا.
تەجروبەی ئەم ٦٢ ڕۆژە نیشانیدا کەتەنها هاتنەمەیدان و خۆپیشاندان و میتینگەکانی مەیدانەکان و تەنانەت هەڵچونی بێبەرنامە کافی و کارساز نیە. سیاسەتی ڕۆشن و تاکتیکی وردو کارساز پێویستە، ڕێکخراوبوون و ڕێکخستنی چینی کرێکار و جەماوەری ئازادیخواز پێویستە، یەکگرتن و یەکدەستی پێویستە. گومان لەوە نیە کەدەسەڵاتێکی گەندەڵ و ستەمکار، سەرئەنجام لەپێناو مانەوەی عومری خۆیدا، لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیو دەجەنگێ و جەنگ بەرپا دەکات ودەست بۆ چەک دەبات. دەبێ تاکتیکی کارساز بۆ بەرگری لە جەنگی پێشوەخت بەدەستەوە بگرێت و لە کاتی خۆیشیدا دەبێ توانای ئەوە پەیدا بکرێت کەلەو جەنگەدا سەرکەوتوانە بێیتەدەر. نابێ بە

و... بەم جۆرەش تواناى واوەتر ڕۆیشتن لە مەرامەکانى ئەو باڵەى بورژوازى پەیدا بکات. هەر بەم پێەش دەورى بینى لەوەى سەرئەنجام بزووتنەوەکە دووچارى پاشەکشە ببێت. هەروەها ئەو تاکتیکانەى ئەم باڵانەى بورژوازى نایانە بەردەم بزووتنەوەکەو سەرئەنجام زاڵیانکرد بە سەریدا، هەمووى بەو ئاراستەیەدا بوو کە بزووتنەوەکە بکەن بە بزووتنەوەیەک لە پێناو مەرامەکانى خۆیان و ئامرازێکى فشاردان لەسەر دەسەڵات و پاشان بەندوبەست لە گەڵیاندا، بۆ ئاڵوگۆڕێکى رواڵەتى لە دەسەڵاتى بورژوازى بە ناوى"حکومەتى تەکنۆکرات، حکومەتى تەوافق، هەڵبژاردنى پێشوەخت..." کە سەرجەمیان شتیک نین جگە لە چەک و پینەو ئارایشتدانەوەى دەسەڵاتى بورژوازى، لەسەر حیسابى خەبات و قوربانیدانى کرێکاران و جەماوەرى ستەمدیدە. بە دیاریکراوى ئەوەى بە ناوى "نەخشە ریگاى ئەنجومەنى کاتى سەراى ئازادى"ەوە ڕاگەیەنرا، بە تەواوى تاکتێکى بۆرژوازى بوو بۆ ئامانجە بورژوازیەکان کە بە زۆرەملێى بزووتنەوەى گۆڕان و ئیسلامیەکان سەپێنرا و ناکۆکى ئاشکراى هەبوو لەگەڵ هاوسنگى هێزى نێوان دەسەڵات و بزووتنەوەکە و رەوتى پەرەسەندن و چوونە پێشى. ئەم تاکتیکە و نائامادەیی بزووتنەوەکە لە پیادەکردنى و نەگونجانى لەگەڵ هاوسەنگى هێز، بزووتنەوەکەى لەگەڵ ڕەوتێکى ڕوو لە نشێو و پاشەکشە بەرەوڕوو کرد، هەر لەسەر ئەم بناغەیەش بوارى سەرکوتى ملهوڕانە بەڕووى دەسەڵاتدا ئاواڵا بوو.

## بەدیهاتنى ئازادى و یەکسانى و عەدالەتى کۆمەڵایەتى لە گرەوى چیدایە؟

ئازادى و یەکسانى و عەدالەتى کۆمەڵایەتى، کە دروشم و داخوازیەکانى زۆربەى زۆرى جەماوەرى ڕاپەڕیو بوون. لەڕاستیدا تەنها لەڕێگاى شۆڕشێکى کرێکارى و بەرپاکردنى کۆمەڵگایەکى سۆسیالیستیەوە دەتوانێ مسۆگەر بێت. ئازادى وەکو زادەى کۆمەڵگاو دەسەڵاتێکى بورژوازى لە جێگایەکى وەکو کوردستاندا، تەنانەت بە مانا سیاسیەکەى، جگە لە خەیاڵ پڵاوى شتێکى تر نیە. کوردستان وەکو یەکێک لە حەوزەکانى کارى هەرزان، تەنها لەسەر بناغەى کارى هەرزان و کرێکارى خامۆش و بێمافکراو دەتوانێ دەرگا بەرووى سەرمایەى جیهانیدا بکاتەوە. بەڵام بەبێ سەرکوتى سیاسى، کارى هەرزان و کرێکارى خامۆش و بێماف، ئیمکانى نیە. لەجێگایەک ئازادى سیاسى بە ماناى ئازادى بەیان و هەڵسوڕانى حیزبى و جەماوەرى و مانگرتن و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتى دەربڕین لە ئارادا بێت، کارى هەرزان لە ئاست چەوسانەوەى زەق وڕەقى چینایەتى هەرگیز خامۆش نابێت. ئەمە چ جاى بگات بە ئازادى بە مانا هەمەلایەنەکەى کە ئازادبوون بێت لە جەورو ستەمى سەرمایە، لە هەڵاواردنى جنسى و ستەمى کۆمەڵایەتى و فەرهەنگى و سیاسى ...هتد. یەکسانیش لە کۆمەڵگایەکدا کە دابەش بوبێت بۆ کەمایەتیەکى سەرمایەدارى مشەخۆرى خاوەن ژیانى فیرعەونانەو زۆرایەتیەکى دەستەنگى کۆیلەى کرێگرتە، کە خۆیان هەموو سەروەت و سامانى کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنێن. دەبێتە دەستەواژەیەکى گاڵتەجاڕانە. عەدالەتى کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگایەکدا کە چەوساوەو چەوسێنەرى تیابێت، کە هەڵاواردنى جۆراوجۆرى تیا بێت...تەنها دەبێتە پڕوپاگەندەیەکى فریوکارانە.

کەوایە ئەگەر ئازادى و یەکسانى و عەدالەتى کۆمەڵایەتى ئامانج و مەبەستى ئەم بزووتنەوەیە بێت، رێگایاکى ترى نیە جگە لە رێگاى چوونەپێشى هەنگاو بە هەنگاوى شۆڕشى بەردەوام بەرەو





کە ئەو باشتر کردنەى ژیان وئەو پەرەپێدانى دیموکراسیە، ناوەڕۆکەکەى چیە. یاساى سەرکوتى خۆپیشاندان تەنها نمونەیەکە.

دروست ئەوەیە خەڵکى کوردستان یەک سەعاتیش کاتى زیادەو بەفیڕۆ بەم ستەمکارانە نەدەن. هەر ئێستا کاتى بەڕێکەوتنى خەباتێکى جەماوەرى و هاتنەمەیدانە بەڕیزى سەربەخۆ و فراوان، لەدەورى خواستەکانى دابینکردنى پێداویستیە سەرەتاییەکانى ژیان وەکو: ئاو وکارەباى بەردەوام، هەڵوەشانەوەى دەستبەجێى یاسا تۆتالیتاریەکەى داپڵۆسینى خۆپیشاندان، ئازادى سیاسى وڕادەربڕین بەبێ هیچ قەیدو بەندێک، دەستکۆتا کردنى دین و مزگەوت و ئەوقاف و مەلا و دادگایی کردنى فتوادەران دژى ئازادى بەیان، بیمەى بێکار... پێویستە ڕیزێکى ڕێکخراو خەباتێکى هوشیارانەو ئامانجدار، بەکێشانى سنورێکى ڕۆشن لەگەڵ بزوتنەوە بورژوازیەکان، لەم پێناوەدا، بێدرەنگ ڕێبکەوێت وتا بەسەرئەنجام گەیاندنى گۆڕانێکى ڕیشەیی لەسیستەمى دەسەڵات و ئابورى وڵاتدا بەردەوامى پەیدا بکات.

هەر ئەمڕۆ کاتى هاتنەمەیدانە بۆ داسەپاندنى ئەو خواستە دەست بەجێیانە بەسەر دەسەڵاتدا، هەر ئەمەش هەوێنى نەشونماى خەبات و هاتنە مەیدانێکى گەورە تر دەبێت بۆ ئاڵوگۆڕى گەورە تر. هەنگاوى یەکەم ئەوەیە دەرفەت بەدەسەڵات نەدرێت، تاخۆى لە داخوازیە دەستبەجێکانى خەڵک بشارێتەوە.

# "ئەمانە ئەبێت بڕۆن... بەڵام خەڵکی کوردستان ئەبێ بزانن چ گۆڕانێکیان دەوێت"

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕادیۆی هاوپشتی

**ئەمەی خوارەوە وەلامی چەند پرسیاری چاوپێکەوتنێکە کەڕادیۆی هاوپشتی لەسەر کاریگەریەکانی شۆڕش لەمیسر وتونس لەسەر کوردستان ودۆخی هاتنەمەیدانی خەڵک وسیناریۆکانی نێوی لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد دا سازدراوە. ئێمە دوای نوسینەو وداڕشتنەوەی، بە پێویستمان زانی بڵاوی بکەینەوە... بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر**

**ڕادیۆی هاوپشتی: ئەم کاتەتان باش...ئاگادارن لەهەفتەی ڕابردودا ولەژێرکاریگەری ئەو ڕووداوانەی کە لەمیسرو تونس ئەگوزەرێ هەم بەشێکی تری جیهانی عەرەبی گرتۆتەوە وهەم کوردستانیش ڕووبەڕووی نەوعێک لەبارگرژی بۆتەوە، بەتایبەتی کەبزوتنەوەی گۆڕان بەپەیامێک و بانگەوازیک داوا ئەکا کەحکومەت و پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە، لەگەڵ ئەو جۆرە داخوازیانەی تردا کە موئەسەسات جیابکرێتەوە، دەسەڵات لەحزب ویاساکان لەدەسەڵات. پرسیاری من گشتی نیە لەسەر بەیاننامەکەی گۆڕان، بەڵکو لەسەر چۆنیەتی کاریگەری ئەو ڕووداوانەیە لەسەر کوردستان ... واتە چ ئەلتەرناتیڤێک یەتەبەردەم خەڵکی کورستان و ئێوە هەڵسەنگاندنتان چییە بۆ ئەو بارگرژیە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: بەڵی.. واقیعەکە ئەوەیە لەکوردستان بەهۆی حوکمی ئەم نزیک بە ٢٠ ساڵەی ڕابردووی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە وبەهۆی ناعەدالەتیەکی زۆر قوڵەوە کەبەبەرچاوی هەموو خەڵکەوەیە... بەوهۆیەوە کەکەمایەتیەکی زۆر کەم هەموو ئەو کۆمەڵگایەیان لەدەستە ولەلایەکی تریشەوە خەڵکانێکی یەکجار زۆر مەحروم و بێبەشن، بەخێرایی لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا ئەو ڕاستیە هاتە پێشەوە کەخەڵک ناڕازین لەو وەزعیەتە وخوازیاری گۆڕانن و ئەیانەوێ ئەو ئەوزاعە بگۆڕن، لەم کاتەدا ئەو ڕووداوانەی کەلەناوچەکەدا ڕوودەدا لەتونسەوە دەست پێدەکات ولەمیسر دەتەقێتەوە، جارێکی تر وڵاتانیکی عەرەبی تر لەسەر لێواری تەقینەوە ڕادەگرێ ولەبەشێکیاندا خۆپیشاندان دەستی پێکردوە. ئەمانەش کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە





کۆمەڵایەتی وئەو خواستانەی تری جەماوەر کەبوونە دروشم و داواکاریەکانی بزووتنەوەکە. بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بەشێکە لەهەمان خانەوادە و بزووتنەوەی بۆرژوازی دەسەڵاتداری ئێستا. گۆڕان نوێنەری ناڕەزایەتی بەشێکی چینی سەرمایەداری کوردە، کەلە بەشی خۆی لەدەستڕەنجی بەتاڵان براوی کرێکاران وجەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان و سەروەتی کۆمەڵگا، ناڕازیە. ناڕازیە لەچۆنیەتی دابەشکردنی دەستڕەنجی کرێکاران وسەروەتی بەتاڵان براوی کۆمەڵگا لەنێوای بەشەکانی بورژوازیدا، نەک لەخودی بەتاڵانبردنی ئەو دەستڕەنج وسەروەتە. ئیسلامی سیاسیش هەر کێشەکی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە هەبێت، نەک هەر هیچ پەیوەندیەکی بەئازادی ویەکسانی وخواستەکانی جەماوەرەوە نیە بەڵکوو دژایەتی توندی هەیە لەگەڵیاندا. لەروانگەی ئەوانەوە بەرپاکردنی مەملەکەتی ئایەتوڵاکانی ئێران وچەتە چەکدارەکانی تاڵیبان، ئەلگۆی حوکمڕانیە بۆ ئایندەی کوردستان. سەرجەم پلاتفۆڕمی ئەم بەرەو هاوپەیمانیتیە ناسیونالیستی وئیسلامیە ناکۆکیەکی قوڵی لەگەڵ بەرژەوەندی و ویست وئامانجەکانی جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان هەیە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن جەماوەر بکەن بەلەشکری ڕەشی سیناریۆکانی خۆیان، هاتوون خۆیان لەگەڵ ئەو بزووتنەویە ئاوێزان نیشاندەدەن.

کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی چینایەتیە، خەبات وکێشمەکێشی چینایەتی وناکۆکی بەرژەوەندیە چینایە جیاوازەکان، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستانە و هەموو کێشەکانی تر سەرچاوە دەبەنەوە سەر ئەم مەسەلەیە. ئەوەی کەچینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدە لەناو بزووتنەوەیەکی هەمە گیردا، ڕیزی خۆیان لەڕیزی چینی بورژوازی وحیزبە سیاسیەکانی جیا نەکەنەوە، تەنانەت لەوەش خراپتر کاتێک ڕاپێچرێن بۆ ژێرباری ئاڵاو ڕابەری سیاسی حیزبە بۆرژوازیەکان، مانای ئەوەیە لەو ڕێگایە دور دەکەونەوە کە دەیانگەیەنێت بەئامانجە چینایەتیەکانی خۆیان. مانای ئەوەیە دەبنە پێپلکانەیەک کەبەسەر شانیاندا بەشە جیاجیاکانی چینی بورژوازی سەردەکەون بۆسەر کورسی دەسەڵات تا دیسانەوە مژینی خوێن وشیلەی گیانی کرێکاران وبێبەشانی کۆمەڵگا بکەن بە نسیبی خۆیان. هیچ بزووتنەوەو هیچ بەرژەوەندیەکی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو چینەدا نیەو نابێ و ناکرێ لەیەک ڕیزدا ڕاوەستن. ڕاوەستانیان لەیەک ڕیزدا، مانایەکی نییە جگەلە تەسلیم بوونی چینی کرێکارو ستەمکێشان بەڕیزو ئاڵاو ئاسۆی بورژوازی. خاڵێکی هەرە لاوازی ئەم بزووتنەوەیە ناڕێکخراوبوون و بەرجەستە نەبونی ڕیزی سەربەخۆی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش وبەم جۆرەش ڕاپێچ بونیان بوو بۆ ژێر ئاڵاو ڕابەری باڵێکی تری بورژوازی کورد.

باڵا دەستی ڕابەری ئەم باڵەی بورژوازی، هەرچەندە لەم ماوەیەدا نەیتوانی ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە بگۆڕێت وەکو بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی و شۆڕشگێڕانە لەپێناو باشکردنی ژیان و مافەکانی کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز لە دەوری کۆمەڵێک داخوازی سیاسی وئابوری ڕادیکاڵ، بەڵام لە درێژەی خۆیدا ئەگەر و مەترسی گەورەی ئەوە هەبوو کە سەرئەنجام ڕێڕەوی بزووتنەوەکە و ئەو ناوەڕۆکەی بگۆڕێ بۆ بزووتنەوەیەک لەپێناوی بەهێزکردنی پێگەی باڵێکی بورژوازی لە دەسەڵاتی سیاسی و لە بەتاڵانبردنی دەسڕەنجی کرێکاران و سەروەتی کۆمەلگادا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەم فاکتەرە و هەر لەم دەورەیەدا، دەوری زۆر سەرەکی بینی لەوەی بزووتنەوەکە لە ئاستێکی تەنگدا قەتیس بمێنێت، پەلنەکێشێت بۆ کارگەو گەڕەک و فەرمانگەکان

بکات. دەسەڵات ناچارە لەو بوارانەدا لانی کەم ئاستێک لەداخوازیەکانی خەڵک وەڵام بداتەوە. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەی دیکە دەبێت.

## لایەنە لاوازەکان و دەرسەکان:

هەڵبەت ئەم بزووتنەوەیە دەیتوانی لەم ئاستە زیاتر بڕواتە پێش و لەهەنگاوی یەکەمدا بەخواستەکانی خۆی بگات، یان سەرکەوتنی زیاتر لەو ڕێگایەدا بەدەست بهێنێت. بەڵام کەم وکوڕی وئاستەنگی وگرفتەکانی خودی بزووتنەوەکە، ئەم ڕێگایەیان لێی بەربەست کردو بواریاندا بەدەسەڵات کەبتوانێ لەدووڕیانی سەرکوت یان وەڵامدانەوەی داخوازیەکاندا، ڕێگای سەرکوت هەڵبژێرێت. ئەگەر لەیەک ڕستەدا گرفت وکەم وکوڕیە بنەڕەتیەکانی بزووتنەوەکە بەیان بکەین، بریتی بوو لەوەی کە کۆمۆنیزم وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەو هۆیەوە کەلە دەورەی پێش ١٧ی شوباتدا نەیتوانی بوو وەکو هێزێکی سیاسی دەخاڵەتگەر، بەدیلێکی کۆمۆنیستی ڕزگاریبەخش دەربکەوێ وببێتە ئامرازی ڕێکخستن و یەکگرتووکردنی ڕیزی کریکارانی پێشڕەو وهەڵسووراوانی کۆمۆنیست. هەر بۆیەلە جەرگەی بزووتنەوە نارەزایەتیەکەشدا، نەیتوانی تائاستی ڕابەری سیاسی بزووتنەوەکە جێگا پەیدا بکات وسیاسەت وتاکتیک وپلاتفۆرمەکەی، بەکردەوە نەبوو بەبەرنامە عەمەلی بزووتنەوەکە. هەر بەم پێیە گرفتی گەورەی ئەم بزووتنەوەیە لەپێش هەموو شتێکدا ئەوە بوو کەیەخسیر باڵادەستی ئاسۆی سیاسی وئالتەرناتیڤی باڵێکی بۆرژوای ئۆپۆزسیۆن بوو لەژێر ناوی "ڕیفۆرم خوازی"دا. پەرلامنتاریزم و سیناریۆی هەڵبژاردنەکان و پیکهێنانی ئالوگۆر لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە، بۆ چاکسازی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان ودوا سیناریۆی هەلبژاردنەوە، ئەم باڵە ناسیونالیستەی بۆرژوازی نارازی، توانیبووی بەهەوڵی میدیای ئەهلی وڕۆشنبیرانی ناڕازی و دیموکراتخواز، ئەم ئاسۆ وباوەڕانە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. لەدرێژەی ئەمەشدا بەڕادەی سەرەکی ڕابەری بزووتنەوەی جەماوەری بەدەستەوە بگرێت. لەکاتێکدا کەلەبنەڕەتەوە ناکۆک بوو لەگەڵ ئەو ئامانج وخواستانەدا کەجەماوەری ناڕازی بۆی هاتبوونە مەیدانەوە. کۆمەڵگای کوردستان کەلەسەر بنەمای قەڵشتی چینایەتی ولەژێرکاریگەری شۆڕشەکانی تونس ومیسردا بۆنی بەشۆڕشەوە کردبوو، بۆ خواستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و بەدەستهێنانی ئازادی ویەکسانی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی هاتنەمەیدانەوە، بەڵام بەو هۆیەوە کەپێستر لەفەزای سیاسی گشتی کوردستاندا بەرامبەر بەسیاسەت وئامانج وباوەڕەکانی ئەم باڵەی بۆرژوازی ئۆپۆزسیۆن خۆشباوەڕبوون، بوار بەرووی دەور پەیداکردنی ئەم باڵەی بۆرژوازی وەکو ڕابەری نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکان کرایەوە. بەواتایەکی تر جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بەدروست ئاڵای باڵێکی بورژوازی کوردیان خستە سەر زەوی، بەڵام بەنادروست لەئاست ئاڵای باڵێکی دیکەی بورژوازی کورددا خۆشباوەڕ مانەوە. باڵی بورژوازی ئۆپۆزیسیونی کوردی پێکهاتوو لەناسیونالیزم وئیسلامی سیاسی، کەخۆی لەبزووتنەوەی گۆڕان وڕەوتە ئیسلامیەکاندا نواند، بەناحەق بوون بە بەشێکی گەورە لەئاڵای نەفرەت لەبورژوازی دەسەڵاتداری کورد. لەکاتێکدا ئەو ئۆپۆزیسیونە بورژوازیە نە لەڕووی ئاسۆیەکی سیاسی کەبۆ ئایندەی سیاسی کوردستان هەیانە و نەلەڕووی بەرنامەو ئامانجەکانیانەوە، هیچ تەبایی وجوت بوونیکیان نیە لەگەڵ ئازادی ویەکسانی وعەدالەتی





لەسەر کوردستان.

لەبەرئەوەی هەلومەرجەکەیان زۆر لەیەک دەچێت، یەعنی ئەو شتەی کەلەوێ خەڵک لێی ڕاپەڕیوە لەزۆر لایەنی ئەساسی خۆیدا لەکوردستان ئەچێت، بۆیە تەئسیراتی ڕاستەوخۆیشی لەسەر کوردستان هەیە ودەیبێت. ئەوەی کەتاکو ئێستا دەیبینی، وەک هەر جێگەیەکی تر دەسەڵاتی حاکم دەسەڵاتێکە کەبەزۆر خۆی داسەپاندوەو ژیانێکی شاهانەی بۆ بەشێک لە کۆمەڵگا پێکهێناوە کەدەوڵەمەندان وسەرمایەدارانن. لەبەرامبەر ئەم واقعەدا نارەزایەتی خەڵک لە ئارادایە ودەسەڵاتیش کاردانەوەی هەیە لەبەرامبەریدا، هەڕەشەو گوڕەشەو چاوسور کردنەوەو سەرکوتکردن وهێز کۆکردنەوەو تەنانت تانگ و تۆپ جوڵاندن و بەگەڕخستن بۆ ئەوەی لولەکانی پیشانی خەڵک بدەن. لەم کاردانەوەیەشدا، ڕاستە بەڕواڵەت هەوڵەکانی دەسەڵات بۆسەرکوت، ڕووی لەبزووتنەوەی گۆڕانە بەڵام بەبڕوای من ئەوان ئەبینن کەلەکوردستاندا مەیلێ بۆ ئاڵوگۆڕ ومەیلێ بۆ وەستانەوە بەدژی ئەم ناعەدالەتیە هەیە و ئەزانن کە بەتەواوەتی ڕیشەیەکی بەهێزی هەیە وخەڵک خوازیاری ئاڵوگۆڕێکی لەوجۆرەیە. بۆیە لەڕواڵەتدا هێز پیشانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەدەن، بەڵام لەواقعدا مەبەستیان هەموو خەڵکە، بەهەموو خەڵک دەڵێن ئەگەر خەڵکێک مەیلی ئەوەی هەیە کەئەم ئەوزاعە بگۆڕیت وە بیەوێ بێتە مەیدان ئەبێ ئەوە بزانێت ئێمە بەلولەی چەکی پێشمەرگە و بەلولەی دەبابە، جوابی دەدەینەوە.

**ڕادیۆی هاوپشتی: ئایا ئیمکانی ڕیفۆرم لەم دەسەڵاتە دا هەیە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** مشکلەی من لەگەڵ بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە کەبەرنامەی ڕیفۆرمێکی زۆر ڕواڵەتییە لەقانونی ئەساسی ئەم وولاتەدا لەڕووی ئابووری و سیاسیەوە.

هیچ ئاڵوگۆڕێکی جدیان مەترەح نەکردوە، بەتایبەتی کەدووبارە هەر سیستەمی پەرلەمانی پێشنیار دەکەنەوە. ئەویش بەو ئیزافەیەوە کەڕەنگە لەم جارەدا گۆڕان، (دیارە بەبۆچوونی خۆیان) هێزی یەکەم بێت تیایدا. وە دووبارە هەر دەستوری قەومی-ئیسلامی دەکەنەوە بەپایەی ئەساسی قانوون لەکوردستاندا. هەروەک ئەیبینین کەگۆڕان لەگەڵ لایەنە ئیسلامیەکان و لەگەڵ دەستوری ئیسلامیداو لەگەڵ شەرعیەتی ئیسلام کۆکن، ئەمەش کۆڵەکەیەکی بەدبەختی و بێمافی بەشێکی گەورەی ئەم کۆمەڵگایەیە. جگەلەمەش دووبارە هەر باسی وەڵامدانەوە بەهەژاری وبێکاری وکەمی دەرامەتی کرێکاران، لەبەرنامەی گۆڕاندا نیە، بەکورتی ئەوانەی کەگۆڕان ووتویەتی بەقەد ئەوەیە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی گۆڕان... من مەبەستم ئەوەیە ئەوەی گۆڕان کردویەتی بە بەرنامەی خۆی، ئاڵوگۆڕێکی زۆر ڕواڵەتییە!

بەڕواڵەت وادیارە، ئەوان ئاڵوگۆڕێکی زۆر گەورە پێک دەهێنن بەڵام خوازیاری ئاڵوگۆڕێکی گەورەنین لەوە زیاتر کەتەجروبەی هەر ئەم ٥ — ٦ مانگەی لەمەوپێش نیشانیدا. ئەوان بۆ مەوزوعی تیرۆری سەردەشت عوسمان چ هەرایەکی گەورەیان سازکرد لەچەند ڕۆژانی سەرەتادا، بەڵام زۆر لەناکاو هێشتا کەزۆربەی خەڵک لەگەرمەی نارەزایەتیدا بوون، دەنگی خۆیان بڕی و لەپشت ئەو نارەزایەتیە لاچوون، لە قۆناغی دووەمدا کاتێک سیناریۆکە سازکرا بۆ بەتیرۆریست

ناساندنی سەردەشت، ئەم جارە ئەوان تەنانەت هەڵوێستێکیان نیشان نەدا.
ئەمە نیشانی دەدا کەئەوان زۆرتر ئەیانەوێ ناڕەزایەتی خەڵک بکەن بەدەستمایە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆیان. موشکیلەی ئەوان موشکیلەی ئەکسەریەتی خەڵک نیە کەلەدژی برسیەتی وهەژاری وبێکاری و نابەرابەری کۆمەڵایەتی بەدەنگ هاتووە. موشکلەی ئەوان موشکیلەی ئەو هەزاران و دەیان هەزار ژنە نیە کەلەژێر هەڕەشەی پیاوسالاری ونامووسپەرستیدان، موشکیلەی ئەوان موشکیلەی ئەو لاوانە نیە کەبەشەپۆل هەڵدێن، هەتا موشکیلەی ئازادی سیاسیان نیە. بەو دەرەجەیە ئازادی سیاسیان بۆ مەترەحە کەموشکیلات بۆ ئەوان پێکهاتبێ و ڕێگری بۆکاریان دروست بووبێت.
ئەوەی من باسی ئەکەم شتێکی زۆر جیاوازە لەوەی گۆڕان، ڕاستە هەردووک باسی ئاڵوگۆڕ دەکەین لەکوردستان، بەڵام بەدوو ئیتیجاهی گەلێک جیاواز.

**ڕادیۆی هاوپشتی: ئاڵوگۆڕ لەکوردستان ئیمکانی هەیە، پێت وایە خەڵک بڕژێنە سەرشەقام؟**
**ڕێبوار ئەحمەد:** لەهەموو شوێنێکی دنیا هەمیشە ئەم مەسەلەیە مەترەحە، مادام خەڵکێکی زۆر ناڕازیە، مادام ناڕەزایەتیەکی گەوری پەنگ خواردوو هەیە، مادام ناعەدالەتیەکی گەورە بەوجۆرە هەبێت، کەتۆ لەبازاڕ لە دوکان و لەهەر جێگایەکی تردا دەیبینی. خەڵک قسە ئەکا ئەمە هەمیشە ئیمکانی هەیە بگۆڕێ بەڕەوەندێک بۆ گۆڕان، هەر ئێستا خەریکە ئیماکنەکەشی دروست دەبێت، فەرقێک لەبەینی ئێستاو دوومانگ لەمەوبەرو شەش مانگ لەمەوبەر وساڵێک لەمەوبەر هەتا ٥ ساڵ لەمەوبەر ئەوەیە، ئیمکانەکە خەریکە دروست ئەبێت، بەتایبەتی کەشەپۆلێک لەڕاپەڕینی شۆڕشگێرانە هاتۆتە مەیدان.
خەڵکانێک بینویانە دەسەڵاتێک وەک دەسەڵاتەکەی حوسنی موبارەک، کەوادەهاتە بەرچاو دەسەڵاتێکی لەبنەهاتوو لەجولان نەهاتووە، ئەمڕۆ لەئاستی هاتنە مەیدانی خەڵکدا چۆکی داداوە. ئێستا ئەو ئومێدە لەناو خەڵکدا زۆر گەشاوەتەوە، ئومێدێک کەئەگەر خەڵک بێتە مەیدان دەتوانێت ئاڵوگۆر بکات. لەم چند ساڵەی ڕابردوودا کەخەڵک نەیتوانیوە بێتە مەیدان لەکوردستان ترسی بوە لە دەسەڵات و لەسەرکوتی یەکێتی وپارتی، بەڵام ئێستا ئەبینن کە چون حوسنی موبارەک بەو هەموو زەبرو زەنگەوە بەرگەی هاتنەمەیدانی خەڵکی ناڕازی نەگرت...

**ڕادیۆی هاوپشتی: ببورە پرسیارەکەت پێئەبڕم، بەڵام ئەو ترسە هەر هەیە ئێمە وەک کەسانێک لەکوردستانی عێراق هاتوین کاتێک موقارنەی دیکتاتۆرێکی وەک سەدام دەکەین، نەوعێ لەدیکتاتۆری کە حوسنی موبارەک هەیەتی، لەگەڵ ئەوەی کەلەسەرەدەمی سەدامدا ئیمکانی نەبوو خەڵک بێتە سەر جادەو ڕەمی نەکرێت، هێشتا بەڕەئی من ئەمە دیفاع نیە لەحوسنی موبارەک کاردانەوەی سوپاو ئاسایش بەو شێویە کەلەعێراقدا ئەنجامدراوە، پێت وایە یەکێتی و پارتی بەم شیوەیە مامەڵەی خەڵکی بکەن، یان کەلتوری بەکارهێنانی چەک لەبەرامبەر بەیانێکی گوڕاندا دەبابە بەرامبەر گردەکە کارێکی وا دەکا ئەگەر ئاڵوگۆڕێک بێت کۆمەڵگای ئێمە خوێناوی تر دەبێت...**



ڕێبوار ئەحمەد ئامانجەکان وئاستەنگییەکان

کۆمەڵگا لەخوێنی هاوڵاتیان هەڵکێشێ. پەلاماردان وکوشتن وگرتن ومیلیتاریزەکردنی شارەکان، ناوەڕۆکی پوچی ئەو "پیرۆزی"یەی خستە دەستی جەماوەرەوە، کەگوایە ئەم دەزگایانە بەتایبەتی، هێزی پێشمەرگەی "ئامرازی ئاسایشی نەتەوەیی ورزگاری کوردستان وگێرانەوەی ناوچە دابڕاوەکان وپاراستنی ئاسایشی کۆمەلایەتین". تەنانەت پەردەی لەسەر ناوەڕۆکی ئەو هەوڵانەی لایەنە بۆرژوازیەکانی ئۆپۆزسیۆنەکان هەڵدایەوە، کەپڕۆژەی هێشتنەوەی ئەم هێز و دەزگا سەرکوتگەرانەیان بەناویی "بەنیشتمانی کردن وبەیاسایی کردنی" هێزی چەکدار و دەزگا موخابەراتییەکانی ئێستایان کردۆتە بەشێک لەبەرنامەی گۆڕانکاری وچاکسازی خۆیان. ڕووداوەکانی ١٧ شوبات ئەو ڕاستییەی سەلماند کەهێزی چەکدار ودەزگا سەرکوتگەرەکان، هێزی پاراستنی "نیشتمان وئاشتی کۆمەڵایەتی" نین. بەڵکو بەهەڵوەشانەوەی ئەم دەزگایانە ودەستکۆتاکردنی دەسەلات لەم ئامرازانەی سەرکوت، مەرجی سەرەکیە بۆ ئەوەی دەسەڵات پشت بەئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک ببەستێ.
دەسکەوتی گرنگی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە گۆڕینی هاوسەنگی هێزی نێوان دەسەڵاتی بورژوازی کورد وکرێکاران وجەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخوازە. ساڵەهایە ئەم جەماوەرە بەهۆی گرفتاربوون بەوەهم و خوارافاتی ناسیونالیستیەوە، ئیرادەیان لەژێر پێی دەسەڵاتی میلیشایی ئەو حیزبانەدا تێکهاڕاوە. ئەمەش ڕوکنەکانی هاوسەنگیەکی بەتەواوی بەقازانجی دەسەڵاتی ستەمکاری بورژوازی کوردی داکوتابوو. ئەم بزووتنەویە ئەو هاوسەنگیەی تێکداو بەباری قازانجی جەماوەری ستەمدیدەدا ئاڵوگۆڕی گەورەی تیادا پێکهێنا.
هەر لەجەرگەی ئەم بزووتنەویەدا هۆشیاری سیاسی چینی کرێکارو جەماوەری ستەمدیدە لەئاست ناسینی بەرژەوەندیە جیاوازەکانی خۆی لەبورژوازی کورد، بەرەو سەرچوو. بەرچاویان لەئاست ناسینی بەرژەوەندی وخواستەکانی خۆیان ڕۆشنتر بووەوە. تەنانەت هەنگاوێکی سەرەتایی لەرێگای یەکدەست بوونەوەو خۆرێکخستن بەرەوپێش هەڵگیرا.
دەسکەوتێکی هەرە گەورە، هاتنەوەمەیدانێکی سەرلەنوێ ودەرکەوتنەوەی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو، لەئاستی کۆمەڵایەتیدا وەکو حیزبێکی کرێکاری وکۆمۆنیست وشۆڕشگێڕو نواندنی دەورێکی سیاسی دەخاڵەتگەر لەساحەی سیاسیدا. ئەمە دەسکەوت وپێشڕەویەکی گەورەیە لەرێگای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیەی کەلە چەند ساڵی رابردوودا، بەتایبەتی لەدوای پەلاماری چەکدارانەی یەکێتی بۆسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە١٤ی تەموزی ٢٠٠٠ەوە هاتە کایەوە. ئێستا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەشایەتی دۆست ودوژمن، یەکێکە لەیاریکەرانی خاوەن دەور لەساحەی سیاسیدا وئەمەش فاکتۆرێکی زۆر کاریگەرە ویەکێکە لەپێداویستیە حەیاتیەکانی پێشڕەویی داهاتوو.
لەرووی بەدیهاتنی داخوازیە سیاسی وئابوریەکانی جەماوەریشەوە. هەرچەندە ئەو خواستانە تا ئیستا بەدینەهاتوون ودەسەڵات بەراشکاوی دانی بەهیچیاندا نەناوە، بەڵام سەردانەواندنی تەم ومژاوی دەسەڵات وبەڵێنەکانیان بۆ جێبەجێ کردنی داخوازیەکانی جەماوەر، لەسەریان بووە بەماڵ. زەبری ئەو چەکوشەش کە بزووتنەوەی جەماوەری بەسەر سەری ئەم دەسەڵاتەوە ڕایگرتووە، ناکرێ ئەوەندە ترسی لەدڵیدا نەچاندبێت کەناچاربێت لەو بوارانەشدا داخوازیەکانی لەبەرچاو بگرێت و هەر وەکو پێش ١٧ی شوبات خۆی لەئاست ویست وداخوازیەکان خەڵک گێل

هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە لەئاستی ناوچەکەدا، هاندەرو یاریدەدەری ئەوەبوو کەڕاپەڕینی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی گەندەڵ وستەمکاری بورژوازی کورد لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا دەست پێبکات. لەو کاتەوە بۆ ماوەی ٦٢ ڕۆژ، بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی وشۆڕشگێڕانەی جەماوەری فراوان، بەبێ ڕاوەستان وبە ورەیەکی بەرزو ئومێدەواریەکی گەورەوە، لەدەوری داخوازیە بەرحەق ورەواو ڕادیکاڵەکانی کرێکاران وجەماوەری دەست تەنگ وئازادیخواز، لەمەیدان ڕاوەستاو سنگی نا بەگوللەی حکومەتی کوردیەوەو مەیدانی چۆڵ نەکرد. لەم تەجروبەیەشدا حکومەتی کوردی دووپاتی کردەوە کەبەعس ئاسا دەستی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگە بۆ کوشتاری خەڵکی ناڕازی وئامادەیە گۆماوی خوێنی "میللەتی خۆ" بەڕێخات، ئامادەیە هەرچەند پێویست بکات بۆ پاراستن وداسەپاندنی دەسەڵاتی گەندەڵی بنەماڵەیی، لەخەڵکی مەدەنی وتەنانەت نەوجەوانان ومنداڵانیش بکوژێت، تا ناچاریان بکات دەست لەداخوازیەکانیان هەڵگرن، بۆ ئەوەی ژیانی شاهانەی ئەوان لەسەر حیسابی بیدەرەتانی ملیونی هاوڵاتیان بەردەوام بیت.

## دەسکەوتەکان:

دوای ٦٢ ڕۆژ بەڕاگەیاندنی بەکردەوەی حکومەتی عورفی کوردی، بەلەشکرکێشی فراوان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان وعێراقەوە بۆسەر جەماوەری ڕاپەڕیو، بە بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆری فراوانترین سەرکوت وملهوڕی، بەشێوەیەکی کاتی مەیدانەکانی ئازادی لەدەستی ئەم بزووتنەوەیە دەرهێنراو وخۆپیشاندانەکانی ڕاگیرا. ئەم بزووتنەوەیە هەرچەندە پاشەکشەیەکی کاتی بەسەردا سەپێنراوەو تائێستا بەخواست وئامانجەکانی خۆی نەگەیشتوە، بەڵام نەک هەر شکستی نەخواردوەو کۆتایی پینەهاتووە، بەلکو دەسکەوتی گرنگ ومەزنی هەبووە کەڕێگای هەنگاوەکانی داهاتووی بەرەو سەرکەوتن، دەنەخشێنێت.

یەکەمین دەسکەوتی هەرە گەورەی ئەوەیە کەکۆتی خۆشباوەڕی بەرامبەر دەسەڵاتی ستەمکارو تاوانکارو ملهوڕی کوردایەتی پساندو لەو دیوی هەموو فریوکاریە نەتەوە پەرستی وخورافاتە ناسیونالیستیەکانەوە، ماهیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی وناسیونالیزمی کوردی، زۆر بەرۆشنی خستە بەردەستی خەڵکی کوردستان. بەمەش چەکێکی کوشندە لەدەستی دەسەڵاتی کوردی بۆ سەپاندنی ستەمکاری بەسەر جەماوەری چەوساوەدا، دەرهێنرا. ئەویش چەکی خۆشباوەری وفریوکاریە. ئیتر دەسەڵاتی کوردی لەسەر یەک قاچی سەرکوتکردن خۆی ڕاگرتووە. بەڵام ڕاوەستان لەسەر یەک قاچ وڕاگرتنی دەسەڵات بەزەبری حکومەتی عورفی، بەڵگەیەکە بۆ بەسەرچوونی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە وبەم کارەی حوکمی مەرگی خۆی داوەتە دەستی خەڵکی کوردستانەوە. ئیتر ئەوە کارو ئەرکی خەڵکی کوردستانە کەچۆن وکەی ئەم حوکمە جێبەجێ دەکات.

ئەم سەرکوت ولەشکرکێشیە، لەهەمان کاتدا ئەو ڕاستییەی بەرجەستەکردەوە کەسوپاو هێزە چەکدارەکان ودامەزراوە موخابەراتی ومافیایەکانی ئێستای کوردستان، وەکو دام ودەزگاکانی هەر دەسەڵاتێکی بیروکراتیکی بۆرژوازی لەدونیادا، ماهیەتێکی سەرکوتگەرانەیان هەیە. ئەم دەزگایانە ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر بزووتنەوە و ناڕەزایەتی هەقخوازانەی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێشدایە وئامادەیە بۆ ڕاگرتنی پایەکانی کۆمەڵگای بورژوازی وستەم وچەوسانەوە،





**ڕێبوار ئەحمەد:** بەبڕوای من ئەوەی کە حوسنی موبارک نەیتوانی کوشتارێک بکات لەنموونەی ئەوەی کەلەسەدام تەوقوع کراوە، دەلیلەکەی بەتەنیا ئەوە نیە کەحوسنی موبارک بەتەواوی وەک سەدام ئامادە نیە دەست بخاتە خوێنی خەڵک، بەڵکو دەلیلەکەی ئەو شێوە هاتنە مەیدانەی خەڵک بوو کەمەجالی نەدا، دەستی سەرکوتی خوێناوی ڕژێمی موبارەک بکرێتەوە. بەبڕوای من حوسنی موبارەک لەنەخشەیدا بوو کەئەگەر بۆی بلوێت وبۆی بچێتە سەر دەستبەرێت بۆسەرکوتی بێسنور، تەنانەت حازر بوو هەتا بڵێی بکوژێت بەشەرتێک بتوانێت سەرئەنجامەکەی هەلومەرجەکان ئارام بکاتەوە وئەو حەرەکەتە سەرکوت بکات. کەوایە دەبێت بزانین کەهێندێک حەرەکەت هەیە لەسەرکوت کردن نایەت، یان ئەبعادەکەی ئەوەندە فراوانە سەرکوت دەرەقەتی نایەت ولەبەرامبەریدا دەسەوەستانە. من پێموایە لەکوردستانیش ئەم فاکتۆرە ئەیبڕیتەوە.

خاڵێکیتر ئەوەیە کەبەشێک لەتوانای سەرکوتگەری دەسەڵات هەڵدەگەڕێتەوە بۆ وەهمێک کەخەڵک تووشی دەبێت. ئەوە خۆشباوەڕی خەڵکە، یانی ئەو خۆڵەیە کەدەسەڵات فڕێی دەداتە چاوی خەڵکەوەو کوێریان دەکات وناهێڵێ واقیعەکان ببینن وبەم هۆیەشەوە دەسەڵات توانای سەرکوتی تیا بەدەست دەهێنێ. لەڕاستیدا ئەوە خەڵکە کەچۆن دەست ئەبات بۆ ئاڵوگۆڕو ڕێگە نادات بەدەسەڵات تا بەئاسانی دەست بەرێت بۆسەرکوت وکوشتار.

لایەنێکی ئەم باسە هەڵدەگەڕێتەوە بۆخودی بزووتنەوەی گۆڕان. گۆڕان کەپێیەکی لەناو میلیشادایە وچەکداری هەیە لەکۆمەڵگاو لەناو هێزی پێشمەرگەدا، لەناو ئاسایشداو خۆی لایەنێکی چەکدارە، هەرچەندە زاهیرەن وا خۆی نیشان نادات. دیارە ئەمە مەترسیدارە. وە ئەگەر بێت و تەقینەوەی ناڕەزایەتی خەڵک بەبانگەوزی ئەوان شکل بگرێت، بەم هۆیەوە ئەو ئیحتمالەش دێتە پێشەوە کەمەسەلەکە ببێت بەشەڕی نێوان ئەوان. چونکە یەکێک لەولایەنانەی کەئەیەوێت ئاڵوگۆڕ بکات خۆی چەکدارە ومەیلی ئەوەی تێدایە کەدەست بەرێت بۆ چەک، ئەگەر ئەمە ببێت دیارە مەترسیدارە. بەنەزەری من یەکێک لەوشتانەی کەئەبێت ئێمە بانگەوازی بۆ بکەین خەڵک ووشیاربن بەم ڕاستیەو نابێت خۆشباوەڕبن بەوەی کەبەئاسانی حەرەکەتەکەیان دەچێتە پێشەوە. من تاکید لەوە دەکەمەوە کە خەڵک دەبێت بەتاکتیک و بەڕاوەستانێکی سەربەخۆی خۆیەوە دەست ببات بۆ ئاڵوگۆڕ وبێتەمەیدانەوە.

تاکتیکی من ئێستا بۆ ئەوە نیە کەخەڵک بچێ پەلاماری مقەرات بدات و بچن دەزگا دەوڵەتیەکان ئیدارەکان بسوتێنن، بەڵکو ئێستا کاتی ئەوەیە کەبێنە مەیدان بۆ داواکاری و خواستی زۆر سادە، خواستێک کەخەڵک پێویستی حەیاتی پێی هەیە. لەوانە مەسەلەی کارەبا، هەڵوەشاندنەوەی قانونی سەرکوتکردنی خۆپیشاندان، مەسەلەی ئازادیە سیاسیەکان، لە چوارچێوەیەک کەسەردەشتی تیا تیرۆر دەکرێت، لەسەر ئەوەی کەچەندین ڕۆژنامەنوس وڕۆشنبیر هەموویان ڕاکێشی دادگا دەکرێن، دەمی مزگەوتیان لێکردونەتەوە، بۆ ئەوەی خوتبەیان لەدژ بەن. هەروەها بۆ مەسەلەی بێکاری و.. بەواتایەکی تر ئێستا کاتی ئەوەیە کەخەڵک لێی ڕانەوستێت ولەوهاوسەنگیە تازەیەی کەهاتۆتە پێشەوە، یانی هاوکێشەیەک کەلەناوچەکەدا خولقاوە لەبەینی خەڵک ودەسەڵاتدا، سود وەرگرێت. خەڵک ئەمڕۆ توانای هەیە لەسەر ئەو

مەسەلانەی ئامāژەم پێکرد، خواستەکانی خۆی بەڕۆشنی مەترەح بکات، خەڵک توانای هەیە بچێت کۆبونەوە بکات، خۆپیشاندان بکات، لەدرێژەی ئەمەشدا سەرەنجام، ئەگەر دەسەڵات مل نەدات بەخواستەکانی خەلک، ئەوا کێشەمەکێشی نێوان خەڵک ودەسەڵات ئەباتە ئاستێکی ترەوە، ئەگەریش ملی پێدا ئەوا خەڵک قازانج دەکات. بەبڕوای من هێزی پێشڕەو ئەوەیە کەبتوانێ ئەوە بەبارێکدا بەرێت ڕێگایەکی سەلامەتی و ڕێگایەکی کەم دەردیسەری و ئەوتۆ بخاتە بەردەم کۆمەڵگاو بەردەم خەباتی خەڵک کەکارەساتی لێنەکەوێتەوە....

**ڕادیۆی هاوپشتی: گریمان ئەم خواستانە خواستی ئازادی بەوشێوەیەی تۆباسی ئەکەی، هەر ئەوڕۆژەی کەبڕیاربوو خۆپیشاندان بکرێت بۆ کارەبا، کارەبایان لەهەولێر یان لەهەندێ شوێن هەرزان کرد. حوسنی موبارەک حالیەن ئەڵێ من ئەم ڕیفۆرمانە دەکەم و ئەمەش بەمانای ئەوەیە ئەگەر ئەم خواستانە بزوتنەوەیەکی جەماوەری بێتە سەرشەقامەکان لەکوردستان ئەو خواستانەی قبوڵکرد خۆ یەکێتی و پارتی هەر لەدەسەڵاتدان یانی ئەوەی من لەقسەکانی تۆ تێگەیشتووم ئەمڕۆ وەختی پەلاماری دەسەڵات نیە، بەوشیوەیە کەزەینی خەڵکی کۆمەڵگای ئێمەی تێدایە، لەزهنیەتی نەوەیەکدا هەیە، کەلە ٩١ دا ئەقەومێ ئەزانم خوێناویە ئەمە ڕای ئێوەیە.**

**ڕێبوار ئەحمەد:** نا ئەزانی چۆنە ئەگەر تەماشا بکەی لەتونس دەسەڵاتێک ڕووخا بەڵام بەو دەرەجەی تۆ باسی ئەکەی  خوێناوی نەبوو من شیعارەکەم ئەوەیە، کەئەبێ دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان بڕۆن، بەتایبەتی کەئەمانە ٢٠ ساڵە حوکم ئەکەن لەکوردستان، ئەم ٢٠ ساڵە نیشانیان داوە کەبەرنامەی ئەوان، دەسەڵاتی ئەوان، ئاسۆی ئەوان، تەسەوراتی ئەوان لەگەڵ ئارەزو و بەرژەوەندیەکانی خەڵکدا چونیەک نیە، دەسەڵاتی ئەوان دەسەڵاتی خەڵک نیە، پیشانیان داوە کەئەوان دەسەڵاتێکی تاڵانچێتی ودەسەڵاتێکی دواکەوتون، دەسەڵاتێک ئاوێزانە لەگەڵ کۆنەپەرستی ئیسلامی و لەگەڵ عەشیرەتگەری و دەسەڵاتی بنەماڵدا، ئەمانە ئەبێت بڕۆن. من خوازیاری ئەوەم خەلک بینەمەیدان و بلین ئەمانە ئەبێ بڕۆن.

بەلام مەسەلەی گرنگ لیرەدا ئەوەیە کە ئەمانە چۆن بڕۆن. یانی ترس لەوە هەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان ئەتوانێ بەلایەکی تردا ببیات. بۆیە هەرچی ئیحتمالی خوێناوی بوونی ئەم قەزیەیە زۆرتربێەوە، هێزێکی مەسئول ئەو هێزیە کەمجازەفە بەخوێنی خەڵکەوە نەکات، شێوەیەکی جەماوەری ئەوتۆ بخاتە بەردەمی خەڵک کەبتوانێ بەکەمترین زەرەر لێی بچێتە دەرەوە، ئەگەرنا خەڵک خوازیاری ئالوگۆڕێکی زۆر لەوە قوڵترە کەگۆڕان دەیەوێت. من ئەڵێم ئەم دەسەڵاتە دەسەلاتێکە میلیشیاییە دەسەلاتێکی بنەماڵەیە، دەسەلاتێکە لەسەر بناغەی عەشرتگەری وە پشتی بەئەحکامی ئیسلامی بەستووە، ئەبێ بڕوات و تەواو بێت، ئەمە پەیامی منە بۆ ئەو کۆمەڵگایە. لەم ڕۆژانەدا دەسەلات ٢٠ لایەنی بەناوی حیزبی سیاسی کۆکردوەتەوە بۆ هێورکردنەوەی خەڵک، لە بەیانێکدا ئەوانیش باس لەوە دەکەن کە گەدەڵی و زولم و ناعەدالەتی هەیەو دەبێ چارەسەر بکرێت. یانی بە جۆریک ئەوانیش بەرواڵەت خۆیان خستوەتە پاڵ خەڵک و گوایە ڕەخنەو ناڕەزایەتیان لەو دیاردانە هەیە. بەڵام ئەوان جۆرێکی بەیان دەکەن وەکو ئەوەی





بەرجەستە لەدەسەڵاتێکی میلیشیایی ومافیایی گەندەڵ وسەرکوتگەرو ستەمکاری، نمایش کرد. ستەمی نەتەوایەتی و ملهوڕی دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی عێراق، لەمێژووی رابردوودا ئەوەندە برینی سەختیان لەجەستەی ئەم خەڵکەدا هەڵکەندبوو، کەخۆشباوەڕی بە"حکومەتی خۆیی" ونەرێتەکانی بزووتنەوەی بورژوا ناسیونالیستی کورد، ئەوەندە قوڵ وبەرین کردبوەوە، کە ٢٠ ساڵ ستەم وتاڵان وبرۆو سەرکوت ومافیاگەری ئەم دەسەڵاتە درێژەی کێشا، بۆ ئەوەی ئەو خۆشباوەڕیە برەوێنێتەوە. رۆژی ١٧ی شوبات ئەو خاڵی وەرچەخانە مێژووییە بوو، کەجەماوەری ستەمدیدەی کوردستان، لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا، شانی خۆیان لەژێر باری قورسی ئەو خۆشباوەریە هێنایە دەرەوەو بەدەنگی بەرز ووتیان (نا) بۆ ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ستەمکارو سەرکوتگەرەی کوردایەتی. بەمەش هەر هەمان رۆژ هەنگاوێکی گەورەیان بەرەوپێشەوە هەڵگرت، دەسکەوتێکی گەورەیان بۆ نەخشاندنی ئایندەی خۆیان تۆمار کرد، کۆمەڵگای کوردستانیان خستە ناو قۆناغێکی سیاسی تازەوە.

٢٠ساڵ لەمەبەر، لەرێگەی خۆهەڵواسینی بزووتنەوەی کوردایەتی بەسیاسەتی ملهوڕانەو جەنگخوازانەو ئینسان کوژانەی ئەمریکاوە، دوو حیزبی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد لەسەر کورسی دەسەڵات دانران وبەڕێوەبردنی کۆمەڵگای سەرگەردانی کوردستانیان پێ سپێردرا. لەبەهاری ساڵی ١٩٩٢دا، لەنێو جەنجاڵێکی گەورەی تەفرەدان وفریوکاریدا، هەڵبژاردنی "یەکەمین پەرلەمان وپێکهێنانی یەکەمین حکومەتی خۆیی"، بەناحەق وەکو مژدەدەری بەدیهاتنی هەموو خەون و ئاوات وئامانجەکانی خەڵکی کوردستان، پێناسەکرا. بەڵام ئەو دەسەڵاتە زۆر بەخیرایی نیشانیدا کەدەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی وبورژوازی کورد، نەک هەر دەسەڵاتی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش وخەڵکی ئازادیخوازو ستەمدیدەی کوردستان نیە، بەڵکوو رێک بەپێچەوانەوە ولە دژی قازانج وبەرژەوەندی ئەوانە. دوو حیزبی ئەو بزووتنەوەیە بەخێرایی هەموو روکنەکانی دەسەڵات وئابوری کوردستانیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد، ژیانێکی شاهانەیان بۆ کەمایەتیەکی کەم بەرپاکرد وئەو کەمایەتیە نوقمی سەروەت کران، لەسەر حیسابی سەپاندنی هەژاری وکوێرەوەریەکی فراوان بەسەر زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگادا. لەسایەی ئەو دەسەڵاتەدا گەندەڵی وتاڵان وبرۆی بێسنور، سەرکوتی نەیارانی سیاسی وتیرۆری سازماندراوی ڕەخنەگران وهەڵسوڕاوانی ئازادیخوازو کۆمۆنیست ورۆژنامەنوسان، داهێنانی جۆرەها یاساو بڕیار بۆ خنکاندنی هەموو جۆرەکانی ئازاد، بەرپاکردنی کارەساتی تیرۆر وکوشتاری ژنان بەبەهانەی ناموسپەرستی، بەرێخستنی چەند جەنگی ناوخۆی کۆنەپەرستانە ومالوێرانکەر، کوشتارو ئەتک کردنی دیلەکانی ئەو جەنگانەو ئاوارە کردنی لایەنگرانی یەکتری، سەپاندنی یاسای کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش و بێمافکراو بەسەر چینی کرێکاردا، تیرۆرو سەرکوتی هەڵسوڕاوانی کرێکاری وپەلاماردانی رێکخراوە کرێکاریەکان، پەلکێش کردنی لەشکرو دەزگا جاسوسی وتیرۆرستەکانی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بۆ سەر دڵی خەڵکی کوردستان، ... بوون بەکارنامەی ٢٠ ساڵی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی. کەلە هەمان کاتدا بوونە زەمینەو بنەماکانی هاندانی راپەڕینی خەڵکی کوردستان لەدژی ئەم دەسەڵاتە .

بەرپابوون وسەرکەوتنی شۆڕشەکانی میسرو تونس لەوەلانانی سەرۆک وهەڵپێچانی بەشێکی بەرچاو لەدەزگای دەوڵەتی دوو ڕژێمی گەندەڵ وستەمکاری ئەو دوو وڵاتەدا، پەرەگرتنی

بەڵگەنامەی مەکتەبی سیاسی، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی

## 17ی شوبات تا ١٩ی نیسان چیمان فێردەکات؟!

**کۆبەندیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، هەڵسەنگاندن،دەرسەکان ودەستکەوتەکان وئایندەکەی**

### کوردستان پێی نایە قۆناغێکی تازەوە:

ڕۆژی ١٧ی شوبات خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەبوو لەمێژووی کۆمەڵگای کوردستاندا. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کەلەشێوەی هاتنەمەیدانی خۆپێشاندان وناڕەزایەتی فراوانی جەماوەری شارەکاندا خۆی نواند، دابڕانێکی سیاسی وکۆمەلایەتی لەگەڵ ئەو مێژووە دروستکرد کەتیایدا سونەتی بۆرژوازی وناسیونالیزمی کورد بەناوی "شۆڕشی ئەیلول وگولان وشۆڕشی نوێی گەلەکەمان" زهنیەت وکێشمەکێشە سیاسیەکانی کۆمەلگای کوردستانی پێ لەقاڵب دابوو وکردبووی بە پەردەیەک بەسەر ناکوکییە چینایەتییەکانیدا. لەو مێژوە ڕابردووەدا، خەبات وراپەڕین وناڕەزایەتی لەکوردستان، بەهۆی لەئارادابوونی ستەمی میللی و کێشەی میللییەوە، زەمینەی پێکهێنا کەبزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد، وەک بزوتنەوەی چینی سەرمایەدارو دەوڵەمەندانی کوردستان هەموو کێشەو کێشمەکێشە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان، لەبەرامبەر دەسەلاتی مەرکەزی وەکو"دوژمنی دەرەکی" پێناسە بکات ولەسەر ئەم بناغەیەش ئاڵاو بەدیل وسوونەت وئامانجە بورژوازیەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵبکات. بەلام ١٧ی شوبات وسەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کەڕاستەوخۆ کەوتە بەرامبەر بەدەسەلاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردەوە، ناوەڕۆک وچوارچێوەیەکی تازەی بەخەباتی سیاسی نەرێت وخواست وئامانجەکان وداهاتووی کۆمەڵگای کوردستان، لەڕوانگەی بەرژەوەندیە جیاوازەکانەوە، هێناوەتەکایەوە. بەم مانایەش ئەم کۆمەڵگایە چووە ناو دەورەیەکی تازە لەکێشمەکێشی چینایەتیەوە.

لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا، ئەزمونی کوردایەتی ودەسەڵاتدارێتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، بەناوی "حکومەتی خۆیی"ەوە، بەپشتیوانی گەورەترین خۆشباوەڕی وچەواشەکاری، نمونەیەکی





هۆکارو بەرپرسانی ئەو گەندەڵیە نادیارین و کەس نەزانێ کێن! ئەمە فریوکاریە، ئێمەو خەڵک کە دەڵێن گەندەڵی و تالانی و زولم سەورکوت هەیە، راشکاوانە مەبەستمان دەسەلاتە، مەبەستمان خۆیانە، پێمان وایە گەورەترین سەرانی ئەم دەسەلاتە گەورەترین گەدەڵ و تالانچی ئەم کۆمەڵگایەن. ئێمە لەگەڵ ئەوانمانە کە دەڵێین گەندەڵ و ستەمکار، بەلام ئەم ٢٠ لایەنە لەگەڵ کێیانە کە دەڵێن بەڵی راستە گەندەڵی و ستەمکاری هەیە؟! بزووتنەوەی گۆڕان کە پێشتر هاوخێزان بوە لەگەڵیان بەڵگەکانی ئەم تالانکاریەی زۆرترە. ئەگەر تەماشای ئەو بەڵگانە دەکەی دەبینی کە لە پێشدا نوکی رەخنەو ناڕەزایەتی لە خودی تاڵەبانی و بارزانیە، نەک لەبەر ئەوەی کە گوایە چاوپۆشی دەکەن لە هەندێک گەندەڵی، بەڵکو لەبەرئەوەی کە خۆیان بەر لە هەمووکەس گەورەترین بەشیان هەیە لە داگیرکردن و بەتالانبردنی موڵک و ماڵی ئەو کۆمەڵگایەدا. لە کوردستان ئەگەر سەرنجبدین لە گەورەترین پرۆژەکانەوە، لە کۆمپانیای نەوت و بازرگانی نەوتەوە تا کۆمپانیای تەلەفونات تا کارگەیەکی دروستکردنی تەلی فافۆن و تەنانەت مەسینە دروستکردنیش دەبێ نیسبەی لە سەدا ٥١ موڵکی پارتی یان یەکێتی یان سەرانی بێت. کەواتە باسەکە ئەمەیە، باسی گەندەڵی خودی خۆیانە، نەک ئەوەی کە چاوپۆشیان لەگەندەڵی کەسانی تر کردوە، یان کات فرسەتی پێنەداون و پێڕانەگەیشتون بەری گەندەڵی بگرن و گەندەڵەکان محاسەبە بکەن. بەڵکو لە پێش هەمواندا باسی خۆیانە.

لەوانەش ئاشکراتر ئەو هەموو کۆمیتەو ناوچەو مەڵبەند و لقەی پارتی و یەکێتی کە خەریکن کار بۆ ئەو دوو حیزبە دەکەن، سیاسەتەکانی ئەوان ئەبەنە نێو خەڵکەوە، پرروپاگەندە بۆ ئەوان دەکەن، دەنگ بۆ ئەوان کۆدەکەنەوە، بۆ ئەبی خەرجی ئەمانە لە بودجەی دەوڵەت و کۆمەڵگا بدرێت؟! بۆ دەبێ ئەندام کۆمیتەیەک کە ئەم کارانە بۆ حیزبەکەی خۆی دەکات، چەند بەرامبەر مانگانەی کرێکارێک وەرگرێت کە کار دەکات و بەرهەم دەهێنێت و بەشێک لە پێداویستی ژیانی کۆمەڵگا دەخولقێنێ؟! بۆ دەبێت ئەم هەموو داهاتە برژێتە دەست و گیرفانی ئەم حیزبانەوە بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری حیزبیو مەقەرات و ئیداراتی حیزبی و پان و بەرینکردنەوەیان؟!

ئەمەبەستم ئەوەیە بەڵگەکانی ئەوەی کە ئەمانە دەبێ رۆن زۆر و زۆر ئاشکران، بەلام من باسی شێوەکانی ئەوە دەکەم کە چۆن خەڵک دەتوانن ئەمانە ناچار بە رۆیشتن بکەن. یانی بە چ شێوەیەک دەکرێت خەلک بۆ وەلانانی ئەم دەسەلاتە پێیهاتە سەر رێگا. یانی چۆن حساب بۆ سەرکوت وپەلاماردانەکانی یەکێتی و پارتی دەکات، چۆن خەڵک بتوانێ فرسەتی پەلاماردانی چەکداری لەدەسەلات بسەنێ و تەنانەت ئەو هێزەش کە مەیلی بۆشەڕی ناوخۆ هەیە ناکام بکاتەوەو رێگا بگیرێت لەوەی کە هاتنە مەیدانی بزوتنەوەی جەماوەری لە یەکەمین هەنگاوەکانیدا ڕووبەڕووی کارەساتی گەورەی خوێناویی ببێتەوە. چۆن ریگا لە سەرکوت بگیرێت و سەرئەنجام چۆن بەسەرکەوتن بگات. شۆڕش لەتونس ومیسر ئەم شێوازەی خستە پێشچاو..

**پەیوەنیدەکی تەلەفومی/ زۆر زۆر سوپاسی ئەم ووتە جوانانە دەکەم، بەلام من وای تێئەگەم کە ئەو بیرمەندانەی کە لە وولاتی ئێمە هەڵیاندا لەسەر مەسەلەکان و کێشەکان، بزووتنەوەی گۆڕان**

**قۆستیەوە بۆ خۆی. ئەم بە جۆرێکی تر باسی کرد بەڵام بە شێوەیەک دەیقۆستەوە کە ئەمانەش هەر هی ئەون، هەموو میللەتێک کە گۆڕانیک دروست دەکات یان شتێکی چاک دەهێنێتە ئاراوە، لەلایەن چەند بیرمەنێکەوە دەکرێت، هەمووان نین. من وەکو تۆی دەگەم ئەمیش یەکێکە لەوانەو بەراستی جێگای ڕێزمە. پرسیارم ئەوەیە کە ئەم ئێستا دەڵێ چی کە هەرکەس قسەیەک دەکات ئیبداعێکی هەیە هێزێکی تیایە، ئەوبەشەی تر کە ئاوی دەستنوێژی دەسەڵاتدارانی ئیستان، کە ئیستا پییان دەلین گۆران، ئەیقۆزنەوە بۆخۆیان وەکو ئەوەی پەناگیری ئەو دەسەڵاتەبن.**

**ریبوار ئەحمەد/** منیش پێموایە گۆڕان وەکو لایەنێک کە چەند ساڵێکە لە دەسەڵات جیابوتەوە، لانی کەم ١٠ ساڵ شەریکی ئەم دەسەڵاتە بووە، یان دروستر بڵێم لە حیزبێکی دەسەڵاتدار جیابوەتەوە، ئەو ڕۆژگارانەش کە ئەوان لە دەسەڵات بوون لە یەکێتیدا و سەهمی شێریان هەبوو لە دەسەڵاتی یەکێتیدا، ئەوکاتیش ئەم ناعەدالەتی و تاڵانوبڕۆ و سەرکوت و تیرۆرە لە کوردستان هەبوو بگرە زیاتریش بوو، خەڵکیش ئەم ناڕەزایەتیانەی ئیستایان هەبوو لە بەرامبەریداو ئەوانیش لەسەرکوتکردنیدا بەشداربوون. بۆیە منیش پێم وایە گۆڕان ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی ناوێ کە وەڵامی مەبەست و ئامانجەکانی خەڵک بداتەوە، کێشەی ئەوان ئەوەیە کە دەستیان لە دەسەڵات بڕاوە، بەهۆی ناکۆکیەکانی ناو خۆیانەوە کەلەگەڵ یەکێک لەدوو حیزبی حاکم بویان، ئێستا دەیانەوێ دەسەڵات لەدەست ڕەقیبەکانیان دەرچێت وبکەوێتە دەستی خۆیانەوە. بۆ ئەمەش دووبارە حکومەتی پەرلەمانی پێشنیار دەکەنەوە کەخەڵک چەند ساڵە تەجوربەی لەبارەیەوە هەیەو ئەو راستیە سەلماوە کە ئەوانەی دەچنە ناو پەرلەمانەوە نوێنەری خەڵک نین، هەرچەندە بەزۆر دەنگی خەڵکیان بۆ وەرگیرابێت بەڵام نوێنەری ئەوان نین، بڕیارەکانیان لەبەرژەوەندی خەڵک نیە، بیر لەبەرژەوەندی خەڵک ناکەنەوە، نەخشەی باشتر کردنی ژیانی خەڵک داناڕێژن. بەو بەرنامەیەی گۆڕانیش بێت، دووبارە جەماعەتێکی تر بەناوی پەرلەمانی هەڵبژێردراوو نوێنەری خەڵک دەچنە ئەوێ وچوارساڵ خۆیان دائەسەپێنن بەسەر خەڵکدا و هەر بڕیارێک لە بەرژەوەندی دەسەڵات و چینی دەسەڵاتداردا بێت، لەدژی خەڵک دەیدەن وناوی دەنێن نوینەرایتی خەڵک. بۆیە منیش پێم وایە بزووتنەوەی گۆڕان خوازیارو نوێنەری گۆڕانێک نیە بەقازانجی خەڵک و ژیانی خەڵک باشتر ناکات و هیچ وەڵامێکی نیە بۆ گیروگرفتەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە ڕۆژانە لە زمانی خەڵکەوە لیست دەکرێن.

**رادیۆی هاوپشتی/ یەک مەسەلە هەیە کە من هەست دەکەم لە پلیمیکی سیاسی کۆمەڵگای کوردستاندا غائیبە، مەسەلەیەک لە ئەدەبیاتی سیاسی دنیادا، بۆ نمونە لینین بە مەنشەفیەکان دەڵێت ئیوە ریفۆرمیستن، یان لە ئێراندا بزووتنەوەی سەوز بە ئیسلاح تەڵەب ناودەبرێت. لەبەرامبەریشدا بزووتنەویەکی تر هەیە ئەلێ من ئیسلاحم ناوێ و ئالوگۆڕم ئەوێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر گۆڕان ئیسلاح تەڵەبە و بزووتنەویەکی ریفۆرمیستیە و ئەیەوێ لە چوارچێوەی هەلومەرجی ئێستادا ئالوگۆڕێک پێکبێنێت، بەڵام کاریگەری لەسەر شەقام هەیە. بۆ نمونە کاتێک بڕیار لەسەر خۆپیشاندن بۆ کارەبا لە سلێمانی درا، بەڵام ئەوکاتەی کە گۆڕان ووتی ئێمە**





بەهێزو یەکدەست لەمەیدان ڕاوەستێ. هەر ئەمەش زۆر یارمەتی ئەوەی دەدا کەئاسۆیەکی سیاسی سەربەخۆێ پێ ببەخشرێت ولەسەر خەتێکی تاکتیکی دروست ببرێتە پێشەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەمە ئێستا کاتی ئەوەیە ئەم ڕەوتی مانگرتنانەی بەتایبەت لەنێو خوێندنگاکان دەستی پێکردوە، پەرەی پێبدرێت، هەمەگیر بکرێت، خواستی دیاریکراوی بخرێتە بەردەم، لەڕووبەڕووبونەوەی توندو تیژ دوربگیرێت. وە لەهەموو گرنگتر ئەوەیە کێشبدرێت بۆ بوارەکانیتر، بەتایبەتی کارگەو ناوەندەکانی کاری کرێکاران وفەرمانبەران. بەڕاستی ئەوە جێگای نیگەرانی زۆر گەورەو لایەنێکی یەکجار لاوازی بزووتنەوەکەیە، کەدەوری چینی کرێکار تیایدا بەرجەستە نییە. ئەمەش لەپێش هەموو شتێکدا دەگەڕێتەوە بۆ دەوری کۆمۆنیستەکان وکرێکارانی پێشڕەو. بیهێننە بەرچاو ئەگەر ڕۆژێک کرێکارانی بەلەدیە وچیمەنتۆو نەوت و شوینەکانی تر مانبگرن، چۆن چۆکی دەسەڵات دەشکێنێ.

لەدڵی ئەم ڕەوتە لەرێکخستنی جەماوەرو شەپۆلی مانگرتنانە. دەبێ بینای سیاسی وکۆمەڵایەتی حزبێکی کۆمۆنیستی دەخاڵەتگەرو بەهێز، بەکۆمیتە کۆمۆنیستیە سازماندەرو ڕابەرەکانی ناوەندەکانی کارو ژیانەوە، بەسەمەری خۆی بگات. حیزبێکی شۆڕشگێڕ وڕابەرو سازماندەر، کەلە ئاستی گشتی ولە ئاستی محەلیشدا، بە دانی سیاسەت وتاکیتیک وڕێنمایی وڕۆشنگەری، بەردەوام ئامادە بێت، دەوری ڕابەریی سیاسی وعەمەلی خۆی بۆ هیچ ساتێک نەوەستێنێ، وەڵامی ڕۆشنی بۆ هەموو مەسەلەو هەموو گرفت وهەموو تاکیتیک وکارکردێکی بورژوازی ئامادەو لەبەردەستی خەڵک بێت. حیزبێکی بەم جۆرە لەدەورانێکی وەهادا دەتوانێ زوو ببێتە بەیدل وجێگا ئومێدی خەڵک. هاوکات حیزبێکی بەم جۆرە دەبێ نەخشەو ئامادە باشی تەواوی هەبێت بۆ بەرەنگاربونەوەی پەلاماری دەسەڵات. دەبێ بزانێ چۆن خۆی و بزووتنەوەکە لەپیلان وپەلامار دەپارێزێ و لەحاڵی پەلاماردانیدا چۆن ئیدامەکاری خۆی زامن دەکات .

مەسەلەیەک کەدەبێ کۆمۆنیزم کاری جدی لەسەر بکات ئەوەیە کەبتوانێ بەتاکتیکی گونجاوو تەبلیغاتێکی کاریگەرو جەزاب وبەڕێخستنی کارێکی هەڵخرێنەری کارسازو دامەنە فراوان، دەزگاکانی سەرکوتی دەسەڵات دوچاری ئیفلیجی بکات ولەکاریان بخات. ئەمە شتێکی مومکنە، هەر ئێستا باسی ئەوە دەکەن کەبەشێکی بەرچاو لەهێزی پێشمەرگەو پۆلیس وتەنانەت ئاسایش، ناڕازین لەم عەسکەرتاریەت وسەرکوتە بێپەردەیەی بەوان دەکرێت. دەبێ نەرێتی بەلشەفیەکان و شۆڕشگێڕانی میسر بۆ لانی کەم بێلایەن کردنی ئەو هێزی چەکدارە بگیرێتەبەر. بەردەوام لەهەمو ڕێگایەکەوە بۆیان ڕونبکرێتەوە کەئەوان هاوچارەنوسی جەماوەری ڕاپەڕیون ونابێ تەقەیان لێ بکەن، خۆیان نەکەن بەقەزاوەگێڕی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ وئینسانکوژە بنەماڵەییە، دەستی خۆیان بەخۆێنی خەڵکی ڕاپەڕیوو ستەمدیدە سور نەکەن، ئەوە بخرێتە بەرچاویان کەبەم جۆرە هەم تاوانی ڕشتنی خۆێنی جەماوەری بەشخوراو دەخەنە ئەستۆی خۆیان وهەم سبەی ڕۆژ بەووێنەی تاوانبارو بکوژ دەکەونە بەردەم دادگای شۆڕشگێڕانەی خەڵک. باخۆیان وخەڵکی چەوساوە نەکەنە قوربانی بەرژەوەندی ودەسەڵات وکەڵەکەی سەروەتی کۆمەڵێک گەندەڵکارو تاڵانچی. ئەمە مەسەلەیەکە ئەگەر کاری لەسەر بکرێت وئەگەر بکرێتە زهنیەتی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە، کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ئیفلیج کردنی توانا ودەزگای سەرکوتی دەسەڵات.

**بکەوێتەوە سەر ڕەوتێکی پێشڕەوانەو ڕوو لەپێش؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی لەسەر بناغەی خاڵە بەهێزەکانی لایەنە لاوازەکانی تێپەڕینێ ولەو تەنگەبەریەی ئێستا بێتەدەرەوە؟ بەدیاریکراوی ئەرک و ئەولەویاتەکانی ئێستای کۆمۆنیزم چیە لەم بارەیەوە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەمە پرسیارێکی گرنگە. هەڵبەت دەتوانم بڵێم پلاتفۆڕمی پەسەند کراوی پلنیۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەڵامی ڕۆشنی بەم مەسەلانە داوەتەوە، من لەسەر بناغەی ئەوە جەخت لەسەر هەندێک لایەن وهەنگاوی دیاریکراو دەکەم. لەپێشدا دەبێ بڵێم چ وەکو نەرێتێکی لەمێژینەی بزووتنەوەی ئێمە لەکوردستان ولە عێراق، چ وەکو شێوازێکی کورتبینانە وعەجولانە بەمەبەستی هەوڵدان بۆ دەسکەوتی بەپەلەی ئۆپۆزسیونی بورژوازی، کاری ئاکسیونی لەقاڵبی بەرپاکردنی خۆپیشاندان ومیتنگ وتەنانەت دەستەویەخە بوون لەگەڵ دەسەڵات، نەک هەر ڕەواجی زۆرە بەڵکو بەزۆری وەکو تاقە شێوەی خەباتی جەماوەری بووە بەباو. بەڵام ئەم شێوە ئاکسیونیە مەرج نیە هەمیشە شێوەیەکی دروست وکارساز بێت. بەدیاریکراوی لەئێستادا دەبێ بەوردبینیەکی زۆرەوە چاوی لێبکەن. یەکەمین هەستانەوەی سەر لەنوێ پێشڕەوی بزووتنەوەکە نابێ تەنها وا چاوی لێبکریت کەلە گرەوی دەست پێکردنەوەی خۆپیشاندانەکاندایە. لەپێشدا هەنگاوی کارساز ئەوەیە خاڵە لاوازەکانی پڕبکەینەوە. بەبڕوای من خاڵێکی زۆر لاوازی بزووتنەوەکە نزمی ئاستی ڕێکخراوبونێتی. مەرج نییە بۆ ئەمە تەنها قاڵبی شورا یان شێوازە باوەکان لەبەرچاو بگرین. بۆ نمونە ئێستا کاتی ئەوەیە کارێکی چڕوپڕ دەست پێبکات بۆ پێکهێنانی لیژنە و دەستەو گروپەکان لەهەموو گەڕەک وکارگەو خوێندنگاو فەرمانگەیەک..تەنانەت بۆ ئەم کارە مەرج نییە لەمەیدانەکان یان شوێنە گشتیەکان کۆبنەوە، ئەگەر بواری ئەمە لەئێستادا تەنگ بێت، دەکرێت تەنانەت لەماڵان کۆبونەوە بکەن، دەکرێت دامەنەی ئەم دەستەو لیژنانە لەو ئاستەدا بێت کەهەلومەرج بواری دەدات. کاری ئەم لیژنانە ئامادەکردنەوەی فەزاو هاوئاهەنگ کردنی سیاسی وڕێکخستنی جەماوەرو گەیاندنی دەستوری کارە بەجەماوەر. ئەمە کارێکە کەبە تەواوی لەگەڵ بەهێزکردنی پایەی کۆمۆنیزم وجەماوەری کردنی زیاتری بزووتنەوەکە تەبایی هەیە، لەداهاتوشدا ئەم لیژنەو دەستانە دەبنە ناوکۆکەی ئاستە باڵاکانی ڕێکخرابوون. ئەمە کارێکە لەسەراسەری کوردستاندا، بەناوچەکانی ژێرباری عەسکەرتاریەت و سەرکوتی پارتیشەوە، کاتی خۆیەتی وزەمینە وئیمکانیشی هەیە.

ئەگەر لەم بارەیەوە سەرنج لەشێوەی خۆڕێکخستنی لاوانی میسر بدەین بەراستی شایانی ئەوەیە دەرسی لێوەرگیرێت. ئەو بزووتنەوەیەو سەرئەنجام ئەو شۆڕشە کاتێک رواڵەتی تەماشای دەکەیت، وا دێتە بەرچاو کەرێکخراوی نەبوەو زیاتر خۆبەخۆیی بووە، بەڵام کەزیاتر لێی دەکۆڵێتەوە دەبینی هەوڵ وکۆشش و بەتایبەتی شێوەی ڕێکخستنی تایبەتی خۆی لەپشتەوە بووە. من داوا لەهەموو هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە دەکەم چاو لەهەندێک لەدیکۆمێنتاری شێوەی خۆ ڕێکخستنی لاوان بکەن کەلەسەر نیت هەیە ودەرسی لێوەرگرن. بەڕای من ئێستا زۆر کاتێکی گونجاوە بۆ ئەم مەسەلەیە. پێویستە تاجارێک دەڵێین خۆپیشاندن ۱۰ جار بڵێین خۆڕێکخستن وڕێکخستنی جەماوەر. ئەمە پشتی بزووتنەوەکە وەکو پۆڵا بەهێز دەکات. ئەمە هۆکاریکی بنەرەتیە بۆ ئەوەی لەهەنگاوی داهاتودا وەکو بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراوو





**پەیوەندیمان بەم خۆپیشاندانەوە نیە، ئیتر خەڵک نەڕۆیشتن بۆ بەشداری لە حۆپیشاندانەکە. پێت وا نیە ئەم بۆچونە ریفۆرمیستیە کە گەشەی هەیە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکداو گۆڕان لە رووی سیاسیەوە ئەیباتە پێشەوە، زەربە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵک ئەدەن بۆ ئەوەی بیتە سەرشەقام؟**

**ریبوار ئەحمەد/** ببورە بەر لەوەڵامی پرسیارەکەی ئێوە دەمەوێ بڵێم من بزوتنەوەی گۆڕان بە بزووتنەوەیەکی ریفۆرمیستی نازانم بەو مانایەی بزووتنەویەکە دەیەوێ چاکسازی لەکۆمەڵگادا بکات. بەو مانایەی ئەگەر سبەینێ گوڕان بێتە سەرکارو بەرنامەی ئەوان کاری پێبکرێت، بەو مەرجەی ئەگەر هاوسەنگی نێوان خەڵک و دەسەڵات بواری پێبدات رەنگە لەم دەسەڵاتەی ئێستا چەوسێنەرتر بێت و زەخت و فشاری زیاتر لەسەر ژیانی خەڵک دابنێت، بەمانای بە تاڵانبردنی دەسکەوت ودەستڕەنجی ئەو کۆمەڵگایە، بەمانای سازماندانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەک کەقڵشتی گەورەی نێوان زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگا وەکو بەشی بێدەرەتان ومەحرومی کۆمەڵگا لەگەڵ کەمایەتیەکی کەم وەکو چەوسێنەران ودەوڵەمەندانی کۆمەڵگا، قوڵترو قوڵتربێتەوە. گۆڕان ئەمرۆ هاتوە بۆ ئەوەی سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک بێت دەم لەکۆمەڵێک ئاڵوگۆڕو بەناو چاکسازی دەکوتێت. نەک ئەوەی خۆی بەخەسڵەتی خۆی و لەسەر پێی خۆی نوێنەری مەیل و بزووتنەوەی ریفۆرمیستی بێت. بۆ نمونە ئێستا لەئەورپا ریفۆرمیزم مەیل و بزووتنەویەکە کە مێژوویەکی درێژی هەیە، کەخۆی پێی وایە بەچاکسازی دەتوانێ نەزمی ئێستای سەرمایەداری ڕابگیرێت. لەسەر بناغەی ئەمە چاکسازی کردوە، نمونەکەی سۆسیال دیموکراسیە. بەڵام ئەمە لە عێراق و کوردستاندا نیەو گۆڕان لەم بابەتە نیە.

بەڵام ئەوەی کە گۆڕان کاریگەری هەیە، بەلێ منیش پێموایە کاریگەری هەیەو تا کاتێک کە ئەم بزووتنەوەیەو بەرنامەکەی لەناو خەڵکدا نفوزی هەبێت کەئێستا هەیە، بەڕای من یەکێکە لەخاڵە لاوازەکانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری. بەو مانایەی بزووتنەوەی گۆڕان وبزووتنەوەی نارەزایەتی لەڕووی ئامانجەکانیانەوە لەیەکەوە دورن، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان هەمیشە هەوڵیداوە هەر نارەزایەتیەک لە ناو جەماوەرەوە سەرهەڵبدات بۆ خۆی بەدەستەوەی بگرێت بۆ ئەوەی دواتر بۆ خواستێک بچوک بۆ خۆی بیگۆڕێتەوە. هەر ئەم رۆژانە باس لەوەیە کەلە نێوان دەسەڵات و گۆراندا دانوسان هەیە، بەرهەم سالح دەلێ ئێمە لەگەڵیان خەریک بووین دەسازاین و لەهەولی ئەوەدا بوین کە وەڵام بە خواستەکانیان بدەینەوە، بەتایبەتی ئەوەی کەلە دەسەڵاتی مەرکەزی لە بەغداد بەشدار نەکراون و بزووتنەوەی گۆڕان لەم بارەیەوە گلەیی لێکردون، کەچی لەم کاتەدا بە ووتەی دەسەڵات بزووتنەوەی گۆڕان هاتوون هەلومەرجەکەیان قۆستوەتەوە بۆ مەبەستێکی تر. مەبەستم ئەوەیە کەگۆڕان کاتێک مەسەلەکانی خەڵک بەدەستەوە دەگرێت مەرامی تایبەتی خۆی هەیە نەک دەستەبەرکردنی مەبەست وئامانجەکتانی خەڵک. بەم مانایە بەڵێ بونیان لە نێو بەرەی ناڕەزایەتی خەڵک، کاریگەری هەیە لەسەر ئەو بزووتنەویە وکاریگەریەکەیشی نێگەتیفە. بۆیە پێی دەڵێم بزووتنەوەی گۆڕان خاڵی لاوازی ئەو بزووتنەوە ناڕەزایەتیە جەماوەریەیە.

**ڕادیۆی هاوپشتی/ ئەمرۆ خەڵک چی بکات؟**

**ریبوار ئەحمە/** ئەمرۆ خەڵک دەبێ لەم فرسەتە کەڵک وەرگرێت، فرسەتی ئەوەی تەقینەوەی ناڕەزایەتی شۆڕشگێڕانە هاوسەنگی نێوان هەموو دەسەڵاتە داسەپێنراوەکانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ خەڵکدا گۆڕانی بەسەر هاتووە. یانی هاوکێشەکە بە قازانجی سەنگی خەڵک گۆڕاوە. مەبەستم ئەوە نیە کەبڵێم ئێستا لایەنی خەڵک قورسترە یان نا، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە گۆڕاوە و بە قازانجی خەڵک گۆڕانی بەسەرهاتوە. لەم هاوسەنگیە تازیەدا دەبێ کەڵک وەرگرن، ئێستا کاتی ئەوەیە بێینە مەیدان لەدەوری خواستە دەستبەجێکاندا، لەم بارەیەوە هیچ ڕانەوەستن، چونکە ئەم دەسەڵاتە ئاشکرا دەیەوێ کات بکرێت، دەیانەوێ خەڵک هێمن ڕابگرن بۆ ئەوەی هەلومەرجەکە تێپەڕێت. ئەوکاتیش ئەگەر هەلومەرجەکە تێپەڕێت وهێمنبێتەوە ئەوکات لە هاوسەنگیەکی تردا ئەم دەسەڵاتە گاڵتە بەخواستەکانی خەڵک دەکەن. بۆیە پێویستە خەڵک بێدەرنگ بەڕیزێکی سەربەخۆ بێنەمەیدانەوە لەبزووتنەوە بورژوازیەکانی وەکو گۆڕان وهەروەها ئیسلامیەکانیش کەتا ئێستا بەبەیاننامەی مەکتەب سیاسیەکانیان لەپاڵ دەسەڵات ڕاوەستاون، بەڵام ڕەنگەلە قۆناغێکی تری پەرەسەندنی ناڕەزایەتیەکاندا، وەکو ئیخوان مسلمین لەمیسر خەریکە بەرەبەرە دیتە ناو ناڕەزایەتیەکانی میسرەوەو خۆی بەرجەستەتر دەکات. ئیسلامەیکانی کوردستانیش ڕەنگەلە جێگایەکدا کەبزانن مەدەکە بەرێکەوتوەو ناگەڕێتەوە، خۆیان بخزێننە ناو ئەو مەدەوە. جەماوەری خەڵکی ستەمکێش پیویستە ریزی خۆیان لەمانە سەربەخۆ رابگرن، خواستەکانی خۆیان لەم بەرنامەو پلاتفۆرمی ئەم هێزانە جیاوازو سەرخۆ رابگرن. مەسەلەیەکی گرنگی تر ئەوەیە کە نابی کاتی زیادە بە دەسەڵات بدەن، دەبێ بڵێن هەر ئێستا دەبێ وەڵامی داخوازیە دەستبەجێکان بدەنەوە، ئەوانە کاتی ناوێ. بۆ نمونە لەسلێمانی مانگێک مۆڵەتیان داوە بۆ دابینکردنی کارەبا، بەڕوای من ئەوە هەڵەیە، دابینکردنی کارەبا مانێگێک مۆلەتی ناوێ، ئەگەربیانەوی وخەرجی بۆ بکەن دەتوانن لەماوەی ٣ ڕۆژدا کارەبا باش بکەن، مانگێک مۆڵەت بۆ هێورکردنەوەی خەڵک و دەرچونە لەژێرباری خواستی خەڵک. لانی کەم دەبێ وەڵامی دەسەڵات بەخواستی خەڵک ڕۆشن بێت، بۆ نمونە بەڵێن بدەن کەلە ماوەی حەفتەیەکدا کارەبا چاک دەکەن و بەرنامەکەی ڕوون بکەنەوە. بەڵام بەبێ ئەم بەڵێنە ناڕەزایەتیەکە دوابخرێت بۆ مانگێک ئەمە هەڵەیەکە کراوە. ئەگەر ئەم خواستانەی خەڵک داسەپێنرێت بەبڕوای من یەک هەنگاوی تر هاوسەنگی بەقازانجی خەڵک گۆڕانی بەسەردێت. ئەمە ڕێڕەوی گونجاوە بۆچونەپێش بەرەو خواستی گەورەتر وئاڵوگۆڕی گەورەتر تائەگات بەوەی بەپێی هاوسەنگی هێز خواست و مەسەلەی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەسیستەمی سیاسی دەسەڵات وئابوری ویاسا سەرەکیەکانی وولاتدا بهێنرێتە گۆڕێ.

**گوێگرێک لەسەر تەلەفون/ پرسیاری من ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان بەناوی هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەڕەشە دەکەن، بەڵام خۆ هەموو خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوان نیە. ئەوەندەی کە لەگەڵ گۆڕانە ١٠ ئەوەندە لەگەڵ یەکێتی و پارتیە. بۆ نمونە لە کەرکوک و ناوچەکانی کە**





گفتوگۆکاندا هۆشداری ئەوەمداوە کەنابێ هەنگاوی پێش وەخت بنرێت، نابێ خواستی قورستر لەتوانای بزووتنەوەکە بەرزبکرێتەوە، نابێ بەهانە بدرێتە دەست دەسەڵاتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان وئیسلامیەکان لەجیاتی بەرینکردنەوەی دامەنەی ناڕەزایەتیەکان وقوڵکردنەوەی سیاسی بزووتنەوەکە، ئەمەیان بەسەریدا فەرزکرد. بەشێوەی خۆبەخۆ لەناو بزووتنەوەکەو تەنانەت لەناو قوتبی کۆمۆنیزم وچەپیشدا ئەو نارۆشنیە هەبوو کەپێی وابوو بە بەرز کردنەوەی خواستی گەورەتر، دەتوانێ بزووتنەوەکە لەو تەنگەبەریە دەرکات کەلە مەیدانەکانی ئازادیدا قەتیس مابوو. ئەوە حساباتێکی هەڵە بوو .

لەنیو کۆمۆنیستەکانیشدا ئەو بۆچونە قورسایی دەکرد، کەئەوە خەڵک خۆی دەڵێ بڕوخێ دەسەڵاتی ئەمانە، ئیتر چۆن دەبێت ئێمە لەخەڵک کەمتر بڵێین. بە بڕوای من تائەو جێگایەی کەخەڵک وەکو ئاوات وئارەزوویەک باسی ڕوخانی دەسەڵاتی میلیشیایی دەکات، ئەمە ئارەزوو خواستێکی بەتەواوی بەرحەقە. ئێمە ٢٠ ساڵە دەڵێین ودوپاتی دەکەینەوە کەئەمانە شایستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی وشارستانی وەکو کوردستان نین ودەبێ لەدەسەڵات بخرێن. بەڵام تا ئەو جێگایەی باسی تەوقیتی شەڕی کۆتاییە لەسەر ئەمە لەگەڵ دەسەڵاتدا، بەهیچ جۆرێک کۆمۆنیزم نابێت مل بەمحاسەباتی خۆبەخۆیی وهەڵەی جەماوەر یان تاکتیکی لایەنە بۆرژوازیەکان بدات. لەو ڕۆژەدا ئەوە تاکتیکی گۆڕان وئیسلامیەکان بوو بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەسەرەوە. سەرئەنجامەکەی دەبوو بەوەی کەپێش ئەوەی بزووتنەوەی جەماوەری وشۆڕشگێڕانە تائاستی بەرپاکردنی شۆڕشێکی جەماوەری وئاڵوگۆڕبەخش پەرەبسەنێ، ئەوان بەمەرامی خۆیان بگەن. کۆمۆنیزم نابێ بکەوێتە ژێر باری ئەو فشارەوە. لەمێژوودا نمونەی ئەوە زۆرە کەجەماوەر بەشێوەی خۆبەخۆیی یان لەژێر کاریگەری ئاسۆی بورژوازیدا دەستیان بۆ تاکتیکی هەڵە بردوە، بەڵام ڕابەرانی کۆمۆنیست هۆشداریان داوە کەئەو کارە نەکەن. هەڵوێستی مارکس وئەنگلس لەکۆمۆنەی پاریسدا کەبە کرێکارانیان ووت کاتی راپەرین نییە وزووەو ئەوکارە مەکەن. نمونەیەکی درەخشانە. ئەوەی کەلینین دەڵێ یاری بەراپەرین مەکەن، نمونەیەکی ترە.. ڕابەرانی کۆمۆنیست دەبێ جەسارەت و لێبڕاوی ئەوەیان هەبێت کەلە جێگای خۆیدا بەخەڵک بڵێن ئەوە هەڵەیەو مەیکەن. بەڕای من زۆرێک لەم حوکمانە بۆ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەئاستی عێراقیشدا ڕاستە. لەوێش ڕۆژانی یەکەم لەپڕێکدا پەلاماری ئەنجومەنەکانی پارێزگایانداو سوتانیان وئەنجومەنەکانیان لەکارخست، بەڵام خودی ئەم هەنگاوە لەگەڵ ئەوەی دەسکەوتێکی مەلموسی بۆ جەماوەر نەبوو، کێشمەکێشەکەی بردە ئەو ئاستەی کەلە توانای بزووتنەوەکەدا نەبوو. بۆیە دواتر پاشەکشەی بەسەردا سەپێنرا.

بەکورتی بڵێم ئەم بزووتنەوە جەماوەری وشۆڕشگێڕانەیە، تەواو نەبووەو شکستی نەخواردوەو بەئاسانیش شکست نادرێت، ئەم ملهوڕی وعەسکەرتاریەتە ناتوانێ بۆ درێژماوە ئەو بزووتنەوەیە خامۆش بکات. تازە خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە ناحەوێتەوەو واز لەخواستەکانی خۆشیان ناهێنن. لێرە بەدوا دەبێ دەرسەکان وتەجروبەکانی رابردوو بەرجەستە بکرێن و ڕێگای سەرکەوتن هەموار بکەن .

**سەعید ئەحمەد: وەکو دوا پرسیار، ئێستا دەبێ چی بکریت بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوە جەماوەریە**

دەسەڵاتدارەکانی قوڵکردوەتەوە. خاڵێکی بەهێزی ئەم بزووتنەوەیە لەو جێگایانەدا کەبواری پەیداکرد، جەماوەری بوونی بوو. بزووتنەوەیەکی بەراستی جەماوەرییە. خواستەکانی خواستی واقعی وڕادیکاڵ وخواستی جەماوەری کرێکارو ستەمدیدەو لاوان وئازادیخوازانە، لەئاستی خواست وشیعارەکانیدا هیچ مۆرکێکی نەتەوە پەرستی وئیسلامی پێوە نییە. باوەڕ بەخۆبون و ئیرادەی جەماوەری بەئاستێکی بەرز گەیاندوە. خۆشباوەڕ نەبون بەدەسەڵات بەناوی "دەسەڵاتی خۆیی وکوردی" .. فریونەخواردن بەسیناریۆو پیلان وپڕوپاگەندەو بەڵێنە چەواشەکارانەکانی دەسەڵات وسات وسەودای ئۆپۆزیسیۆن، دیسان لەخاڵە بەهێزەکانی بوون. بێشک هەر لەم ئاستەشدا یەکێک لەبەرهەمەکانی ئەوە دەبێت کەدەسەڵات ناچار دەکات توڕەیی وخواستەکانی جەماوەر بەهەند وەرگرێت. فشاری ئەم بزووتنەوەیە تا ئەو ڕادەیە بوو کەمسعود بارزانی وجەلال تاڵەبانی بڵێن پشتیوانی لەخواستی خۆپیشاندەران دەکەین. هەر چەندە ئەم قسانەی ئەوان مایەی پێکەنین ومانای ئەوەیە "بڵێن پشتیوانی لەخۆپیشاندان دەکەین دژی خۆمان"!! بەڵام نیشانەی شپرزە بون ودەستو پێ ونکردنیانە لەئاست ئەم بزووتنەوەیە.

سەراسەری نەبونەوەی بزووتنەوەکە، بەرتەسک بوونەوەی لەمەیدانەکانی ئازادی وبەرین نەبونەوەی بۆ گەڕەک وکارگەو فەرمانگە..و، بەهێزی پێگەو ئاسۆی لایەنە بۆرژوازیەکان، نزمی ئاستی ڕێکخراوەیی جەماوەر، لاوازی دەوری چینی کرێکار لەبزوتنەوەکە، بەرتەسکی دەوری بەدیلی کۆمۆنیستی...هەروەها دەستبردن بۆ هەندێک شێوازو تاکتیکی نەگونجاو لەگەڵ هاوسەنگی هێزی ئێستا، کەدەسەڵات وەکو بەهانە بۆ سەرکوت ودەست پەرەپێدانی دەوری چەک وعەسکەرتاریەت، بەدەستەوەی گرت....لەخاڵە لاوازەکانی بوون .

کارێک کەدەبوو نەکرێت، هەر وەکو لەووتاری "یەک ڕاپەرین وسێ تاکتیک" ولە گفتوگۆم لەگەڵ "ڕادیۆی هاوپشتی-ڕۆژی ٥ی شوبات، واتە ١١ ڕۆژ پێش خرۆشانی ١٧ی شوبات" وهەروەها لە"گفتوگۆم لەگەل مزەفەری محەمەدی" باسمان کرد، نەدەبوو دەست ببرێت بۆ ئەو ڕووبەڕوو بونەوە پێشوەختانەی کە جەماوەر توانای سەرکەوتنی تیایدا نەبوو. لەوانە هەندێک لایەنی ڕۆژی ١٧ی شوبات. دەبوو بزووتنەوەکە لەقاڵبی بزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری ئەوتۆدا بڕواتە پێشەوە کەبوارەکانی سەرکوت بەڕووی ئەو دەسەڵاتە میلیشیاییەدا دابخات کەخۆی لەسەنگەری پەلاماری چەکدارانەدا مەڵاس دابوو. دەبوو لەجیاتی ئەوە فەزای سیاسی وجەماوەری بونەوەی زیاتر وکێشدانی بۆ مەیدانەکانی تر ورێکخراوکردنی ڕیزەکانی لەبەردەم خۆی دانایە.

هەروەها پێویست بوو، لەهەر قۆناغێکدا ئەو خواستانە بخاتە دەستوری خۆیەو بەرزیان بکاتەوە، کەهەم لەتوانایدا بوو بیسەپێنێ، هەم دەبونە دەسکەوتی مادی بۆ جەماوەرو ژیانی باشتر دەکردن، هەم دەبوونە بەردەبازی پەڕینەوەی بزووتنەوەکە بۆ قۆناغێکی بەرزتر، لەپێناو چونە پێش تاپێکهێنانی گۆڕانکاری ڕیشەیی ووەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی. لەم بارەیەشەوە بەدیاریکراوی دەتوانم باسی ئەوە بکەم کە "نەخشە ڕێگای ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی" ئەو هاوسەنگی هێزەی لەبەرچاو نەگرت، هەنگاوێکی خستەڕوو کەبزووتنەوەکە نەیتوانی هەڵیبگرێت. بەمەش شۆرشەوق وورەی بزووتنەوەکە زیانی پێگەیشت. بەم پێیەش بواری کردەوە بۆ ئەوەی دەسەڵات ئەم هەلە بقۆزێتەوەو دەست بۆ سەرکوتێکی ملهوڕانە بەرێت. من خۆم چەندین جارو لەچەندین بۆنەدا لەسەر ئەمە جەدەلم کردوە، ئەوەم پێشبینی دەکرد، وە لەنوسراوەو





**کێشەی لەسەرە، خەڵک دەنگی بە یەکێتی داوە. لە موسڵ و دەوروبەری دەنگیان بە پاتی داوە. ئەوە هەولێرو دهۆک هەر لەگەڵیان نین. ئەوەی هەیەو نیە هەر سلێمانیە. باشە من دەڵێم لە جیاتی ئەوەی چاو لە تونس و میسر بکەن باشتر نیە چاو لە جنوبی سودان بکەن؟ بیانوتایە ئێمە ئەم دەسەڵاتە هەڵدەوەشێنینەوە لەبەر ئەوەی ریفراندۆدممان دەوێت. دەمانەوێ چوارپارچەی کوردستان ببێت بەیەک، ئەوکات هەموو خەڵکی کوردستان لەگەڵیان دەبوو، ئەوکات پارتی و یەکێتیشیان ملکەچ دەکرد. بەڵام من ئەمە بە گۆڕانکاری دانانێم. پرسیاری من ئەوەیە کە بۆ بەرامبەر دوژمنەکانی کورد ڕاناوەستن، ڕۆژی بە دەیان کوردمان لە کوردستانی ئێران لەسەر جادە هەڵدەواسرێن، دەیان کوردمان سوکایەتی پێدەکرێت لە سوریا، هەزاران کوردمان لە تورکیا لەبەردەمی کامیرا سوکایەتیان پێدەکرێت و قوڵیان وردو خاش دەکرێت، بۆ بەرامبەر ئەوانە راناوەستن؟**

**ریبوار ئەحمەد/** من ناتوانم لە جیاتی گۆڕان وەڵام بدەمەوە دەربارەی ئەوەی گۆڕان بۆچی وا دەکات و نوێنەراتی کێ دەکات و.. بەڵام ئەو قسەی من ئەیکەم قسەی بەشێکی یەکجار زۆری خەڵکە لە دهۆک و زاخۆو هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و کەلارو کفری و هەموو شوێنەکانی کوردستان، من باسی خواست و ناڕەزایەتی ئەو جەماوەرە فراوانە ئەکەم و مەبەستیشم ئەوە نیە بڵێم کە ئەوان لەگەڵ من هەن یان نا؟ بەڵام ئەوە واقعیەتی ئەمرۆی کوردستانە کە خەڵکێکی زۆر نەفرەت ئەکات لەو وەزعەی کە هەیە. وەڵامی ئەمە ئیتر بەوە نادرێتەوە کە کورد لە ئیران و سوریاو تورکیا چی بەسەردێت؟ ئەوە دەسەلمێنم کە ئەوانەش کێشەن و پێویستیان بە وەڵامی خۆیان هەیە، لەبەرامبەر سەرکوتی ئەوانیشدا دەبێ دەنگ بەرزبکرێتەوەو ئەوانیش دەبێ هاورکاری بکرێن. بەڵام کێ ئەو کارەدەکات؟ خۆ ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لە کوردستانی عێراق لەسەر کارە، ئەوەندەی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لەوێ کورد سەرکوت دەکات هاوکارو خۆشخزمەتە، لەگەڵ خەلکە کوردە سەرکوتکراوەکان هاوکاری نەکردوە! دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی عێراق هاوکاری هەموو ئەو دەوڵەتانەی کردوە هەتا بۆ بەرتەسکردنەوەو سەرکوتکردنی بزوتنەوەی دژی ستەمی میللی لەو وولاتانەدا بەلام هەرگیز بۆ بەرگری لە خەلکی سەرکوتکراو دەنگی لێوەنەهاتوە.

ئیتر ناکرێ بە خەڵکی سلێمانی بڵێی خەڵیکنە ئێوە داوای کارەبا مەکەن و با یەکێتی و پارتی هەر وا داهاتی ئەم کۆمەڵگایە بەتاڵانبەرن، لەبەر ئەوەی خەڵکی کورد لە کەرکوک لەبەردەم هەڕەشەدایە! کە من پێم وانیە لەبەردەم هەڕەشەدابێت. یان بڵێی داوای داخوازیەکانتان مەکەن لەبەر ئەوەی خەڵکی کورد لە تورکیا سەرکوت دەکرێت، لە کاتێکدا من پێم وایە راستە لەوی خەڵکی کورد سەرکوت دەکرێت ودەوڵەتی تورکی خەریکە بەشێوەیەکی فاشیانە ئەو خەڵکە سەرکوت دەکات. بەڵام پەیوەندی لە نێوان ئەوە چیە کە لەبەر ئەوەی خەڵکی کورد لە تورکیا سەرکوت دەکرێت، خەڵکی سلێمانی دەبێ بێکارەبا دانیشن؟! یان دەبێ لەحەمرینەوە تا دەگاتە سنوری ئێران جەلال تاڵەبانی لە هەر چەند کیلۆمەتریەکدا قەسرێکی هەبێت؟! بۆ ئەبێ لەسەدا ٥١ی داهاتی هەر پرۆژەیەک بۆ یەکێتی و پارتی بێت؟! ئەم بەراوردکردنە مانای چیە کە دەڵێ

لەبەر ئەوەی لە جێگایەک کورد کوشتار دەکرێت، دەبێ چاوپۆشی لەوە بکرێت کە لە جێگایەکی تر دەسەڵاتی کوردی گەندەڵ و تاڵانچیە؟! ئەم پاساوانە ڕەنگە سەردەمانێک برەوی بووە، سەرەتای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کوردی وتا ماوەیەکی زۆریش توانی بەم پاساوانە خەڵکی هیمن رابگرن، بەڵام ئیتر کاتی ئەم قسانە بەسەر چووە، من پێم وایە ڕۆژی حیسابی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات خەریکە نزیک ئەبێتەوە.

**گوێگریک لەسەر تەلەفون/ پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر گۆڕان نەبێت ئاگری بنێ بە وەزعەکەوە، کێ هەیە ئەوکارە بکات؟ ئەمە ئاگاداریەکە دەدرێت بەو دەسەڵاتدارانەی کە دەستیان ناوەتە بینەقاقای ئەو خەڵکە هەژارەوە بۆ ئەوەی باڵەخانەکانی خۆیان بەرزبکەنەوە؟**

**ریبوار ئەحمەد/** دەربارەی ئەوەی ئەگەر گۆڕان نەیکات کێ بیکات، من لەم گفتوگۆیەدا نوێنەری ڕەسمی هیچ لایەک نیم و بەناوی خۆمەوە قسە ئەکەم. بەڵام زۆر پێش ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان باسی گۆڕان بکات و زۆر پێش ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان هەبێت و تەنانەت لەوکاتەدا کەسەرانی گۆڕان لە دەسەڵات بەشداربوون، کۆمۆنیزم لەو کۆمەڵگایەدا ئاڵای گۆڕانی بەرزکردەوتەوە، لەو پێناوەدا تێکۆشاوە، جەماوەری هێناوەتە سەرشەقام، قوربانیداوە، بەرامبەر بەبێکاری وبێمافی ژنان وسەرکوتی ئازادی سیاسی و بێمافی منداڵان و چارەنوسی کوردستان، تێکۆشاوەو سەرکوت کراوەو کێشمەکێش کراوە لەو کۆمەڵگایەدا. ئەوکات بزووتنەوەی گۆڕان هەر لەمەیدانیش نەبوو، بۆیە ئەو کۆمەڵگایە بێبەدیل نیە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بزووتنەوەی گۆڕان ئەگەر بشیکات، هیچ پەیوەندیەکی نیە بەخواست و ویست وبەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە. بەرنامەکەیان تەماشا بکەن بزانن لەمسەر بۆ ئەوسەری بۆ خەڵکی مەحرومی ئەو کۆمەڵگایە چی تیایە؟! لەسەر کێشەی ژنان کەتا ئێستا بەهەزان ژن لەسەر ناموسپەرستی کوژراون و مەدەکەی گەیشتوەتە ئەوروپاش، چ وەلامێکی تیایە؟! لەسەر ئازادی بەمانا گشتیەکەی و رزگاربونی کۆمەڵگا لە داب و نەرێتی عەشیرەتی و ئیسلامی و دواکەتویی چ وەڵامێکی تیایە؟

**گوێگرێک لەسەر خەتی تەلەفون/ پێش هەموو شتێک زۆر سوپاسی هەستی ئەو خوشکە دەکەم پێشتر هات و لە بارەی کێشەی بەشەکانی کوردستانەوە قسەی کردو زۆر پشتیوانی لەو دەکەم، هیوادارم ئەو هەستە لە نێو هەموو خەڵکی کوردستاندا هەبێت. پرسیاری من ئەوەیە نازانم جیاوازی گۆڕان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی چیە؟ بەبڕوای من هەرچی دەکەم لە باری ئایدۆلۆژی و ستراتیژی و تاکیتیکەوە هیچ جیاوازیەک لە نێوانیان نابینم. من پێم وایە گۆڕانیش هەر بەشێکە لەیەکێتی نیشتمانی و هەر ئەو کەلتورو سونەتەی هەیە، بەڵام ناکۆکیان ئەوەیە کە چەند کەس لە سەرکردایەتی یەکێتی لەگەڵ شیروان بەلایەکدا چون و جەلال تاڵەبانی و باڵێکی تر بەلایەکی تردا. پرسیار ئەوەیە کە گۆڕان چ ئایدۆلۆژیەکی جیاوازی هیە لەگەڵ یەکێتی.**

**رێبوار ئەحمەد/** ئەو پرسیارە ئاراستەی گۆڕان ئاراستەی من نیە. منیش پێم وایە گۆڕان و یەکێتی دوو بەشی یەک بزوتنەوەو تەنانەت یەک خێزانن، ناکۆکیان ناکۆکی ناوخۆی خێزانی بزووتنەوەکەیانە. لە روانگەی گشتی بزوتنەوەکەیان و تەنانەت لە پێشدا لە روانگەی بەرژەوەندی





بەشێوەی گونجاو ئەم نەرێتە بخریتە کەنارەوەو لەجیاتی ئەوە نەرێتی خەباتکارانەی جەماوەری، بەتایبەتی بەرجەستە کردنی دەوری کۆبونەوەو ڕێکخراوی گەڕەک وکارگەو فەرمانگەو خوێندنگاو ڕێکخراوە جەماوەریەکانی تر وکۆمیتە کۆمۆنیستیە ڕابەرو سازدەرەکان، بەرجەستە بکەن. بەڵام نابێ لەسەری ئەمەوە بگەن بەهیچ ئەنجامێک کەنائومیدی وبەدبینی یان دوو دڵی بەرامبەر ئەو بزووتنەوە جەماوەریە پێکبهێنیت.

**سەعید ئەحمەد: وەکو هەڵسەنگاندنێکی گشتی ئێوە، خاڵە لاوازو بەهێزەکانی خۆپیشاندانەکانی کوردستان چی بوون؟ چ شتێک نەدەبوو بیکەنو کردیان، وە چ شتێک دەبوو بیکەنو نەکرا؟ گرنگترین دەرسەکانی ئەم دوو مانگەی خۆپیشاندان لەکوردستان کامانەن کەدەبێ بۆ قۆناغی ئایندە لەبەرچاوی بگرین؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەم بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکی جەماوەری وشۆڕشگێڕانەی عەزیمە. تا ئێستا سەرباری ئەوەی بەڕاگەیاندنی حکومەتی عەسکەری مەیدانەکانی ئازادی داگیر کراوەو خۆپیشاندانی سەر شەقام ڕاگیراوە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە پێشڕەوی گەورەو دەسکەوتی زۆر گرنگی بووە، تا ئێستا تەنانەت سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە. لەپێش هەموو شتێکدا گورزێکی کاریگەری لەو وەهم و خۆشباوەڕیە کوشەندەو گەورەیە وەشاند کەناسیونالیزمی کورد وبزووتنەوەی کوردایەتی کۆمەڵگای پێ چەواشە دەکرد. ئەوان وێنایەکی ئەوتۆیان بەدەستەوە دەدا کەئەمانە بەناوی حکومەتی کوردایەتی وخۆماڵیەوە بۆ هەتا هەتایە حوکمڕانی ئەم کۆمەڵگایە دەکەن وهەموو ماف وحومەرتێکی ئیسنان دەخەنە ژێر پێیانەوەو سەروەتی کۆمەڵگا بەتاڵان دەبەن وخەڵکیش لێیان قبوڵ دەکات. ئەم بزووتنەوەیە گورزێکی گەورەی لەو خەونەی دەسەڵاتداران وەشاند کەنەوەی نەوەکانیان بۆ حومکڕانی دوای خۆیان ئامادە بکەن. هەموو ئەو پروپاگەندانەی بەبادا کەئەمانە بەو هۆیەوە ساڵانیک لەشاخ بوونە ئێستا مافی ئەوەیان هەیە بەدەسەڵات وماف وحومەرتی خەڵک وسامانی کۆمەڵگا یاری بکەن. دای بەژێر هەموو هەراو هوریای دیموکراسی وئەزمونی کوردایەتیاندا وپەردەی لەسەر ناوەڕۆکی میلیشیایی ومافیایی وگەندەڵی وسەرکوتگەری دەسەڵاتیان هەڵماڵی. ئەمانە گەلێک هەنگاوی گرنگن ودەوری زۆر گرنگیان هەیە لەنەخشاندنی ئایندەی ئەم کۆمەڵگایەدا. تازە کوردستان بەواقعی چوە قۆناغێکی ترەوە. خەباتی سیاسی وجەماوەری وتەنانەت چینایەتی لەم کۆمەڵگایەدا پێی نایە قۆناغێکی ترەوە. خودی ئەو حکومەتە عەسکەرتاریەی ئێستا ڕایانگەیاندوە بەڵگەی ئاشکرای ئەمەیە. ئەوان با بتوانن مەیدانەکانی ئازادی بەمیلیتاریزم داگیر بکەن، بەڵام ئەو بزوتنەوەیە بەوە خامۆش نابێتەوە، تازە نەفرەت لەم دەسەڵاتەو پێداگری لەسەر ئازادی و خۆشگوزەرانی وخەبات لەدژی سەرکوت وگەندەڵی وچەوسانەوە، لەهەموو کون وقوژبنێکی ئەم کۆمەڵگایە نەشونما دەکات وڕەگ دادەکوتێ ودەچێتە هەموو گەڕەک وکارگەو فەرمانگەو خوێندنگاو تەنانەت هەموو ماڵێکەوە، بەم جۆرە خۆی بۆ بەرامبەرکێیەکی دیکە ئامادە دەکات تا بەهێزو گوڕو تینێکیترەوە بچێتە مەیدانی نەبەردەکانی داهاتوو. تەنانەت هەر ئێستا وهەر لەم ئاستەدا تازە دەسەڵاتداران ناتوانن وەکو جاران خۆیان لەماف وئاستی گوزەران وخزمەتگوزاریەکانی خەڵک گێل بکەن. هەر ئێستا ولەم ئاستەدا ئەم بزووتنەوەیە ناکۆکی وئەزمەی ناوخۆی دەسەڵات وحیزبە

جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەکەدا هەیە. واتە ئەوەی هەیە پێکهاتن نیە لەسەر ئەوەی پێکەوە حکومەتیک دروست بکەن، بەڵکو کێشمەکێشە لەسەر پیگەی ئاسۆو بەدیلە جیاوازەکان لەو بزوتنەوەیەدا.

بەووتەی تۆ فرە ڕەنگیەک هەیە. بەڵام بەڕای من ئەوە نەنیشانەی دیموکراسیە و نەدەکرێت بەبێسەرەو بەرەیی ناوزەد بکرێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کەهێشتا بزووتنەوەکە وخواستەکانی هەمەگیرەو بەتەواوی لەڕووی چینایەتی وسیاسیەوە پۆلاڕیزە نەبووە، هێشتا بزووتنەوەکەو خواستەکان گشتین، هێشتا ڕیزبەندی چینایەتی وسیاسی لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا بەئاستێکی بەرز نەگەیشتووە. ئەمەش بەدەسکرد ناکرێت، بەچەند شەقەکردن وپارچە پارچەکردن وسەرئەنجامیش لاوازکردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ناکرێت، بەئایدۆلۆجیگەری ناکرێت. دەبێ لەپرۆسەیەکی سیاسی هۆشیاردەرانەو ڕێکخەرانەو خەباتکارانەو لەڕەوتی تەکاملی خۆیدا بڕواتە پێشەوە. ڕێکخستن، جەماوەری کردنەوەی زیاتر، بردنە سەری هۆشیاری سیاسی وچینایەتی، بەرجەستە کردنی ڕۆڵی چینی کرێکار لەبزووتنەوەکە، ڕۆشنکردنەوەو چەسپاندنی خواستە واقعیەکانی جەماوەری ستەمدیدە وجیاکردنەوەی لەخواستە چەواشەکارانەکان، بەهێزکردنی پێگەو ئاسۆی ئازادیخوازی وکۆمۆنیزم... ئەمە پرۆسەیەکی دروست وواقعیە کەپێ بەپێی چونە سەری توانای سیاسی وکۆمەڵایەتی بزووتنەوەکەو ڕادیکاڵ بونەوەیەکی واقعی و کۆمەڵایەتی، دەتوانێ ڕیزی چینی کرێکارو جەماوەری ستەمیدە لەبەدیلە بۆرژوازیەکان جیابکاتەوەو ئەوان تەریک بخاتەوە.

دەربارەی نوێژی جومعە کەبراوەتە مەیدانەکانی ئازادی، بێگومان ئەمە تاکتیکێکی ئیسلامیە بۆ بەئیسلامی کردنی بزووتنەوەکە. بەڵام بەبڕوای من لکەدارکردنی ئەو بزووتنەوە جەماوەرەیە عەزیم و پڕدەسکەوتە، کەتا ئێستا تەلیسمی گەورەی شکاندوەو دەسکەوتی گەورەی بەدەست هێناوەو هەنگاوی گرنگی هەڵگرتووە، بە بەڵگەی ئەوەی لەسەرای ئازادی نوێژ دەکرێت، نیشانەی ئەوەیە کەڕواڵەت دەبینێ وناوەڕۆک نابینێ. بزووتنەوەیەکی جەماوەری وشۆڕشگێڕانەی عەزیم بەخواست و دروشمی ڕاستەوخۆ پەیوەست بەژیان وماف وئازادیەکانی خەڵکەوە، بەو ڕواڵەتە ئیسلامیەی ڕۆژانی هەینی پێوانە ناکرێت. ئەگەر برێک بەوردی سەرنج بدەین، زۆر ئاشکرایە کەئەم بزووتنەوەیە لەدروشم وخواستەکانیدا هیچ ڕەنگ وبۆیەکی ئیسلامی پێوە دیار نییە، تەنانەت ئەو جەماوەرە هەزاران کەسیەی کەڕۆژانی هەینی لە مەیدانی ئازادی نوێژ دەکەن، لەهیچ دروشم وخواستێکیاندا ئەوە نیشان نادەن کەخوازیاری ئەوەبن ئیسلام لەژیانی سیاسی ولە دەسەڵات ولە یاسادا جێگایەک پەیدا بکات، دروشمی ئیسلامییان نییە، بەدیلی ئیسلامی بەرز ناکەنەوە، بەپێچەوانە داوای ئازادی ویەکسانی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی وخزمەتگوزاری وتێروتەسەلی و وەستانەوە دژی زوڵم وزۆر وچەوسانەوەو گەندەڵی دەکەن. کەئەمانە هاوئاهەنگیەکی لەگەڵ بەرنامەو بەدیلی ئیسلامی نییە. لەگەڵ ئەوەدا من بەخاڵێکی لاوازی بزووتنەوەکەی دەزانم ودەبێ کار بۆ ئەوە بکرێت کەئەم نەرێتە بڕواتە لاوەو ئەم تاکتیکە ئیسلامیە ناکام بێتەوە. بەڵام لەسەر بناغەی ئەمە هەر جۆرە گومان پەیداکردنێک بەرامبەر ئەو بزووتنەوە جەماوەری وشۆڕشگێڕانەو پێشڕەوانەیە هەڵەیەکی زۆر گەورەو کوشندەیە. بەم مانایە کۆمۆنیستەکان ناکرێت ونابێت لە مەراسیمی نوێژی هەینی بەشداری بکەن، پێشم وانییە کاری واش کرابێت، بەپێچەوانە دەبێ





یەکێتیەوە، لەسەر هەندێک سیاسەتی یەکێتی ناکۆکیان هەبوەو هەیە. مەسەلەن لەسەر هۆکاری ئەو هاوسەنگی هێزەی لەنێوان یەکێتی وپارتی پێکهاتووە، لەسەر چۆنیەتی مامەلە لەگەڵ پارتی و مەسەلەی دەسەڵات لە کوردستان و دەسەڵاتی مەرکەزی، لەسەر کۆمەڵێک لەم مەسەلانە لە کاتێکەوە کە هەموویان لە ناو یەکێتی بوون، ناکۆکیان بووە. بەڵام لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا پێم وایە هیچ ناکۆکیەی ڕیشەییان نیە وبەرامبەر بە بەرژەوەندیەکانی خەلکن، لەڕووی ماهیەتەوە هەردوولایان ناسیونالیستن، هەردوولایان پشتیان بەئیسلام و عەشیرەتگەری بەستوە، هەردوولایان لایەنگری کۆمەڵگایەکن کەلەسەر بناغەی چەوسانەوەی قوڵی چینایەتی ڕاوەستاوە... هتد بۆیە من نەک نەمووتوە ئەوان جیاوازی بنەڕەتیان هەیە بەڵکو دەڵێم جیاوازیەکی ناوەڕۆکی ئەوتۆیان نیە و ئەندامی یەک خێزانن.

**ڕادیۆی هاوپشتی: بۆ ئەم تەسەورەی کەتۆ باسی ئەکەی ئەبێ بزوتنەوەیەکی جەماوەری بۆ خواست و داواکاریەکانیان بێنە سەر جادە، لەکوێی کوردستاندا، ئەبینی مەسەلەن تا ئێستا لەدوای ئەو حەملەکردنەی یەکێتی و پارتی لەبەرامبەر گۆڕاندا نەوعێک لەتۆقاندن و خەڵکیان کردوەو هێزێک لەپشت بزوتنەوەی کارەبادا بوون ئەویش پاشەکشەی کردوو هاتە دواوە گوایە گۆران ئۆپۆزسیۆنە و دەسەڵات خواستەکانی خەڵکیان پێشێلکرد، ئەمڕۆ لەکوێی کورستان ئەوە ئەبینی کەنەوعێ خۆئامادەکردن هەیە و خەڵک بێتە سەرجادە بۆ ئەم خواستەیان؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ڕاستیەکەی ئەوەیە لەهەر شوێنێکدا دەرەجەیەک لەو ئامادییە هەیە، بەلام ئەم ئامادەییە پێویستی بەوە هەیە کەلەکێوە دەست پێدەکرێ. ئێوە وتتان گۆڕان ئەیەوێت چەرخێک بدات لەو ئاگرە و ئاگرەکە هەڵگیرسێنێت، لەتونس کرێکارێکی بێکار خۆی سوتاند وئەمە بووە ئەو چەخەماخەیەی کەئاگری شۆڕشی لێکەوتەوە وپاشان پەرەیسەند بۆ هەموو تونس و لەوێوشەوە بۆ میسر و لەمیسرەوە بۆ وولاتانی دیکەی عەرەبی، مەبەستم ئەوەیە کەکەس ناتوانێ تەوەقوعی ئەوە بکات، کەلەکوردستان چ شتێک وەزعەکە دەتەقێنێتەوە. هەرچۆنێک بێت من پێم وایە مەنتیقی کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستان ئەو زەمینەیەی تێدا هەیە بۆتەقینەوە. بەتایبەتی لە ناوچەی دەسەلاتی یەکیتیدا کەکەمتر کۆنترۆڵیان بەسەریدا هەیە. بەشێکی بەهۆی جۆرێک لە دەسەڵاتی دوولایەنەی یەکێتی وگۆڕانەوە، لەهەمانکاتدا بەهۆی بەهێزتربوونی بزووتنەوەی سیاسی وناڕەزایەتی بەمانا گشتیەکەی هەر لەو ناوچانەدا، دەکرێت بڵێن لەو ناوچانەدا دەرفەتی دەستپێکردنی زۆرترە. بەڵام هەر ئەوانە مەرج نین، چونکە ناڕەزایەتیەکە هەمەگیرەو لەسەراسەی کوردستاندا ئەو نارەزایەتیە هەیە. هەڵبەت من ناڵێم حەتمەن لە ئیستادا ئەتەقێتەوە، بەڵام ئەمە ئەمڕۆ بێت یان سبەی خەڵک هەر دێتەمەیدان ودەبێ ئەم ئاڵوگۆڕە ڕوبدات، ئێستا زۆر زەمینەکەی هەیە، هەلومەرجەکەش لەبارە.

مەسەلەیەکی تر ئەمەوێ تاکیدی لێبکەمەوە ئەوەیە کە لەدڵی ئەم هەلومەرجانەدا، ئەگەر چاو لە تەجروبەی تونس و میسر بکەین، دەبینین گرفتێکی هەرە ئەساسی لەبەردەم بزوتنەوەی جەماوەریدا هەیە. ئەویش ئەوەیە کەخەڵک بەرچاویان ڕۆشن نیە ونازانن ئەیانەوێ ئەوزاع بۆ

کوێ بەرن و چی لێبکەن وچۆن بەقازانجی خۆیان بیشکێننەوە، ئەمە مشکلەی گەورەی ئەو بزوتنەوانەیە کەبەبڕوای من یەکێکە لەو ڕێگریانەی کەزۆر ئیمکان لەخەڵک ئەسێنێتەوە کەبتوانێ ئاڵوگۆرێکی ڕیشەیی لەژیانی کۆمەڵایەتی خۆیاندا پێکبهێنن. تەوەقوعەکە ئەوەیە کەئەگەر ئەم گرفتە ڕێگای بۆنەدۆزرێتەوە لەوانەیە بزوتنەوەی جەماوەری وڕاپەڕینی خەڵک لەنیوەی ڕێگادا پاشەکشەی پێبکرێت وڕابوەستێت. حەتمەن هاتنەمەیدانی خەڵک ئەو کاریگەرییەی دەبێت کەدواتر چاو بکەنەوەو ڕێگای درێژتر بۆخواستی گۆڕانی ڕیشەیی بگیرێتەبەر، بەڵام خودی ئەم مەسەلەیە گرفتێکی جدیە.

خەڵکی کوردستان ئەبێ ئەو واقیعە لەسەرەتاوە بزانن کەچیان دەوێت، ئەبێ بزانن چ ئاڵوگۆرێکیان دەوێت، ئەبێ بزانن دوای چ داخوازیەک و چ پلاتفۆرمێک کەوتوون. کۆمەڵێک شتی تر هەیە ئەساسە ئەویش ئەوەیە ئەو حوکمەی دێتە سەر کار ئەبێ چ حکومەتێک بێت کەدەوری خەڵکی تێدا بەرجەستە ببێت، خەڵک دەبێ بۆ هاتنەسەرکاری سیستەمێک هەوڵبدەن کەهەر کات ویستیان بتوانن بیگۆڕن. کەوایە ئەبێ میکانیزمێک بۆ شێوەی گۆڕینی دەسەڵات بخرێتە ڕوو کەڕێبدات بەخەڵک کە هەرکات ویستیان بتوانن ئاڵوگۆڕ بکەن. ئەگەر هەر پەرلەمانێک یان هەر هەیئەتێک و ئەنجومەنێک دێت و بۆ نمونە یاسای سەرکوتکردنی خۆپیشاندان دادەنێت و ئەمەش ئاشکرایە کەلە دژی خەڵکەو بۆ ئەوەیە خەلک دەنگی نارەزایتی بەرز نەکاتەوە، مەعلومە کە لەدژی خەڵکەکەیە، نابێ سیستەمەکە جۆریک بێت کەخەڵک دەستەمۆ بکات، بەڵکو دەبێ جۆریک بیت خەڵک بتوانێ ئەو دەسەلاتە بگۆرێ.

هەرلەم بارەوە نمونەیەکی تر ئەوەیە کەئێستا کاتی ئەوە نەماوە لەکوردستاندا خەڵک بێتە مەیدان وباسی حکومەتێکی قەومی بکات، یانی حکومەتێکی تر شوێنی دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە کەلەسەر بناغەی قەوم و نەتەوە پەرستی و عەشرەت پەرستی خۆی پێناسە بکات. ئێستا کاتی حکومەتێکی سکولارە کەدین لەدەوڵەت جیا بێت یەکسانی ژن و پیاو وەک قانونێکی ڕەسمی ڕابگەیەنێت. خەڵک حەقی هەیە قسەبکات وڕەخنە بگرێت، نەقدی مەسعود بارزانی بگریت، نەقدی جەلال تاڵەبانی و قورئان بکات، هەرچیەک ئەکات هەقی خۆیەتی ڕای خۆی بڵێت. خەڵکی دیکەش هەقیان هەیە بڕۆن و دیفاع بکەن بەقەڵەم، دیفاع بکەن بەقسە، دیفاع بکەن و بەڵام فتوا نەدەن و تیرۆر نەکەن، مەجال بەم شتانە نەدرێ وە مەسەلەی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان، خەڵک دەبێ بزانێ کەحکومەتێک دێنێتە سەرکار کە وەزیفەی ئەوەلی خۆی بەوە بزانێ خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگا هیچ ئەماو ئەگەریکی تیا نیە و دەبی یەکسەر مسۆگەربکرێت. ئاخر کەی بوو مەلا بەختیار ووتی لەساڵی ٢٠٠٨دا بوو، ئەگەر کێشەی کارەبا چارەسەر نەکرێت ئەم حکومەتە دەبێ هەڵوەشێتەوە ئەوە ساڵی ٢٠١١ یەو کەچی هێشتا هاوڵاتیان بەدەست نەبوونی کارەباوە دەناڵێنن. ئەمانە ئەومەسەلانەن کەدەبێ هەرلەئێستاوە ڕۆشن بێت بۆ خەڵک.





جیادەکەنەوەو زامنی گەیشتنی جەماوەر بەخواستەکانیان وپێکهاتنی ئاڵوگۆڕ بەقازانجی ئەوان دەبێت.

**بەشێ دووەم:**

**سەعید ئەحمەد: ئەم فرە ڕەنگییەی خۆپیشاندانەکانو بەشداریکردنی ئەمپەڕی ڕاست (ئیسلامیەکان) بۆ ئەوپەڕی چەپ (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری) تیایدا، لای هەندێک کەس خاڵێکی بەهێزی خۆپیشاندانەکان و مایەی خۆشحاڵی و نیشانەی دیموکراسی و پلۆرالیزمی قۆناغ ودەسەڵاتی ئایندەیە. لای هەندێکی تریش نیشانەی بێسەروبەریی خۆپیشاندانەکان و لێڵیی و نادیاریی ئایندەیانە. دەڵێن حکومەتێک کەئەمانە دروستی بکەن دەبێ لەچێشتی مجێور بچێت! دەڵێن لەڕۆژانی هەینیدا چەپ و کۆمۆنیستەکان لەهاوشانی ئیسلامیەکاندا پێکەوە لەسەر کارتۆنی بیرە نوێژ دائەبەستن! تۆ لەمبارەیەوە ئەڵێیت چی؟ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بۆچی لەبزووتنەوەیەکی وەهادا بەشداری دەکات و ئامانجی چییە؟ لەپاڵ ئەم لایەنە دواکەوتوانەدا دەیەوێ بەچی بگات و چی بۆ کرێکاران و خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت؟ ئایا ئەوانی تر ڕێیان هەڵە کردووە، یان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەسەهوودا چووە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** دەبێ چەند ئاست لێک جیا بکەینەوە. لەئاستی حیزبەکاندا ئەوە ئاشکرایە کەئیسلامیەکان وبزووتنەوەی گۆڕان جۆرێک لەهاوپەیمانی وتەنانەت بەرەیان شکڵپێداوەو دیارە ئەوان خاڵ وبەرژەوەندی هاوبەش ولێکچوی خۆیان دەزانن بۆیە ئەوکارەیان کردوە. بەڵام لەم ئاستەدا تائەو جێگایەی بەحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەگەڕێتەوە، نەک هاوپەیمانی وبەرە، تەنانەت هیچ ڕادەیەک لەهاوئاهەنگی وکاری هاوبەش وتەنانەت پەیوەندیشی لەهیچ ئاستێکدا لەگەڵ ئەو لایەنانە نەبوەو نییە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کەپەیوەندی لەگەڵ ئەوان حەرام بێت، بەڵام هیچ بنەما ومەوزوعیەتیک نییە بۆ ئەم مەسەلەیە. ئەگەر ڕۆژێک بنەمایەکی سیاسی مەلموسی هەبوو، دەکرێت بەئاگاداری تەواوی خەڵک کاری لەو بابەت بکرێت.

بەڵام لەو ئاستەدا کەوەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەری، لەدەوری کۆمەڵێک داخوازی وئامانجی گشتی، جەماوەرێکی تێکەڵاو لەخەڵکی موسڵمان وئیسلامی سیاسی و ناسیونالیست وسکولارو کۆمۆنیست ودیموکرات ولیبراڵ و...هتد هەروەها هەڵسوڕاوانێک هەر لەم پێکهاتە...لەڕیزی پێشەوەو لەقاڵب وناونیشانی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوە تایبەتەدا دەور دەگێڕن، بەبڕوای من دیاردەیەکی ئاساییە. چونکە هەم خواستەکان وەکو ئازادی سیاسی ودادگایی تاوانباران وبیمەی بێکاری وبنەبڕی گەندەڵی ...هتد لەناو ئەو جەماوەرە بەرینەدا بەدەر لەئایدۆلۆجیاو بیروباوەڕیان پێگەی بەهێزی هەیە، هەم وەکو حیزبەکانیش ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە کەهەرکام دەیانەوێ بەباری بردنە پێشی بەرنامەی خۆیاندا بەشداری تیا بکەن وجەماوەری خۆیانی بۆ هەڵخڕێنن. ئەوە گرنگ نییە ئەوانەی بۆ بیمەی بێکاری وخزمەتگوزاری وبنەبڕی گەندەڵی ووەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی هاتونەتە مەیدان، بیروباوەڕیان چیە. دیندارن یان بێدین، ئەگەر دیندارن لەکاتی عیبادەتە ڕوو دەکەنە کوێ..گرنگ ئەوەیە کۆمەڵێک هاوڵاتین ولەدەوری ئەو خواستانەی بۆ ژیانیان پێویستە لەقاڵبی بزووتنەوەیەکدا هاتونەتە مەیدان. بەڵام بێگومان لەم نێوەدا لەئاستی سیاسیدا ململانێیەکی جدی لەنێوان بەدیل وئاسۆ وسونەتە سیاسیە

بەتایبەتی لەم دەورانەدا بەئیلهام وەرگرتن لەشۆڕش وبزووتنەوە شۆڕشگێڕانەكانی ناوچەكە بەرێكەوتووە. ئەم بزووتنەوەیە پێشینەی هەیە لەكوردستان و پێشینەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوكاتانەی كەسەرانی گۆڕان وئیسلامیەكان لەدەسەلات بەشداربوون. بزووتنەوەی گۆڕان هەنگاوێك زووترو ئیسلامیەكانیش هەنگاوێك درەنگتر، دوای ئەوەی زانیان كەئەم بزووتنەوەیە بەكردەوە بەرێكەوتوە، بەپێی بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵی ئاوێزان نیشاندا.
منیش جەخت لەسەر ئەوە دەكەم كەئازادی ویەكسانی وعەدالەتی كۆمەڵایەتی وماف وخواست و ویستەكانی تری بزووتنەوەكە، لەگەڵ بەرنامەو ئاسۆو ئامانجەكانی ئەو لایەنانە ناكۆكن. بەڵام ئەمانە خواستی خەڵكن وئەوانیش بۆ ئەوەی پێگەی خۆیان بەهێزكەن، خۆیان لەگەڵ بزووتنەوەكە وخواستەكانیدا ئاوێزان نیشاندەدەن. بەڵام ئەگەر سەرنجی بەرنامەو دروشم وتەنانەت لیستی ئەو مەسەلانە بدەین كەلەگەڵ دەسەلات گفتوگۆیان لەسەر كردوە، هیچ لێكچونێكی لەگەڵ ئەو خواست و دروشمانەی بزووتنەوەكەدا نییە. هەر بۆیە بەبڕوای من یەكێك لەمەرجەكانی پەرەسەندن وسەركەوتنی ئەم بزووتنەوەیەو پێكهێنانی ئاڵوگۆڕ بەقازانجی باشبونی ژیان وگوزەران ومافەكانی خەڵك، جیاكردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی چینی كرێكارو جەماوەری زەحمەتكێش ولاوان وژنانی ستەمدیدەیە لەئاسۆی ئەو حیزبە بورژوازیانە. چونكە بنەماكانی هاتنەمەیدانی خەڵك دژی دەسەڵاتی ئێستاو بنەماكانی ناڕازی بونی ئەوان لەدەسەڵاتی ئێستا لێك جیاوازن. ئەوان لەبەشی خۆیان و بەشێك لەچینی سەرمایەدار لەدەسەڵات وسامانی ئێستای كوردستان ناڕازین، بەڵام جەماوەری ڕاپەڕیو لەبێكاری وهەژاری وگرانی ونەبونی ئازادی وخزمەتگوزرای توڕەو ناڕازین. بەم پێیە دوو ئاسۆی جیاوازیشیان هەیە ودەبێ لێك جیابكرێنەوە.
یەكێك لەئەركە هەرە گرنگەكانی كۆمۆنیستەكان ئەوەیە بۆ مسۆرگەر كردنی ئەو ڕیزی سەربەخۆیە هەوڵبدەن. بێگومان ئەمەش شێوەی گونجاوی خۆی هەیە. دەبێ ئەو جەماوەرە لەكارگەو گەڕەك وفەرمانگەو زانكۆو هەموو شوێنەكان لەڕیزی جەماوەریدا لەدەوری شوراكان ورێكخراوە جۆراوجۆرەكان ڕێك بخرێن، دەبێ حیزبی سیاسی وچینایەتی كۆمۆنیستی خۆیان بخرێتە بەردەستیان ودڵنیابكرێن بەبێ حیزبی سیاسی چینایەتی سەربەخۆ ناتوانن بەئامانجی خۆیان بگەن. ئەمە یەكێكە لەدەرس وتەجروبەكانی شۆڕشی میسرو تونس، ئەمە هۆیەكی سەرەكی ئەوەیە كەئەو شۆڕشانە دەسكەوتی تەواوو كەمالیان بۆ كرێكاران وجەماوەری ستەمدیدە نەبووە. هەروەها دەبێ خواستەكانی ئەو جەماوەرە زۆر ڕۆشن و مەلموس بكرێت. بۆ نمونە حكومەتی تەكنۆكرات وهەڵبژاردنی پێشوەخت وحكومەتی تەوافق وجیاكردنەوەی حیزب لەحكومەت ... ئەمانە سەرجەم مەسەلەو خواست ودروشمی ڕێ وونكەرانەن و بەئەندازەی سەرە دەرزییەك دەسكەوتیان بۆ خەڵك نییە. لەبەرامبەردا باسی حكومەتی پشتبەستو بەئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵك، داڕشتنی دەستور لەسەر بنەمای مافە جیهاندگرەكانی ئینسان، بیمەی بێكاری، زیادبونی كرێ ، یاسای كاری پێشڕەو، یەكسانی مافی ژنان و پیاوان، جیایی دین لەدەوڵەت، ئازادی سیاسی بێقەدو بەند، دابینكردنی ئاوو كارەباو تەندروستی و ڕێگاوبان..و.. خواستی زۆر ڕۆشن ومەلموسن، كەدەبێ بەدەوری كۆمۆنیزم لەلایەن بزووتنەوەی جەماوەریەوە بەرزبكرێنەوەو ببن بەپلاتفۆڕمی بزووتنەوەكە. ئەمانە ڕیزو ئاسۆ سیاسیە جیاوازەكان لێك





## هەر كە ڕاپەڕین دەستی پێكرد، ناوەڕۆكی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیونی بورژوازی ئاشكرا بوو!

دوێنێ ١٦ی شوبات لاوانی ناوچەی "زەڕایەن" بۆ بەرگرتن لە تالانكردنی داهاتی نەوت، ڕێگایان بەو تانكەرانە گرت كەنەوتی قاچاغی حیزبە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان بۆ سنوری ئێران دەگوازنەوە. ئەمڕۆش ١٧ی شوبات، بۆ دووهەمین جار، كۆبونەوەی جەماوەری لەبەردەركی سەرای شاری سلێمانی، بۆ پشتیوانی لە شۆڕشەكانی تونس و میسر، هەروەها بۆ بەرزكردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی دژی بێمافی وگەندەڵی و نەبونی خزمەتگوزرایەكان لەكوردستان، بەڕێوەچوو. بەرنامەی ئەم كۆبونەوە جەماوەریانە، وەكو پێشتر ڕاگەیەنرابوو، هەر ئەوەبوو كەپشتیوانی لە شۆڕشەكانی تونس ومیسر بكرێت و هاوكات دەسەڵاتدارانی كوردستان ئاگادار بكرێنەوە، كە جامی سەبری خەڵك پڕبوەو خەریكە لێی دەڕژێت، چیتر تەحەمولی زوڵم و زۆرداری و سەركوت وتالان وبڕۆی ئەم دەسەڵاتە ناكەن. لەم بارەیەوە جەماوەری خەڵك ڕاشكاوانە خواستە سەرەتایی ودەستبەجێكانی خۆیانیان بە دروشمی گەورە بەرزكردەوەو بەدەنگی بەرز چەندبارەیان كردەوە. لە زۆر شوێنی تریش ناڕەزایەتی جەماوەری ڕووی لەتەقینەوەیە.
بەڵام خەڵكی كوردستان لەبەر ئەوەی ٢٠ ساڵ تەجروبەیان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە میلیشیایی و تالانچییەدا هەیە، لەبەر ئەوەی ٢٠ ساڵە خواستەكانیان بەگوێی ئەم دەسەڵاتەدا دەدەن، بەڵام گوێیان لێناگیرێت، بۆیە ئومێدێكیان بەوە نەماوە كە ئەم دەسەڵاتە خواست و ویستەكانیان دەستەبەر بكات. ئەم نائومیدیە لەدەسەڵات، هۆكاری ئەوەبوو كەبە شێوەی خودبەخودی لە ناو كۆبونەوە جەماوەرەیەكەی ئەمڕۆی شاری سلێمانیەوە دروشمی "بڕۆخێت دەسەڵاتی بنەماڵەكان" بەرزكرایەوە. تەنانەت كار بەمە نەوەستا ودوای كۆتایی هاتنی كۆبونەوە جەماوەرەیەكە، جەماوەرێكی پێكهاتوو لەلاوانی توڕەو ناڕازی لەهەژاریو بێدەرەتانی وگەندەڵی وسەركوتی ئازادیە سیاسی ومەدەنیەكان، لەبەر بارەگای لقی چواری پارتی دیموكراتی كوردستان كۆدەبنەوەو دوای بێنەو بردەیەكی نێوان خەڵك وچەكدارەكانی پارتی، بارەگای لقی چوار لەلایەن خەڵكەوە بەردباران دەكرێت. لەبەرامبەردا هێزی پێشمەرگەی پارتی بە شێوەی كوێرانە دەكەونە گولەباران كردنی خەڵك و گۆماوی خوێن بەرپا دەكەن. هەواڵەكان وا دەگەیەنن كە دەیان كەس برینداربوو ژمارەیەكیش گیانیان لەدەستداوە. ئەمە یەكەمین كاردانەوەی دەسەڵاتە بەرامبەر دەورەیەكی نوێ

لە هاتنەمەیدان وڕاپەڕینی جەماوەری ناڕازی کوردستان. ئەمە لاپەڕەیەکی ترە لەکارنامەی تفەنگچییەکانی ئەو دەسەڵاتەی کە گوایە بەهەڵبژاردنی ئازاد و لەڕێگای بەدەستهێنانی لەسەدا حەفتای دەنگەکانی خەڵکی کوردستانەوە هاتوەتە سەرکار!! لە خوێن هەڵکێشانی لاوانی ناڕازی لاپەڕەیەکی تازەی کارنامەی ئەو ئەفسانەیەیە کەبە ناوی "هێزی پێشمەرگە"ەوە پیرۆز کراوەو هەرکەس پێی بڵێ میلیشیا، لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتەوە هەڕەشەی شاربەدەرکردنی لێدەکرێت. ئەو میلیشیایی پێشمەرگەیە کەبە لێشاو داهاتی وڵاتی بەقوڕگدا دەکرێت و گوایە هێزێکە بۆ بەرگری لەخەڵکی کوردستان بەرامبەر هەڕەشەی دوژمنان، لەماوەی ٢٠ساڵی رابردوودا، بە ئەندازەی ئەو فیشەکانی ئەمڕۆ نای بەسنگی لاوانی سلێمانیەوە، فیشەکی بەسنگی هیچ دوژمنێکی واقعی ئەم خەڵکەوەی نەناوە. لە ڕاستیدا هەر ئەمە مەرامی دەسەڵاتدرارانە لەڕاگرتنی میلیشیایی پێشمەرگە.

خودی ئەوەی کەبارەگای لقی چواری پارتی دەکەوێتە بەر ڕق و توڕەیی خەڵک، بەڵگەی بێزاری وپچڕانی پەتی سەبری خەڵکە بەرامبەر دەسەڵاتی گەندەڵ وکۆنەپەرست وتاڵانکەری ئەو دوو بنەماڵەیە. ئەوەی ئەمڕۆ لەبەرامبەر لقی چوار لەشاری سلێمانی ڕوویداوە، وێنەیەکە لەوەی دوێنێ لەمەیدانی تەحریر لەقاهیرە بەرامبەر دەسەڵاتی موبارەک ڕوویدا. تۆمەتی گێرەشێوێنی چەندە لە ئاست ئەو جوڵانەوە شۆڕشگێڕانەیە برەوی هەبوو، لەکوردستانیشدا هەر ئەوەندە برەوی دەبێت. ئەم تاوانەی هێزی پێشمەرگەی پارتی ودەسەڵاتی داسەپاو، نیشانەی ترس و تۆقینی ئەو دەسەڵاتەیە لەهاتنە مەیدانی ئیرادەی لەبن نەهاتوی جەماوەری خەڵک. ئەمە پەلەقاژەیەکە بۆ ئەوەی بەر لە هاتنەمەیدانی ئەو ئیرادیە، ورەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک بڕوخێنن. بەڵام بەم تاوانە دڕندانەیە، پارتی دەستپێشخەری کرد لەتەقاندنەوەی شەڕی نێوان خەڵک ودەسەڵات. تازە خەڵکی کرێکارو جەماوەری دەستەنگی کوردستان ناتوانن و نابێ لەخوێنی ڕۆڵەکانیان خۆشبن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە شەقامی سەرجەم شارەکان بکەن بەمەیدانی تەحریر بۆ بەرپەرچدانەوەی شەڕێک کە دەسەڵات لەدژی خەڵک بەرپای کردوە. خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ بە نرخی ٢٠ ساڵ نەهامەتی ژێر سایەی دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی ناسیونالیزمی کورد، خەریکە بەتەواوی بەرچاوی لەئاست ئەم دەسەڵاتەدا ڕوون دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی زۆر جێگای سەرنج ودیسان مایەی فێربون و بەرچاو ڕۆشنبونەوەی خەڵکە، هەڵوێستی ئەو لایەنە سیاسیانەی دیکەیە کەهێشتا دەیانەوێ خۆڵ بکەنە چاوی خەڵک و لەنێوان ڕاپەڕینی خەڵک و دەسەڵاتدا، ئەمبەرو ئەوبەر بکەن. لەوانە "بزووتنەوەی گۆڕان" و"یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان " و"کۆمەڵی ئیسلامی". سەرنجێکی کورت لەهەڵوێستە ڕیسواکانیان، هەر لەم سەرەتای کارەدا، ڕوونی دەکاتەوە ئەوان لەکوێ ڕاوەستاون؟!

با لە پێشدا سەرنج بدەینە " ڕابەری بزووتنەوەی گۆڕان" و بزانین لە بارەی لەخوێن هەڵکێشانی ناڕەزایەتی لاوان لەلایەن پارتیەوە چ هەڵوێستێک دەردەبڕێت؟..."ڕاگەیەندراوێک لەنەوشیروان مستەفاوە؛ لەپاش ئەوەی هەندێک لایەن خۆپیشاندانی ئەمڕۆی سلێمانییان ڕێکخست، کۆمەڵێک ڕوداوی ناخۆشی لێکەوتەوە، ئێمە لەکاتێکدا بەتوندی ئیدانەی هەمو جۆرە پەلاماردانێک بۆ سەر بارەگا وشوێنە فەرمابیەکان دەکەین، ئەو ڕاستییە دوبارە دەکەینەوە کەئێمە بزوتنەوەیەکی





**بۆ خەڵکی بەدیدێنن!؟ زۆربەی خەڵک ئەوە دەزانێت کەئەمان‌و ئیسلامیەکان تەنها لەبەرئەوە لە مڕۆدا لایەنگری "ئازادی"و ئازادی خۆپیشاندانن چونکە ئۆپۆزیسیۆنن، ئەگینا هەر ڕۆژێک بگەنە دەسەڵات لەمان خراپتر دەبن. بۆیە دەڵێن نابێ لەخۆپیشاندانەکانی ئەواندا بەشداری بکریت.**

**ڕێبوار ئەحمەد:** منیش دەڵێم نابێ جەماوەری ئازادیخواز نەلە خۆپیشاندان ونەلە هیچ سیناریۆیەکی ئەو هێزانەدا بەشداری بکەن. بەڵام بزووتنەوەی جەماوەری و ناڕەزایەتی ئێستای کوردستان، بزووتنەوەی لایەنە ئیسلامیەکان وگۆڕان نییە. دەسەڵات بەزۆرە ملێ دەیەوێ وای پێناسە بکات، هەم بۆ ئەوەی حاشا لەو ڕاستیە بکات کەجەماوەری کرێکارو زەحمەتکیش وخەڵکی ئازادیخواز دەستیان ناوە بەڕووی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەوە، هەم بۆ ئەوەی یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە بگۆڕێ بەمەسەلەی نێوان خۆی وئەو لایەنانە، کەلەم حاڵەدا چ بەسەرکوت بێت وچ بەسات وسەودا، یەکلاکردنەوەی بۆی مەیسەر ترە. بەڵام ئەمە بزووتنەوەیەکی جەماوەریە وبۆ خواستە واقعیەکانی ئەو جەماوەرە بەڕێکەوتووە. دەرگاشی کراوەیە بۆ هەر هێزو لایەنێک تیایدا بەشداری بکات وپشتیوانێ لێبکات. گومان لەوە نیە کەهەر لایەنێکش بەشداری تیایدا بکات، بەپێی ئەو بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کەخۆی نوێنەرایەتی دەکات تیایدا بەشدار دەبێت. لەسەر ئەم بناغەیەش ململانێی سیاسی لەناو بزووتنەوەکەدا دێتە ئاراوە. پێشینەی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کەبزووتنەوەی گۆران لەئارادا نەبوو، ئیسلامیەکانیش لە دەسەڵات بەشیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەدا حاشالەوە ناکرێت کەئەمڕۆ خۆیان ئاوێزان کردوە لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەو پێگەی خۆیان هەیە لەناویدا. بەڵام گریمان بەپێی ئەو پڕوپاگەندەیەی ئەمڕۆ دەسەڵات بەرپای کردوە، ئەمانە بتوانن خۆیان سواری شەپۆلی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە بکەن وپێی بگەن بەدەسەڵایش، ئەوە یەکلایەنە ویست وماهیەتی ئەوان نییە کەشێوەی حومکڕانی و بەگشتی ئایندەی کۆمەڵگا دیاری دەکات، بەتایبەتی ئەگەر وا بهێنینە بەرچاوی خۆمان کەبۆ نمونە شۆڕشێکی جەماوەری لەبابەتی شۆڕشی میسر لەکوردستان ببێتە هۆی گۆڕینی دەسەڵات. ئەوکات دووڕیانێک لەوێدا دێتەپێش یان دەبێ ئەوان بتوانن ئەو شۆڕشە سەرکوت بکەن وەکو ئەوەی ئیسلام لە ١٩٧٩ی ئێراندا کردی، ئەویش لانی کەم چەند ساڵێک کێشمەکێش دەخایەنێت وسەرکەوتن لەسەرکوتی ئەو شۆڕشەدا ئاسان وحەتمی نییە بۆیان، یان ئیحتمالی دووەم ئەوەیە کەئەو شۆڕشە جەماوەریە ئەوان تێدەپەڕێنێ وکەناریان دەخات وناکامیان دەکاتەوەو ڕێگای خۆی دەبڕێت بەرەو دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی خۆی.

من ئەوەم وەکو گریمانێک بۆ وەڵامدانەوەی چەواشەکاریەکانی دەسەڵات باس کرد. بەڵام پێناسەکردنی ئەم بزووتنەوەیە وەکو بزووتنەوەیەک کەگوایە ئیسلامیەکان وگۆڕان بەرپێیان خستوە، فریوکاریەکی بەدەستی ئەنقەست وئاشکرایە. بۆ ئەمە دەکرێت سەرنجی ڕاگەیاندراوەکانی سەرۆکی گۆڕان وهەردوو مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی وکۆمەڵی ئیسلامی بدەین، کەهەر سێکیان لە ١٧ی شوبات، واتە یەکەمین ڕۆژی لەخوێن هەڵکێشانی بزوتنەوەی جەماوەریدا ڕاگەیەنراون، هەر سێکیان لەبەرامبەر بزووتنەوەی جەماوەری ولەپاڵ دەسەڵاتی سەرکوتگەری یەکێتی وپارتی ڕاوەستاون. هیچ لەوە ڕوون وئاشکراتر نییە کەئەم بزووتنەوە جەماوەریە لەسەر بناغەی توڕەیی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکیش ولاوان وئازایخوازان، دژی ستەم وسەرکوت وگەندەڵی وزوڵم وچەوسانەوەی زەق وڕەق، هەروەها

ئاستی ڕێکخراوو ئینسجامی سیاسیدایە، ئەویش تەنها لەبەشێکی کوردستاندا... ناتوانێ دەسەڵاتێکی میلیشیایی خاوەن هێزێکی چەکداری زەبەلاح وچەندین دەزگای سەرکوت وئیمکانیاتیکی ئابوری زۆروزەبەن بڕوخێنێ. یان ناچار بەهەڵوەشانی سەرۆکایەتی دەزگا سەرەکیەکانی بکات. ئەمە لەئێستادا بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی جەماوەری وشۆڕشگێڕانەیە، کەلە هەنگاوی یەکەمدا دەتوانێ کۆمەڵێک خواستی جەماوەرەکەی خۆی بەدەست بهێنێت. هەر ئەمەش بنەمایە بۆ ئەوەی لەهەنگاوەکانی دواتریدا مەسەلەی گەورەتر بخاتە دەستوری خۆیەوە. لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمەوە دەکرێت لەپرۆسەیەکدا هەتا بەسۆسیالیزم بگات. بەڵام دەبێ ئەو پرۆسەیە بناسرێت ولە هەر بڕگەیەکدا توانایی وپێکهاتی کۆمەڵایەتی و چینایەتی هێزەکەی ببینرێت ولەسەر ئەو بناغەیە خواست وهەنگاوەکانی دیاریبکرێت. بۆیە گۆڕینی خواستە واقعیەکانی بزووتنەوەکە بۆ بەرزکردنەوەی خواستی هەڵوەشانەوەی ٣ سەرۆکایەتیەکە، لەئاستی ئەو هاوسەنگی هێزەدا نەبوو. لەڕاستیدا مەسەلەیەکی بەوجۆرە ناکرێت وەکو داواکاری بەرزبکرێتەوە، بەڵکو لەکاتی خۆیدا بەهێزی پێویستەوە بزووتنەوەی جەماوەری دەتوانێ بڵێت یان دەبێ بڕۆن، یان وەکو خەڵکی میسر بەرەو کۆشکی سەرۆکایەتی بەرێدەکەوین و دەتانگرین. گۆڕان وئیسلامیەکان ڕەوتی مەسەلەکەیان بەم بارەدا برد بۆ ئەوەی دەسەڵات ناچار بکەن وەڵامی داواکانی ئەوان بداتەوە. لەم کاتەدا کەئەوە سەپێنرا بەسەر بزووتنەوەکەدا کەدەست بۆ کارێک بەرێت کەخۆی توانای جێبەجێ کردنی نەبوو، لەهەمان کاتدا دەسەڵاتێکی گەندەلیش کەبێگومان ئامادە نییە بەخوایشتی خۆی هەڵوەشێتەوە، هەلومەرجەکەی قۆستەوەو ڕێگای سەرکوتێکی بەرین وملهورانەی گرتەبەر. گومان لەوە نییە یەکێتی وپارتی کە٢٠ ساڵە وەکو دەسەڵات، میلیشیایی پێشمەرگەو دەزگای جۆراوجۆر بەخێودەکەن، سەرئەنجام بۆ ئەوەیانە لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا بۆ بەرگری لەدەسەڵاتی گەندەڵی خۆیان بەکاری بهێنن. هۆکاریکیتر قەتیس مانەوەی بزووتنەوەکە بوو لەمەیدانی سەرای ئازادی وچەند مەیدانی دیکەی لەم جۆرە لەشارۆچکەکانی تر، ئەمە هەتا ئەگەر سەراسەری نەبوونەوەشی لەولاوە ڕاگرین. لانی کەم دەبوو ئەم بزووتنەوە بیکێشایەتە گەڕەک وکارگەو فەرمانگەکان...دەبوو لەو جێگایەنە میتینگ بەرپا بوایە، جەماوەر رێکخرابوونایە..بەتایبەتی نەجوڵانی چینی کرێکار لەئاستێکی بەرچاودا بۆ گێڕانی دەوری گرنگ لەم جوڵانەوەیە. لەهەموو ئەمانەشدا دەورو پێگەی ئاسۆی بورژوازی لەجوڵانەوەکەدا دەوری زۆر سەرەکی هەبوو، کەبزووتنەوەکە بەم بارەدا نەڕوات، کەتوانای سەرکوت کردنی بۆ دەسەڵات وتوانای جڵەوکردنیشی بۆ ئۆپۆوسیونی بورژوازی زۆر سەخت دەبوەوە.

**سەعید ئەحمەد: ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی ویەکسانی ودژایەتی سەرکوت وگەندەڵی، لەخواستو شیعارە سەرەکییەکانی خۆپیشاندانەکانی کوردستانن. میدیایی دەسەڵات لەم بارەیەوە ئەو مەسەلەیە دەوروژێنێ کە بۆ نمونە ئیسلامیەکان کەلە هێزە بەشدارەکانی خۆپیشاندانەکانن، لەکوێی لەگەڵ ئازادی ئەو دروشمانەدا دێنەوە؟ دەڵێن ئەگەر بڕیاربێت ئەمانە پەیامی ئازادی بهێنن، هەر دەستی لێنەدەین باشترە! یان گەلێک لەتاوانبارانی سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوو (دوو وەزیری ناوخۆو دوو بەرێوەبەری ئاسایشو ..تاد) لەبەرپرسانی باڵای بزووتنەوەی گۆڕانن. لەمانە چاوەڕێی چی ئەکرێت؟ ئەمانە ئازادی بەگشتیو ئازادی خۆپیشاندان**





سیاسی مەدەنین و بەهیچ شێوەیەک بڕوامان بەتوندویژی وهێرشکردنە سەر هیچ بارەگا و شوێنێکی فەرمی نیە، پاراستنی ئاسایش و ئارامی وڵات بەبەشێک لەئەولەویاتی خۆمان دەزانین، لەمڕووەوە بزوتنەوەی گۆڕان ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری دەزگا فەرمییەکان ڕادەگەیەنێت، داوا لە هاوڵاتیانی کوردستانیش دەکەین، بەگیانێکی بەرپرسیارانەوە ڕەفتار بکەن و ڕێگە نەدەن هەندێک کەسی گێرەشێوێن ئاسایش وئارامی وڵات بخەنە مەترسییەوە. نەوشیروان مستەفا ١٧/٢/٢٠١١" .

ئەوەی کە ویژدانی نەوشیروان مستەفای ڕاچڵەکاندوە، ئەو چەند بەردەیە کەلە ڕق و تورەیدا گیراوەتە لقی چواری پارتی. جەنابی "ڕابەری بزووتنەوەی گۆڕان" بەتوندی ئەمە ئیدانە دەکات، بەڵام بەووشەیەکیش لەئاست کوشتارو گولەبارانکردنی لاوان لەلایەن پارتیەوە هەڵوێست دەرنابڕێت، بەڵکو لەواقعدا بەتاوانبارکردنی خەڵک بەکاری "توندوتیژی" پاساوی ئاشکرا بۆ ئەو کوشتارە دەهێنێتەوە. لەوەش زیاتر بەناوی ئەوەی گوایە "پاراستنی ئاسایش وئارامی وڵات بە بەشێک لەئەولەویاتی خۆیان دەزانن" ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەوەی لەپاڵ دەزگا سەرکوتگەرەکانی دەسەڵاتەوە دژی خرۆشانی خەڵکی ناڕازی ڕابوەستن. نەوشیروان بەم هەڵوێستەی پەردەی لەسەر ناوەڕۆکی واقعی بزووتنەوەکەی هەڵماڵی. نیشانیدا بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەو سات وسەوداکەرە بەخەبات وخوێنی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانەوە، نیشانیدا کەفروفیشاڵی بزووتنەوەی گۆڕان دەربارەی "دەیگۆڕین! دەیگۆڕین"، هاتو هاوارێکی چەواشەکارانەیە بۆ تەسفیە حیسابێکی کۆنەپەرستانەو بەرتەسکی نێوان باڵەکانی بورژوازی کوردو هیچ پەیوەندیەکی بەئاوات وئامانجە ئازادیخوازانەکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانەوە نیە. نەوشیروان نیشانیدا کەلەڕۆژی ڕوبەڕووبونەوەی خەڵک و دەسەڵاتی بورژوازی کورددا، ئەوان وەکو بەشێکی ئەو چینە لەپاڵ دەسەڵات وبەرامبەر بەخەڵک ڕادەوەستن. نیشانیدا کەئەوان خوازیاری هاتنەمەیدان وبەگەڕکەوتنی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک وگۆڕانی بنەڕەتی لەوەزعی ئێستا نین، تەنها دەیانەوێ تورەیی خەڵک کارتێکی گوشاربێت بەدەستی ئەوانەوە بەرامبەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار، بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان و هیچی تر.

بەڵام هەڵوێستی "یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان" لەهەڵوێستەکەی "بزووتنەوەی گۆڕان" زیاتر مایەی شەرمەزاریە. مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لە بارەی ئەم ڕووداوەوە بەم جۆرە هەڵوێستی وەرگرت " ڕونکردنەوەیەک لەمەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە...بەداخەوە گردبونەوە جەماوەریەکەی ئەمڕۆی بەردەرکی سەرای سلێمانی پاش سەعاتێک لەکۆتایی هاتنی گردبونەوەکە ژمارەیەک کەسی گێرە شێوێن بونە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژی وهێرش کردنە سەر بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان و کوژران و برینداربونی ژمارەیەک هاوڵاتی لێ کەوتەوە." ئێمە لە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان لەکاتێکدا ئەو ڕوداوە ئیدانە دەکەین، و وەک ڕەوت وڕەفتاری هەمیشەیی حزبمان دژی بەکارهێنانی هەر جۆرە توندوتیژییەکین کەئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێک بدات و ببێتە هۆی شێوانی باری سەقامگیری وبێ حورمەتی بە دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێم..مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان-١٧/٢/٢٠١١

کوردستان هەولێر".. هەروەها کۆمەڵی ئیسلامی لەڕونکردنەوەیەکی هاوشێوەدا بەم جۆرە هەڵوێستی خۆی دەربڕی بۆ ڕاوەستان لە پاڵ دەسەڵات و پاساودانی تاوانە دڕندانەکانی :"لە مەڕ ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ لەشاری سلێمانی هاتە ئاراوە، وێڕای دەربڕینی نیگەرانیمان لەوبارەیەوە، ئێمە هەموو لایەک ئاگادار دەکەینەوە کەوەکو پێشتر ڕێنمایمان دابویە تەواوی ئۆرگانەکانمان کەهیچ جۆرە بەشداریەکیان لەخۆپیشاندانەکەدا نەبێ .

لەگەڵ ئەوەی بڕوامان وایە خۆپیشاندانی مەدەنییانە مافی هەر هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمەیە، بەڵام هەرگیز لەگەڵ کاری تێکدەرانەو هەڵکوتانە سەر بنکەو بارەگا حکومی وحزبییەکاندا نین و سەرکۆنەی ئەو جۆرە کارانەش دەکەین کە داواکاری هاوڵاتیان بەئاقارێکی ناتەندروستدا دەبەن، هەروەک داواکاریشین حیزب ولایەنە سیاسییەکان بەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن و بەتەنگ پاراستنی گیانی هاووڵاتیانەوە بن، لێرەشەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی کەس و کاری قوربانیان دەکەین وهیوای چاکبوونەوەی بەپەلەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.و ئومێدەوارین هەموو لایەک هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەبدەین و بەتەنگ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی کوردستانەوە بین" مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی"..

ئەگەر بەم چاویلکە ئیسلامیە ڕیاکاریانەیەی یەکگرتو و کۆمەڵی ئیسلامیەوە چاو لەو ڕوداوە بکەین، ئەوە بارەگای لقی چوار لایەنی زوڵم لێکراوە کە وەکو "دامودەزگایەکی فەرمی هەرێم بێ حورمەتی" بەرامبەر کراوە. بۆیە ئەم تاقمە ئیسلامیانە، بەبێ هیچ ئاماژەیەک بە تاوانە خوێناویەکەی پارتی، یەکلایەنە بەردبارانکردنی لقی چوار لەلایەن لاوانەوە ئیدانە دەکەن و تەنانەت تاوانی خوێنە ڕژاوەکانیش دەخەنە ئەستۆی ئەوان. بەم مانایەش نەک هەر هیچ تاوان و لێپرسراوێتیەک ناخەنە ئەستۆی پارتی و دەسەڵات، بەڵکو لە واقعدا دەستخۆشانەیان پێدەڵێن و کاغەزی سپیان بۆ ئیمزا دەکەن تا لەڕۆژانی داهاتودا هەموو جۆرە نارەزایەتیەکی جەماوەری خەڵتانی خوێن بکەن. سەیر ئەوەیە ڕونکردنەوەکەی یەکگرتوو کەدەڵی " ژمارەیەک کەسی گێرە شێوێن بونە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژی وهێرش کردنە سەر بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان وکوژران وبریندابونی ژمارەیەک هاوڵاتی لێ کەوتەوە." تەنانەت ڕونی ناکاتەوە کەچۆن " ژمارەیەک کوژرا و بریندار" لەو ڕوداوە کەوتەوە؟ تەنانەت نایانەوێ باسی ئەوە بکەن کەپارتی تەقەی لەخەڵک کردوە. بۆیە لەڕوونکردنەوەکەیاندا بکەری ئەو " کوژران و بریندابونەی ژمارەیەک هاوڵاتی" دیارنیە. لەوە دەچێت بیانەوی بڵێن لەپای "بێ حورمەتی بە دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێم" لەلایەن "پەروەردگارەوە" تەیرەن ئەبابیلەیان بۆ نێردراوە وبە بەردی ئەوان کوژراو و بریندرا کراون!!. ئەم ڕۆژانە لەمێژوویی کۆمەڵگای کوردستاندا چارەنوس سازن، ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانە بە ئەندازەی ساڵەها بەرچاوی خەڵک ڕۆشن دەکەنەوەو خەڵک فێردەکەن. ئەم هەڵوێستانە لەگەڵ ئەوەی ڕیسواو شەرمەزارن، بە دەنگی بەرز بانگەوازی خەڵک دەکەن بۆ ئەوەی لەم هاتنە مەیدانە جەماوەریەدا بەمەبەستی گۆڕینی هەلومەرجی کارەساتباری ئێستا، ڕیزی خۆیان لەو ڕەوت و بزووتنەوانە، جیاوازو سەربەخۆ ڕاگرن.

١٧ی شوباتی ٢٠١١





**تر دەوری گێڕا لەوەی ڕەوتی کێشمەکێش وهەلومەرجەکە بەم ڕێڕەوەدا بڕوات ودەسەڵات لەم ئاستەدا دەستی بۆ سەرکوت بکرێتەوە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** هەروەکو خۆتان ووتتان دەسەڵاتی کوردی لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا هەمیشە سەرکوتی وەکو ڕێگایەک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەکار هێناوە. بەردەوام تواناو خەرجێکی زۆری بۆ دروستکردن وپتەوکردنی دەزگا سەرکوتگەرە جۆراوجۆرەکانی تەرخان کردوە. هەرلە سەرەتایی ئەم دەورەیەش لە پەرەگرتنی نارەزایەتیە جەماوەریەکانەوە هەوڵیداوە بەسەرکوت خامۆشیان بکاتەوە. بەڵام بەدەر لەویست وئیرادەی ئەو، هۆکاری تریش هەبوە کەئەو مەجالەی بۆی کردەوە. لەوانە بەبڕوای من دەوری ئەو ئاسۆ سیاسیەو گرتنەبەری ئەو تاکتیکە ناردروستە کەبەسەر بزووتنەوە جەماوەریەکەدا زاڵکرا. بەدیاری کراوی مەبەستم ئەو ئاسۆو تاکتیکەیە کەبزووتنەوەی گۆڕان ورەوتە ئیسلامیەکان نوێنەرایەتیان دەکرد. ئەوان لەبەرژەوەندیاندا نەبوو کەئەم بزووتنەوە جەماوەرەیە ئەوەندە هەمەگیرو ڕادیکاڵ وبەهێزو ڕێکخراوو هۆشیارو سیاسی بێتەوە، کەنەکرێت جڵەو بکرێت. ئەوان دەیانویست تائەو ڕادەیە سەنگی هەبێت کەدەستمایەی ئەوان بێت بۆ بەندوبەست لەگەڵ دەسەڵات وپێکهێنانی ئاڵوگۆڕێکی شکڵی لەدەسەڵاتدا کەپێگەی خۆیانی تیا بەهێزتربێت. بۆیە لەلایەکەوە ئەو تاکتیکەیان گرتەبەر کەلەو ئاستە دیاریکراوەی توانای بزووتنەوەی جەماوەریدا خەڵک بەرەو تورەیی وهەڵچونی پێشوەخت بەرن، لەلایەکی تریشەوە خۆیان لەهۆڵی چاوەڕوانی گفتوگۆدابن لەگەڵ دەسەلات بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات بەنرخی خەبات وقوربانیدانی جەماوەر.

بۆ نمونە بەدیاریکراوی دەکرێت باسی"نەخشە ڕێگای ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی" بکەین لەو کاتەدا کەگفتوگۆی ئۆپۆزسیونی بورژوازی خەریک بوو بەبنبەست دەگەیشت. ئەو ڕۆژەی کەباسی ئەوە هاتەبەرەوە کەئەنجومەن بەنیازە نەخشە ڕێگایەکی بەو ناوەرۆکەوە بخاتەڕوو، ئێمە لەڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ڕێگای هاوڕێیانمان لەئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی، زۆرمان هەوڵدا کە ئەوکارە نەکرێت. بەڵگەکەشمان ئەوەبوو کەئەم بزووتنەوەیە لەم ئاستەدا نەبزووتنەوەی ڕووخاندنی دەسەڵاتەو نەئەو کارەی پێدەکرێت. ناکرێ بارێکی قورستر لەوەی توانای هەڵگرتنی هەیە لەو بزووتنەوەیە باربکرێت. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بزووتنەوەیەکدا، دەبێ هەڵسەنگاندنێکی دروستت هەبێت بۆی و بەباشی بیناسی، دەبێ ئەوە ببینرێت کەتوانای واقعی بزووتنەوەکە لەهەر قۆناغیکدا چەندەو چۆنە، پێکهاتەی هێزە جەماوەریەکەی چیەو چی دەوێ ولە پێناوی چی هاتوەتە مەیدان، هێزەکەی هێزی کام ئاڵوگۆڕە، لایەنە بەشدارەکان وئاسۆ سیاسیەکان وپێگەیان لەناو بزووتنەوەکەدا چۆنە؟... لەسەر بناغەی ئەمانە خواست وئامانج وسەرکەوتنی پێناسە بکریت. نەک ئارەزوومەندانە لەسەر بناغەی ئەوەی لەبیری خۆتدایە ئەم کارە بکرێت. بۆ نمونە کۆمۆنیستەکان بۆ یەک شۆڕش کار دەکەن ئەویش شۆڕشی کرێکارییە وهەر ئەمەش بەڕێگاچارەی ڕیشەیی هەموو کێشەکان دەزانن. لەهەر بزووتنەوەیەکیشدا بەشداری بکەن سەرئەنجام بۆ خزمەتکردن بەم ئامانجەو ئامادەکردنی پێداویستیەکانی ئەم شۆڕشە کار دەکەن. بەلام ناکرێ ئەم ئامانجە بخەنە بەردەم هەر هێزو بزووتنەوەیەک. ئەمە هێزی خۆی و پێداویستی خۆی دەوێت. من پێم وایە "نەخشە ڕیگای ئەنجومەن" لەم رووەوە نەگونجاو بوو.

ئەوە ئاشکرابوو کەمیتینگێکی جەماوەری وهەمەگیری خەڵکی چەند هەزارکەسی کەلە نزمترین

پێش ١٧ی شوبات وتەنانەت وەکو پێش ١٨ی نیسانیش، نەک خۆشباوەڕییان پێ‌ی نییە، بەڵکو وەکو دوژمن چاوی لێدەکەن. حوکمڕانی بەسەر ئەم خەڵکەدا هەم زۆر سەختەو هەم لەهەموو ڕوویەوەکە زۆری تێدەچێت. واتە دەسەلاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد مەحدودیات وگرفتی کەمی لەپیش نەبوو بۆ دەستبردن بۆ سەرکوتیکی فراوانی لەم ئاستە. ئەمانەو فاکتۆری تریش هەیە کەبەو بارەدا دەوریان دەگێڕا، کەدەکرا ڕەوتی هەلومەرجەکە بەبارێکدا بڕۆیشتایە پێش ئەم بواری سەرکوت ومیلیتاریزمە لەم ئاستەدا بەڕووی دەسەڵاتدا ئاوەڵا نەبێت.
کەوایە هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بێت بورژوازی دەسەڵاتداری کوردی، لەبەردەم ئەو دووریانەدا بوو کەوەڵامی خواستەکان بداتەوە یان دەست بۆ ئەم سەرکوت و ملهوڕیە بێسنورە بەرێت. هەڵبەت بەدرێژایی ئەم ٢٠ ساڵە دەسەلاتی کوردی بەردەوام سەرکوتی کردوە بەیەکێک لەکۆڵەکەکانی ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆی، لەسەرەتای بەڕێکەوتنی ئەم بزووتنەوە جەماوەریەشەوە سەرکوت وخوێنرێژیەکی گەورەی بەڕێخستووە. ئەوەی ئێستاش دەستی داوەتێ درێژەو پەرەپێدانی ئەو سەرکوتەیە. ئەمە هیچ پاساوێکی نییە جگە لەوەی دەیانەوێ بەملهوڕی، دەسەلاتی گەندەڵیان بەسەر خەڵکدا ڕاگرن. خەڵکی کوردستان ئەمەیان لەبیر ناچێت وهەرگیز لێی خۆش نابن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەنەدەکرا ئەم دەسەڵاتە لەئاستێکدا ناچار بکرێت بەملدان بەخواستەکانی جەماوەر .
دەکرا ڕەوتی ڕووداوەکان بەم بارەدا نەڕۆیشتایە. ئەوەی کەئایا دەکرێ لەدەسەڵاتێکی گەندەڵ وتاڵانچی چاوەڕوانی وەڵامدانەوە بەخواستەکانی خەڵک بکرێت؟ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە ڕۆشن دەکاتەوە، تەنها ماهیەتی دەسەڵاتەکە نییە، بەڵکو ئاست وتوانای بزووتنەوەکە وئەو شێوازو ڕێگایانەشە کەدەیگرێتەبەر. من لەیەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ ئەو بۆچونە کێشەی جدیم هەبووە کەپێی وایە بەبەرزکردنەوەی دروشمی توندو بەڕواڵەت ڕادیکاڵ، یان بەبردنەسەری ناهەڵسەنگێندراوی ئاستی داخوازیەکانی بزووتنەوەکە، دەکرێت بزووتنەوەکە بەرەوپێش وتواناییەکانی بەرەو سەر ببرێت. بەپێچەوانە دەبوو بەبردنەسەری ئاستی ڕێکخراوبوون وپان وبەرین کردنەوەو بەهێزکردنی پێگەی چینی کرێکارو گرتنەبەری شێوازی گونجاوو دروست ودیاریکردنی ئاستی واقعی داخوازیەکان، ئەم بزووتنەوەیە بەرەو سەر بڕوات وتەنانەت ئاستەنگیەکانی وەلابنرێت. بەڵێ من پێم وایە دەکرا دەسەڵات ناچاربکرێت بەملدان بەزۆرێک لەداخوازیەکانی جەماوەر. لەوانە ڕادەیەک لە پاشەکشەی بەرهەم ساڵەح لەنامەکەیدا بۆ ئەنجومەنی سەرای ئازادی، بەڵێنە تەم ومژاویەکانی مسعود بارزانی بۆ دانی مۆڵەتی ٣ مانگی بۆ چاکسازی، بەرنامە ١٧ خاڵیەکەی پەرلەمان وهەڵپەساردنی یاسای سەرکوتی خۆپیشاندان..و لەگەڵ هەموو فریوکاریەک کەلە دوو توێی ئەوانەدا خۆی حەشارداوە، هەموو بەڵگەی ئەوەن کەدەکرا دەسەلات لەکێشمەکێشێکی دروست وهەڵسەنگێندراودا..ناچار بکرێت لەهەنگاوی یەکەمدا لانی کەم بەشێک لەداخوازیەکانی خەڵک جێبەجێ بکات. ئەمەش تەکانێکی نەوعی زۆر گەورەی بەزووتنەوەکە دەدا.

**سەعید ئەحمەد: وەکو هەڵسەنگاندن ودەرس وەرگرتن لەڕابردوو، ئەوە ئاشکرایە کەدەسەلات هەمیشە لەسەنگەردابوو بۆ سەرکوت وبەردەوام ئەم کارەی کردوە، بەلام جگەلەوە چ هۆکاریکی**





# یەک ڕاپەڕین و سێ تاکتیک

سەرئەنجام سەرەتای ڕاپەرینێکی نوێ لەکوردستان دەستی پێکرد. پایەو زەمینە ماددی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم ڕاپەڕینە، هەمان ناکۆکیە قوڵ وکۆمەڵایەتیەکانی دەرونی ئەم کۆمەڵگایەیە: کەمایەتیەکی زۆر کەمی کۆمەڵگا، کە پێکهاتون لەسەران و بەرپرسانی دوو حیزبی دەسەڵاتدار و کۆمەڵێک سەرمایەدار، نوقمی سەروت وسامانن وژیانی فیرعەونیان هەیە. زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانیش کەپێکهاتبون لەجەماوەری ملیونی کرێکاران وزەحمەتکێشان وکاسبکاران و فەرمانبەران، نوقمی هەژاری و بێدەرەتانین و لەسەرەتایی ترین پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە و خزمەتگوزاریەکان بێبەشن. دەسەڵاتی ئێستای کوردستان، دەسەڵاتی چینی بورژوازی کوردە، لە شێوەی دەسەڵاتێکی بنەماڵەیی ومیلیشیاییدا، بۆ ڕاگرتن وداسەپاندنی ئەم نا عەدالەتیە گەورەیە. ئەم دەسەڵاتە ٢٠ ساڵە بەئاقارێکدا کار دەکات کەدەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر وژیانی شاهانەیان ڕازاوەتر دەبێت و هەژارەکانیش هەژارتر دەبن و ژیانی بێ بەشانەیان قوڵتر دەبێتەوە. بێگۆمان نا عەدالەتیەکی بەم جۆرە پێویستی بەوە هەیە کەدەسەڵاتێکی دیکتاتۆری پشتبەستو بەجۆرەها دەزگا ویاسای سەرکوت وئایدۆلۆجیای گێژکەر، پارێزگاری لێبکات. میلیشیایی پێشمەرگەو دەزگاکانی زانیاری و پاراستن و دژە تیرۆر و پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی و ... دەزگاکانی ئەو سەرکوتەن. یاساکانی بەرتەسککردنەوەی ئازادی هەڵسوڕانی حیزبی وسیاسی، یاسای بەرتەسک کردنەوەی ئازادی ڕادەربڕین وڕۆژنامەگەری، یاسای سەرکوتکردنی خۆپیشاندان، بڕیارەکانی دەم کوت کردنی ڕەخنەگران لەموقەدەساتی دواکەتوانەی ئیسلامی وناسیونالیستی... نمونەی ئەوانەن کەقاڵبێکی یاسایی دەدەن بەسەرکوتی دەزگا سەرکوتگەرەکان، بەمەبەستی ناچارکردنی خەڵک بە ملدان بەو ناعەدالەتیە ئاشکرایە. ئایدۆلۆجیای گێژکەری کوردایەتی وخورافاتی ئیسلامی و بەیت وبالۆرەی خاک ونیشتمان وئەی ڕەقیبیش، ئەو تەپ وتۆزەیە کەبەبا دەکرێن بۆ کوێرکردنی چاوی خەڵک و گوشینی مێشکی جەماوەر، لە ئاست ئەو ناعەدالەتیە و قەبڵاندنی بەخەڵک لە ژێر ناوی بەژەوەندی باڵای میللەتدا.
٢٠ ساڵ بەر لەئێستا کەلە هەلومەرجێکی تایبەتی جیهانیی و ناوچەییدا، دەسەڵات لە ئاسمانەوە کەوتە باوەشی ئەم دوو حیزبەوە و بواری پێدان ئەم ژیانە شاهانەیە لەسەر حیسابی بێدەرەتانی ملیونی خەڵک بۆخۆیان بنیاتبنێن، کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەم ڕاستیانە و ئەم ئایندەیەی خستە بەرچاوی خەڵکی کوردستان. ئەم دەسەڵاتە نە ئەوکات و نەئێستا هیچ حەقانیەتێکی نەبووە و

نیە. لەم ٢٠ ساڵەدا هەمیشە زەمینە وپێویستی ڕاپەڕینێک بۆ گۆڕین و هەڵگێڕانەوەی ئەم هەلومەرجە هەبووە، بەڵام ڕەوتی واقعی ئامادەیی زاتی جەماوەری دەستەنگ، بەکردەوە ٢٠ ساڵی خایاند، تا لە جەرگەی هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە کەهەموو ناوچەکەی گرتوەتەوە و لە وڵاتانی تونس و میسر دوو سەرکەوتنی گەورەی تۆمارکردوە، کوردستانیش پێ بنێتە دەروازەی ئەم ڕاپەڕینەوە.

ڕاپەڕینی ئەمجارەی کوردستان دەبێ ڕووی لەوە بێت کە ئەم واقعیەتە سەرەوخوارەی کوردستان هەڵگێڕێتەوە وکۆمەڵگایەکی عەدالەتخواز لە جێگای بەرپا بکات. ئەم کۆمەڵگایە سەرەوخوارە و لەسەر سەر ڕاوەستاوە. واتە ئەوەی کارناکات و ماندو نابێت، نوقمی سەروەت و خۆشیە، ئەوەی ڕەنج دەدات وماندو دەبێ وبەرهەم دەهێنێ، بێبەش وبرسیە. ئەم کۆمەڵگایە دەبێ هەڵبگێڕدرێتەوە، لەسەر سەرەوە بخرێتە سەرپێ. یەکەمین هەنگاویش لەم ڕێگایەدا گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی ئێستایە. ئەو دەسەڵاتەی کەبە زەبری سەرکوت و یاسای ملهوڕانە وخورافاتی قەومی و دینی، ئەم هەلومەرجە ستەمکارەی ڕاگرتووە. ئەم ئاڵوگۆڕە لەدەسەڵات، پێویستە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بێت، نەک گۆڕینی دەم و چاوەکان. پێویستە سیستەمی سیاسی بگۆڕێت لەسیستەمێکی سەرکوتگەر وبیروکراتیکی سەرو خەڵکیەوە، بۆ سیستەمێکی پشتبەستوو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆ وبەردەوامی خەڵک. نەک هەر سیستەمی میلیشیایی وبنەماڵەیی و دیکتاتۆریەتی فەردی، بەڵکو سیستەمی پەرلەمانیش، سەرجەمیان شێوەی جۆراوجۆری دەسەڵاتی بیروکراتیکی سەرو خەڵکی بورژوازین ولەسەر بناغەی شکاندنی ئیرادەی خەڵک حوکمڕانی دەکەن. سیستەمی پشتبەستو بەئیرادەی خەڵک، سیستەمی شوراییە. کوردستان پێویستی بەوەیە بەسیستەمی شورایی بەڕێوەببرێت.

لەئاست ئەو هەلومەرجە شۆڕشگێڕانەیەی ئێستا هاتوەتە کایەوە وئەم کۆمەڵگایەی لەسەر لێواری ئاڵوگۆڕیکی گەورە ڕاگرتووە، هەر لەم سەرەتای کارەوە سێ تاکیتک، بۆ سێ ئامانجی جیاواز هاتوەتە ئاراوە:

١- تاکتیکی دەسەڵات: ئاشکرایە کەدەسەڵات دەیەوێ هەلومەرجی ئێستا ڕاگرێت. بۆ ئەمە تاکتیکی"نابێ ڕێگابدەین هەلومەرجەکە بشێوێت، دەبێ ئارامی ڕاگرین وتەجروبە و دەسکەوتەکان بپارێزین..."ی بەدەستەوە گرتوە. ئەم جۆرە دەستە واژانە سەرخەتی تاکتیکی دەسەڵاتە بۆ درێژەدان بەتەمەنی خۆی. هاوکات لەگەڵیدا کەم و زۆر پێ لەوە دەنێن کەگەندەڵی وستەم وکەم و کوڕی هەیە وپێویستە چاکسازی بکرێت. بەڵام بۆ گەندەڵداریەکان داهۆڵی وەهمی دروست دەکرێت، وەکو بلێی کەسانێکی جیاواز لەسەرانی دەسەڵاتدار بەرپرسی ئەو گەندەڵی و ستەمکاریە بن!! بۆ چاکسازیەکانیش بەردەوام بەڵێنی درۆ دەبەخشنەوە. بەم جۆرە دەیانەوێ ئەم هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەیە بەنیوەکلاج تێپەڕێنن بێ ئەوەی دەسەڵاتیان لەدەست دەرچێت. حیزبەکانی گوێڕایەڵی دەسەڵاتیش لەپشتی ئەم تاکتیکە ڕاوەستاون. "نەشێوانی هەرلومەج و ڕاگرتنی ئارامی و پاراستنی دەسکەوتەکان ..." ئەمانە کۆمەڵێک دەستەواژەی فریوکارانەن کە ڕێک لەبەرامبەر مەیلی جەماوەر بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی هەلومەرجی کارەساتباری ئێستادا





**بوون، ئێستا بوونەتە سەربازگەیەکی گەورەو هەزاران کەس لەچەکدارەکانی دەسەڵات بەچەکو تێڵاوە بەمەیدانو شەقامەکاندا بڵاوبوونەتەوە. بەڕای ئێوە چەندە دەسەڵات دەتوانێت لەم کارەیدا سەرکەوتووبێت و خەڵک وناڕەزایەتییەکانیان خامۆش بکاتەوە؟ تاکەی دەتوانێت ئەم شارانە بەسەربازگە بکات و وەکو شارێکی داگیرکراوی لێبکات؟ ئایا دەسەڵاتێک کەسەرتاپای گەندەڵی و تالان و بڕۆی سامانی خەڵکە و لەناو گەندەڵیدا غەرق بووە، دەسەڵاتێک کە بیست ساڵە هەرچی سامان و خێروبێری ئەم وڵاتە هەیە بۆخۆیی وسەرانی قۆرخ کردووەو بەزەبری فریوکاری وسەرکوت خەڵکی بێدەنگ کردووەو بەشی کرێکاران وزۆربەی خەڵکی کوردستانیش بێبەشی وسەرکوت بووە، چەندە دەکرێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکریت کەوەڵام بەخواستەکانی خۆپیشاندەران وخەڵکی کوردستان بداتەوە؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا دووڕیانیک لەئارادا بوو، دەکرا ئەم دەسەلاتە ناچار بەهەلبژاردنی ڕیگایەکیتر بکریت جگە لەم سەرکوت و ملهوریە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** لەپێشدا لەبارەی ئەوەی کەچەندە دەسەڵات دەتوانێت لەم کاری سەرکوتەیدا سەرکەوتووبێت وخەڵک وناڕەزایەتییەکانیان خامۆش بکاتەوە، پێم وایە لەفەزای ئێستای کوردستان وناوچەکەدا ئەمە کارێکی زۆر سەختە. ڕەنگە بتوانن بۆ ماوەیەک هەنگاوێک پاشەکشەی بەسەردا بسەپێنن، ئەویش بەنرخێکی گران. بەڵام تازە گەڕانەوە بۆ ئەو هەلومەرج وهاوسەنگی وپەیوەندیەی نێوان دەسەڵات وخەڵک کەپێش ١٧ شوبات هەبوو، ئیمکانی نیە. هەڵبەت مەترسی سیناریۆی تەڵخی جۆراوجۆر لەئارادا هەیە کەلەم دەسەڵاتە چاوەڕوان دەکرێت بۆ گۆڕینی فەزاکە بیگرێتەبەرو هێزە بۆرژوازیەکانی ئۆپۆزیسیونیش چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت کەبەدەوری خۆیان وبۆ مەرامەکانی خۆیان بەهانە بۆ ئەو جۆرە سیناریۆیانە بەدەستەوە بدەن. لەم بارەیەوە هوشیارییەکی زۆر پێویستە. بەڵام بەبڕوای من تازە کۆمەڵگای کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوەو ناگەڕیتەوە بۆ دواوە.

بەڵام ئەوەی کەئێستا ڕوویداوەو ئێوە باستان لێکرد، چاوەڕوان نەکراو نەبوو. من لەو ووتارانەی لەبارەی ئەم جوڵانەوە شۆڕشگێڕانەیەوە لەماوەی ڕابردوودا نوسیومن، چەندجار باسی ئەم جۆرە سیناریۆو پیلانانەم کردوەو هۆشداریم داوە. لەپلاتفۆرمێکیشدا کە لەلایەن پلنیۆمی هەشتەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە پەسەند کراوە، پەنجە بۆ مەترسی لەم جۆرە ڕاکێشراوە. هیچ گومان لەوە نەبوو کەدەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد ئەگەر بۆی بکرێت، تا ڕێگای سەرکوت و پاشەکشە پێکردنی بزووتنەووەی جەماوەری لەبەردەم بێت، ڕێگای وەڵامدانەوە بەخواستەکانیان هەڵنابژێرێت. بەڵام بەهیچ شێوەیەک دەستبردن بۆ ئەم ڕێگایە لەم ئاستە فراوانەی ئێستادا حەتمی نەبوو. لەپێشدا بەو هۆیەوە کەباجی گرتنەبەری ئەم ڕێگایە بۆ دەسەڵاتی بورژوازی کورد، زۆر بەگران تەواو دەبێت . ئەو بەهەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە لەپێشدا ئاستی خۆشباوەڕی خەڵکی بەرامبەر خۆی هەتا نزمترین ئاستی خۆی هێناوەتە خوارەوە. خەڵکی کوردستان لەم سەرکوت و ملهوری وتاوانکاریە خۆش نابن. بەمەش گرفتێکی گەورەی لەبەردەم درێژەی دەسەڵاتی خۆیدا دروست کردوەو دەکرێ بڵێین تا رادەیەکی زۆر ڕەوتی ڕووخانی خۆی گرتووەتەبەر. ڕەنگە ئەمە درێژە بکێشێت بەڵام ئەم ڕەوتە زۆر زەحمەتە تازە هەڵگەڕێتەوە. هەروەها هەر بەم بۆنەیەوە تازە هەر ڕۆژێک لەعومری ئەم دەسەڵاتە بەنرخێکی زۆر گرانتر لەڕابردوو بەڕێوەدەچێت. مەبەستم ئەوەیە ئیتر لەگەڵ جەماوەرێک بەرەوڕووە کە وەکو

بەرز كراونەتەوە. بەڵام بۆ چەواشەكاری بەجۆرێك بەیان دەكرێن وەكو ئەوەی "دەستێكی دەرەكی و پیلانگێڕ ودوژمنی میللەت"یان لەپشتەوە بێت. لەكاتێكدا ئەمە مەیلێكی ڕەوا و بەرحەق و شۆڕشگێڕانەی خەڵكە و لەپێناو ئایندەیەكی باشتر ودرەخشاندایە.

دیوێكی تری ئەو تاكتیكە، سەركوت و خنكاندنی ڕاپەڕینە لەهەنگاوی یەكەمیدا. لەخوێن هەڵكێشانی خۆپیشاندانی ڕۆژی ١٧ی شوبات، هەروەها ڕاوەستانی چاوقایمانەی هەردوو مەكتەبی سیاسی وسەرانی پارتی ویەكێتی و دەسەڵات لەپشتی تاوانبارانی ئەو قەسابخانەیە وسەركوتی خۆپیشاندانەكەوە، بەڵگەی ئاشكرای ئەم ڕاستیەیە. هەردوو مەكتەبی سیاسی لەو ڕووداوەدا خەڵك وقوربانیەكان تاوانبار دەكەن وپێداگری لەسەر سزادان وسەركوتكردنی خەڵكی ناڕزای داەكەن وناڕەزایەتی خەڵك بەگێرەشێوێنی لە قەڵەم دەدەن. لەم بارەیەوە بەیاننامەی هاوبەشیان دەڵێت "بە پیلانێكی پێشوەخت، پەلاماری بارەگای لقی٤ی پارتی دیموكراتی كوردستانیاندا بە نیازی بێ حورمەتی پێ كردن و سووتاندنی كە بەداخەوە لەئاكامی ئەم پەلامارەی ئاژاوەگێڕان ژمارەیەك خەڵك لەناو بارەگای لقی٤ و سەرجادە كوژران وبریندار بوون. لە ڕوانگەی بەخەمەوە بوون و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و بەرقەرار كردنی ئەمنیەت، داوا لەحكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین لێكۆلینەوەی ورد و جدی لەم بابەتە بكات وئەوانەی پیلانیان داڕشتووە و ئەوانەی بۆنەتە ئالیەتی ئەو پیلانانە وئەم ئاژاوەیان لەشاری خۆشەویستی هەڵمەت وقوربانی دروست كرد و بوونە هۆی ناڕەحەتی و دڵەڕاوكێی جەماوەری كۆڵنەدەری شارەكە ڕادەستی یاسا بكات و سزا بدرێن."

كەواتە ئاشكرایە ئەوەی لەڕوانگەی ئەوانەوە تاوان و ئاژاوە و گێرەشێوێنیە، خۆپیشاندان و یان ئەوپەڕەكەی بەردەفڕكێی گەنجانە. بەڵام تەقەكردن وكوشتن ولە خوێن هەڵكێشانی خۆپیشاندانی خەڵكی مەدەنی نەك تاوان وئاژاوە وگێرەشێوێنی نیە، بەڵكو ڕەوا ویاساییە. بەرگری لەخۆكردنی دەسەڵاتە بە "بی كەی سی" لەبەرامبەر بەرد هاویشتنی گەنجاندا!! بۆیە جەنابیان دەگەڕێن بە دوای ئەوانەی لەگولەی تفەنگچیەكانی لقی چوار دەربازیان بوە بۆ ئەوەی بیانگرن و سزایان بدەن. نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆكی حیزبی بكوژ، كەفازل میرانی قسەكەری مەكتەبی سیاسیەكەی ڕاشكاوانە مشار بۆ بڕینەوەی دەستی خۆپیشاندەران نیشانی خەڵك دەدات، حیزبە چنگ و ددان خوێناویەكەی دەخاتە خانەی زوڵم لێكراو و دەڵێ: "داوا دەكەین حكومەت لێكۆڵینەوە بكات و پێمانوایە غەدریش لەلقی ٤ كراوە و دەبێت بە زووترین كات تەحقیق بكرێت و تۆمەتباران بدرێنە دادگا وئەمە داواكاری ئێمەیە" لەڕوانگەی ئەوەوە لێكۆڵێنەوە ودادگا نمایشی كارتۆنین بۆ حوكمێك كەخۆی لەپێشەوە دەریكردوە وبڕاوەتەوە، ئەو حوكمەش بەووتەی جەنابی ئەوەیە بكوژەكان غەدرلێكراون، ئەوانەی خۆپیشاندانیان كردوە ولە گولەبارانی چەكدارەكانی پارتی گیانیان بەسەلامەت دەركردوە، تاوانبارن ودەبێ سزابدرێن. هەروەها دكتۆر بەرهەمی سەرۆكە دەستەمۆكەكەی حكومەتی هەرێم، لەهەمان سەنگەرەوە لێدوانی داوە ودەڵێت "ئەم لیژنەیە هەڵدەستێت بەلێكۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەو ڕووداوەی كە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو لەبەردەم لقی چواری پارتی دیموكرات ڕوویدا وپاش لێكۆڵینەوەكان هەر كەسێك بە





# تاجارێک دەڵێین خۆپیشاندان، دەبێ ١٠ جار بڵێین ڕێكخراوبوون و ڕیزی سەبەخۆ"

## گفتوگۆی سەعید ئەحمەد لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد سەبارەت بەڕابردوو ئێستاو ئایندەی خۆپیشاندانەكان

دوای دوو مانگ لەخۆپیشاندانەكانی كوردستان، سەرەنجام بەزەبروزەنگو لەشكركێشی دەسەڵاتی كوردی بۆسەر سلێمانیو ئەو شوێنانەی تر، خۆپیشاندانەكان خامۆشكرانەوە. ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە گەورەو بێوێنەیە لەمێژووی دەسەڵاتی كوردیدا هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە تاكو ئەم دەورەیە لەسەركوتكردنی، چەندین پرسیاری بەشوێن خۆیدا هێناوە. لەوانە: ئایا خۆپیشاندانەكان تەواو؟ ئەگەر تەواو نەبوون دەرسەكانی ئەم دەورەیەی خۆپیشاندانەكان چین كەدەبێ دەورەی ئاینده لەبەرچاوی بگرین؟ دەبێ بۆ ئاینده چی بكەین؟ لەلایەكی تریشەوەو لەدیدی بەرامبەرەوە: ئەسڵەن خۆپیشاندانەكان بۆ؟ بەشداری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی تیایدا بۆ؟ كۆمۆنیستەكان بەشوێن چییەوەن لەم خۆپیشاندانانەدا؟

بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە سەعید ئەحمەد، هاوكاری بڵاوكراوەی ئۆكتۆبەر، ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد سازدا. شایانی باسە ڕێبوار ئەحمەد لەسەرەتای سەرهەڵدانی خۆپیشاندان وجوڵانەوە ناڕەزایەتییەكانی ئەم دەورەیەی شارەكانی كوردستانەوە، تائێستا چەندین بابەتی لەسەر لایەنە جیاجیاكانی ئەم بزوتنەوەیە وچۆنێتی بەسەركەوتن گەیاندنی نووسیووە. ئەمەی خوارەوە دەقی گفتوگۆكەمانە:

### بەشی یەكەم

سەعید ئەحمەد: هەروەک چاوەڕوان دەكرا، دەسەڵاتی كوردی لەدووڕیانی وەڵامدانەوە بەخواستەكانی خۆپیشاندەران وسەركوت كردنیاندا، ئەوەی دووهەمیانی هەڵبژارد. شاری سلێمانی وناوچەكانی دەوروبەری كەپێشتر مەڵبەندی هاتنەمەیدانی خەڵكو خۆپیشاندانەكان

تاوانی ئاژاوە و تێکدان بگیرێت ئێمە ئامادەین بیخەینە سەر تەلەفزیۆن وڕووبەڕووی دادگا دەکرێتەوە وبە هەموو شێوەیەک ئیجرائاتیان لەگەڵدا دەکەین". کەوایە مەبەستەکەی جەنابی سەرۆکی حکومەتیش لەپێشەوە ئاشکرایە، لێکۆڵینەوەکەی ئەوان بۆ گەڕانە بەدوای " هەر کەسێک بەتاوانی ئاژاوە و تێکدان بگیرێت". لەقاموسی ئەوانیشدا خۆپیشاندان وبەرد فڕێدان ئاژاوە و تێکدانە، بەڵام تەقە کردن و قەسابخانە هەڵخستن ڕەوایە ومافی هێزی زێرەڤانیە!!

٢- تاکتیکی ئۆپۆزیسیونی بورژوازی: تاکتیکی ئەو هێزانەیە کەدەیانەوێ ئەم ڕەوتی گۆڕانە بە ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتی لەدەسەلات ومانەوەی پایە وکۆڵەکەکانی سیستەمی سیاسی و ئابوری ئێستا کۆتایی بێت. دەم وچاوەکانی دەسەڵاتی ئێستا بگۆڕێن بۆ کۆمەڵێک دەم و چاوی تازە. بۆ نمونە دەسەڵاتی ڕەهای یەکێتی و پارتی بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێک کە جێگای سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان وئەو بەشە لەبورژوازی کوردیشی تیا ببێتەوە، کەبە بۆچونی خۆیان دەتوانن باشتر لەوەی ئێستا، کۆمەڵگای کوردستان لەبەرژەوەندی چینی سەرمایەدار وقازانج پەرستی سەرمایەدا بەڕێوەبەرن. لەڕاستیدا ئەمانە بەدیلی نەجاتدەری تەجروبە ئەزمەگرتوەکەی ناسیونالیزم و بورژوازی کوردن، نەک نەجاتدەری جەماوەری کرێکار ودەستەنگ وستەمدیدەی کوردستان. تاکیتکی ئەم باڵە ئەوەیە کەڕەوتی ناڕەزایەتی و هاتنەمەیدانی خەڵک، تائاستی هاتنە مەیدانێکی جەماوەری و هۆشیارانە وسیاسی قوڵنەبێتەوە، تەجروبەی مەیدانی تەحریری قاهیرە دوبارە نەبێتەوە، قوتببەندی سیاسی وسیاسی بونەوەی جەماورە ڕوونەدات، دەرگا بەڕوی بوژانەوەی ئیرادەی خەڵک وهەڵبژاردنی سیاسی لەنێو بەدیلە جیاوازەکان نەکرێتەوە. لەجیاتی ئەمانە، توڕەیی پەنگخواردوی خەڵک بەتەقینەوە وهەڵچونێکی دەم و دەست و پەلامارێکی پێشوەخت بۆ سەر بارەگا ودام ودەزگاکانی جێگا مەبەست، ببرێتەوە. لەهەڵچونێکی وەهادا بەووتەی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێت "ئەوەندەی ئەو ٣٠٠٠ کەسەی بەڕووداوی هاتوچۆ دەمرن، خەڵک ببێت بەقوربانی" و خوینەکەشیان دەستمایەی سەرانی بزووتنەوەی گۆڕان و هێزە کۆنەپاریزەکان بێت، بۆ سات وسەودایەک لەگەڵ یەکێتی و پارتی و قەبڵاندنی مەرام و بەرژەوەندیەکانی خۆیان بە دەسەڵاتی ئێستا.

٣- تاکتیکی کۆمۆنیستی: تاکیتکی سێەم تاکتیکی کۆمۆنیستیە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و بنەڕەتی لەهەموو  سیستەمی سیاسی وئابوری ئێستای کوردستاندا. تاکتیکێکە لەخزمەت بە سیاسەت وئامانجی هەڵگێڕانەوەی وەزعی ئێستا بەقازانجی ئازادی وپێشکەوتن وخۆشگوزەرانی و خۆشبەختی بۆ جەماوەری ملیونی کرێکاران وخەڵکی دەستەنگ وستەمدیدە. ئەم ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیە پێویستی بەهاتنە مەیدانێکی جەماوەری وسیاسی و هوشیارانەیە لەدەوری بەدیل و ستراتیژێکی ڕۆشن. تاکتیکی کۆمۆنیستی دەبێ زامنی ئەوە بێت ئەم جوڵانەوەیە هەرچی زیاتر بەرەو جەماوەری بونەوە وڕێکخراو بوون بڕوات. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ جوڵانەوەکە دوور بگیرێت لەموغامەرە وئەو شێوازانەی کەدەستی دەسەڵات دەکاتەوە بۆ سەرکوتی خوێناوی. هەم دروشم و داخوازیەکان وهەم شێوەکانی خەباتی جەماوەری، دەبێ بەپێی هاوسەنگی هێز لەکێشمەکێشی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا، دیاری بکرێت. لەپرۆسیسێکی سیاسیدا هەموو هەنگاوێکی بەکردەوە





بەرێکەوتووە.

٩- گواستنەوەی تەجروبە سەرکەتوانەکانی شۆڕشەکانی ناوچەکە بۆ بزووتنەوەی جەماوەری ئێستای کوردستان. هاوکات پەرەپێدانی گیانی هاوپشتی لەگەڵ شۆڕش و بزووتنەوە جەماوەری و شۆڕشگێڕیەکانی ناوچەکە و پێکهێنانی دەرفەتێکی هەرچی فراوانتر بۆ کاریگەریی وەرگرتن لەیەکتری و توانا بەخشین بە یەکتری.

١٠- لەجەرگەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی ئێستادا، حزب بەتایبەتی تێدەکۆشێت بۆ بەدەستەوەگرتنی پێشڕەوی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی ئێستای جەماوەری کوردستان. گێڕانی دەوری کاریگەر و پێشڕەو لە ئەنجومەنەکانی مەیدانی ئازادیدا، هەوڵدان بۆ سەراسەری و فراوانکردنەوەی ئەم خۆپیشاندانانە و دەرهێنانی دەسەڵات لە خوارەوە لەدەست حزبە چەکدارە دەسەڵاتدارەکان.

١١- .....

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەمیدەو لاوانی شۆڕشگێڕ، بانگەواز دەکات کە لەپێناو هەوڵێکی کارساز و پەیگیرانە بۆ سەرخستنی پلاتفۆرمی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە خۆیان یەکگرتوو ڕێکخراو بکەن، بەڕیزی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە پەیوەست بن و ڕاستەوخۆ کۆمیتەکانی لەناوەندە کرێکاریەکان و زانکۆو فەرمانگە و گەڕەکەکاندا پێکبهێنن و بیکەن بەئامڕازی ڕێکخستن و ڕابەریکردنی بزووتنەوەکە لەو جێگایانە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەهەموو هێز و ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆشنبیران و کەسایەتیە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکان داوا دەکات کە پشتیوانی و هاوکاری بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و جەماوەری بکەن و توانای خۆیان بەگەڕبخەن لەپێناو بەدیهاتنی خواستە ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازەکانی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەئاستی نێونەتەوەیدا هەوڵدەدات و داوا دەکات لەچینی کرێکار و ئەحزابی سیاسی و دامەزراوە و کەسایەتیە پێشکەوتنخوازەکان، کە پشتیوانی لەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی کوردستان بکەن و دژی سەرکوتی دەسەڵات دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕن.

**حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستان**

ئازاری ٢٠١

ئۆپۆزیسیونەوە، هەروەها لەدژی بەکێشکردنی بزووتنەوەکە بۆموغامەرە بەمەبەستی گوشاردانان لەسەر بۆرژوازی ڕەقیب لەدەسەڵاتدا، ڕادەوەستێ.

٣- حزب هەوڵدەدات بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازیەکانی نێوان ڕەوت و مەیلە سیاسیە جیاوازیەکانی ناو بزووتنەوەکە بۆ جەماوەر، بەم جۆرەش لەڕێگای کارێکی هۆشیاردەرانەی ڕوون و ڕاشکاودا، توانای ئەوە بەچینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش دەبەخشێت کە لەسەر بناغەی هۆشیاریەکی تەواو بەجیاوازیە سیاسی و چینایەتیەکانیان، ڕیزی سەربەخۆی چینایەتیان لەبزووتنەوە هەمەگیرەکەدا پێکبهێنن و بپارێزن ..

٤-حزب هەوڵدەدات، لەگەڵ بەردەوام بوون و فراوان بوونەوەی میتینگ و خۆپیشاندانەکان لەمەیدانی شارەکان، چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و ژنان و لاوان، لە جێگای کار و ژیانیاندا یەکگرتوو و ڕێکخراوبن و لە ڕێگای بەرپاکردنی کۆبونەوە گشتیەکانەوە لە گەڕەک و کارگە و خویندنگا و فەرمانگەکاندا جەماوەر لەدەوری شورا و ڕێکخراوە سەربەخۆکاندا ڕێکخراوبن. بەم جۆرەش یەکریزی و هاودەنگی جەماوەر لەسەر خواستەکان و توانا و چۆنیەتی بردنەپێشی بزووتنەوەکە دابین بێت.

٥- هەوڵدان بۆ دابینکردنی ڕابەرییەکی سیاسی کۆمۆنیست و کارامە و متەمەرکز و مستەقر بۆ بزووتنەوەکە، پێکهێنانی ستون فەقەراتێکی کادری لەکرێکارانی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ، بیناکردنی حزبێکی مودێرن وئینساندۆست لەدڵی بزووتنەوەکە، بەرێخستنی تەبلیغاتێکی ڕۆشن و جەزاب و ڕێکخەر و هەڵخرێنەری سیاسی و تاکتیکی و ڕێنمایەری بەردەوام بە بزووتنەوەکە. گەیاندنی سیاسەتەکانی بۆ ناو جەماوەر لەگەڕەک و کارگە و خوێندنگا ...کە بتوانێ سەرکەوتنی بەردەوام و یەک لەدوای یەکی بزووتنەوەکە مسۆگەر بکات و بەرەوپێشی بەرێ، یەکێک لەئەولەویاتە سەرەکییەکانی ئێستای حزب پێکدێنێ.

٦- بەپێی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵگای کوردستان و میلیشیایی بوونی ئەحزابی بورژوازی ناسیونالیستی و ئیسلامی و دەسەڵات، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی تەجروبەی کارەستباری لیبیا، مەترسی جۆراوجۆر هەڕەشە لەبزووتنەوەی جەماوەری و سیاسی ئێستای کوردستان دەکات، لەپەرەپێدانی توندوتیژی و تێکدانی فەزای سیاسی و شۆڕشگێڕانەوە تابردنی بەباری شەڕی ناوخۆی لایەنە بورژوازیەکان و.....ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە شێوە و ڕێگای پێویست بۆ بەرگرتن لەو مەترسیانە بگرێتەبەر.

٧- یەکێک لەمەرجە سەرەکیەکانی بەسەرکەوتن گەیشتنی ئەم بزووتنەوەیە تا ئاستی بەدیهاتنی ئامانجەکانی و پێکهاتنی ئاڵوگۆری بنەڕەتی لەژیانی جەماوەری ستەمکێش، لەمەیدان بوونی حزبێکی کۆمۆنیستی و کرێکاری بەهێزو و دەخاڵەتگەری پێشرەوە. ئەرکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بەکار بخات لەپێناو یەکگرتووکردنی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە لەحزبێکی سیاسی بەهێز و یەکپارچەدا.

٨- حزب تێدەکۆشێت بۆدابینکردنی هاوپشتی و هاوئاهەنگیەکی بەهێزی خەباتکارانە لەنێوان ئەم بزووتنەوە جەماوەریەی کوردستان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە هاوکات لەئاستی عێراقدا





مانای هەنگاوێک چونەپێشەوەی خەباتی جەماوەری و هەنگاوێک چونەدواوەی دەسەڵات بێت. بەم مانایەش گۆڕینی هەنگاو بەهەنگاوی هاوسەنگی بێت بەقازانجی کرانەوەی دەرگا بەڕووی خەباتی جەماوەری و بەزیانی توانای سەرکوتی دەسەڵات، ڕێچکە بگرێت.

بەپێی تاکتیکی کۆمۆنیستی دەکرێت ناڕەزایەتیەکان، بەشێوەی ڕۆژانە، لەزانکۆکان، لە گەڕەک و کارگە، لەمەیدانە گشتیەکانی شار، ... دور لەو جێگایانەی زەمینەی سەرکوت بۆ دەسەڵات لەبار دەکات، تەنانەت لەم پێناوەدا هەتا ئەگەر لەمەیدانە لاوەکیەکانی شارەکانیشدا بووە، بەشێوەی کۆبونەوەی جەماوەری وسیاسی، بەرزکردنەوەی دروشم وداخوازی، ووتار خوێندنەوەو ... سازدانی مانگرتن لەئاستی زانکۆ و کارگە و فەرمانگەکان، یان لەئاستی گشتی شار و وڵاتدا ... بەردەوامی پەیدا بکەن. هاوکات تابکرێت بەرەکانی ئەم خەباتە جەماوەریە بەپانتای کۆمەڵگا فراوان بکرێتەوە، سەرجەم شار و شارۆچکەکان بهێنرێنە ئەم مەیدانی خەباتە جەماوەریەوە. لە هەمان کاتدا ئەم تاکتیکە کۆمۆنیستیە پڕاوپڕی گیانی بەرپرسیاریتیە بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان، ڕێگایەکە بۆ دورخستنەوەی ڕێژوانەکان لەمەرگ وگوللەی جەلادەکانی دەسەڵات. بەم مانایە سیاسەتێکی ئینسانی وپێچەوانەی ئەوەیە کەدەیەوێ بەئەندازەی ساڵێک قوربانی ڕێگاوبان، خەڵک بکات بە قوربانی بۆ مەرامی سیاسی خۆی. لەم ڕوانگەیەوە ڕون و ئاشکرایە کە چونی ڕێپێوانی ڕۆژی ١٧ی شوبات بۆ بەردەم لقی چوار و بەردەباران کردنی، خاڵی لاواز بوو بۆ خۆپیشاندانەکە.

لایەنێکی سیاسی زۆر گرنگی ئەم تاکتیکە ئەوەیە کەلە جەرگەی خەباتێکی سیاسی و جەماوەری بەم جۆرەدا، بەردەوام بیرو هۆش وچاوی خەڵک زیاتر دەکرێتەوە، ئاستی هۆشیاری سیاسی بەرەو سەردەچێت، ڕیزی خەڵک ڕێکخراوترو یەکگرتووتر دەبێت. کۆمەڵگا لەدەوری بەدیلە سیاسیەکان قوتبی دەبێتەوە. ئەمانەش توانای ئەوە بەخەڵک دەدەن کە بەڕۆشنی بزانن چیان دەوێت، سەرکەوتن و دەستەبەربونی داخوازیەکانیان چۆن دابین دەبێت؟ توانای ئەوەیان دەبێت لەنێوان بەدیلەکان ولە نێوان دروشمە دروست و فریوکارانەکاندا جیاوازی بکەن و ڕێگای دروستی خۆیان هەڵبژێرن. سەرئەنجامیش ڕەوتی شۆڕش و ئاڵوگۆڕ بەردەوام لەژێر ئیرادەی خۆیاندا ڕابگرن. تەجروبەی شۆڕشی تونس و میسر، بەئەندازەی دەیان ساڵ بەرچاوی خەڵکی ناوچەکە و جیهانیشی لەم بارەیەوە ڕۆشن کردوەتەوە. ڕاوەستانی جەماوەری شۆڕشگێڕ بەڕیزی فراوان لە مەیدانی تەحریر، زامنی سەرکەوتنەکانی شۆڕش وبەرچاو ڕۆشنبونەوەی خەڵک وبەستنی دەستی سەرکوت و سەلماندنی توانای لەبن نەهاتوی جەماوەر بوو بۆ ئاڵوگۆڕ. لەمەیدان مانەوەی هێزی جەماوەرەیش دەتوانێ زامنێک بێت بۆ سەرکەوتنەکان. بالە هەموو شارەکاندا مەیدانەکانی تەحریر بەرپا بکەین. ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری، هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و چەپ و ئازادیخواز، بۆ زەمانەتی ئەوەی ئەم خەباتە جەماوەریە تا سەرکەوتنی یەکجاری، بەڕێرەوێکی دروستدا بەرنەپێس و بە دوری بگرن لەشکست وزەربە وموغامەرە وراوەستان لەنیوەی ڕێگا، پێویستە تاکتیکی کۆمۆنیستی بەدەستەوە بگرن.

١٩ی شوباتی ٢٠١١

گفتوگۆی بڵاوکراوەی کۆمۆنیست لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

# لە عێراقدا بەدەیان ملیاردێری دۆلارو بەهەزاران ملیۆنێرو بە ملوێنەهاش خەڵکی برسی و بێدەرەتان هەیە.

**کۆمۆنیست: ڕاپەڕین و خرۆشانی جەماوەری میسرو تونس وڵاتانی تری عەرەبی، سەرەتای دەورەیەکی نوێیە، کاریگەری ئەم ڕوداوانە لەسەر عێراق و کوردستان چۆن کەوتوەتەوە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ڕاپەرینی شۆرڕشگێڕانە لە تونس و میسر هەموو جیهانی خستوەتە ژێرکاریگەری خۆیەوە. لەئاستێکی فراواندا کۆمەڵێک بیربۆچون کەدەیان ساڵە سایەیان کردبوو، لەژێر کاریگەری ئەو ڕووداوانەدا هەڵگەڕانەوە. بەتایبەتی دەربارەی توانای جەماوەر بۆ ئاڵوگۆڕو ئیرادە نواندن لەسەر چارەنوسی خۆی. ساڵەهایە ئەو بیروبۆچونە لەکۆمەڵگای بەشەریدا پەراوێز خرابوو کەجەماوەری کرێکاران وکۆمەڵانی ستەمدیدە دەتوانن بەهێنانە مەیدانی هێزی جەماوەرییان، دەسەڵاتە ستەمکارو سەرکوتگەرەکان هەڵپێچن. ڕووداوەکانی تونس ومیسرو وڵاتانی تری ناوچەکە لەپێش هەموو شتێکدا دەورێکی زۆریان گێڕا لەگێڕانەوەی بڕوا بەخۆبونی جەماوەرو نیشاندانی توانای لەبن نەهاتوی ئەوان بۆ ئاڵوگۆڕ.

ڕادەی ئەو کاریگەریە لەعێراق وکوردستاندا زۆر گەورەو ڕاستەوخۆیە. بەتایبەتی کەئەم کۆمەڵگایانە ساڵەهایە هەر وەکو تونس ومیسر بەدەست زوڵم زۆر وستەم وسەرکوتێکی لە ڕادە بەدەرەوە دەناڵێنن. پێشتر ئیستبدادی بەعس وئەم ساڵانەی دوایش ملهوری ئەمریکاو دەسەڵاتی لایەنە ناسیونالیستیە کوردو عەرەب وئیسلامیەکان، دانیشتوانی عێراق وکوردستانیان لەگەڵ تەڵخترین سیناریۆکاندا بەرەڕوو کردوە. ساڵەهایە ناڕەزایەتی ونەفرەتێکی زۆر لەو هەلومەرجەی کۆمەڵگای داگرتووە وجەماوەری بەرینی ستەمکێش خوازیاری ئاڵوگۆڕن. بەڵام ئەو بڕوایە زۆر لاوازبوو کەهێزی خەڵک بتوانێ ئەو دەسەڵات ولایەن ستەمکارانە هەڵپێچێت. تەجروبەکانی تونس و میسر، بەچۆکدا هاتنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرو ستەمکارەکانی ئەو وڵاتانە لەئاست هاتنەمەیدانی ئیرادەی جەماوەر، تەجروبەکانی یەک دەستبونەوەی خەڵک لەدەوری ئەو دروشمانەی کەزامنی ئاڵوگۆڕبوون، شێوەکانی خەباتی جەماوەری لەو وڵاتانە کەدەکرێت بڵێن گەلێک دەسکەوت و





خواستی واقعی ئابوری بەرز بکرێتەوە کەببێتە هۆی باشترکردنی دەستبەجێی ژیان بۆ کرێکاران و جەماوەری ستەمکێش. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خواستەکانی ئێستای بزووتنەوەکە لەدەوری ئەم مەسەلانەی خوارەوە گەڵاڵە بکرێت:

١- هەموو ئەو یاسایانەی کەئازادیە سیاسیەکانیان قەدەغە یان بەرتەسک کردوەتەوە، دەبێ بەڕەسمی هەڵوەشێنەوە.

٢- قەدەغەبوونی دەخالەتی پۆلیس و میلیشیا و دەزگا جاسوسی و سەرکوتگەریەکان لەژیانی خەڵک و مانۆر لێدانیان لەشارەکان و ناوەندەکان و گەڕەکەکاندا، بەڕەسمی ڕابگەیەنرێت.

٣-لەهەناوی فەزایەکی ئاوەڵاو سەپاندنی ئازادیەکی بێئەملاو ئەولای سیاسیدا، هێزی بزووتنەوەکە لەدەوری هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانەو سەپاندنی ئەم خواستانە چڕبکرێتەوە:

أ- هەڵوەشانەوەو قەدەغەکردنی دەزگا جاسوسی و سەرکوتگەر و تیرۆریستەکانی وەکو "پاراستن" و "زانیاری" و "دژە تیرۆر" و کردنە دەرەوەی هێزە چەکدارەکان لەشارەکان.

ب- سەندیکای سەربەدەسەڵات بۆ کرێکاران ناکام بکرێتەوە و هەڵوەشێندرێتەوە، سەندیکاو شورا سەربەخۆ کرێکاریەکان پێکبهێنرێن.

ج- خواستە دەستبەجێکانی چینی کریکار لەسەروی هەموویانەوە زیادکردنی کرێ و مانگانەی کرێکاران و کارمەندان بەپێی گرانی، کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو کرێکارانی بێکار و لاوانی ئامادە بەکار و ژنانی خانەدار،...و... پیادە بکرێت.

ج- هەموو ئەو یاسایانەی لەپشتی ستەمکێشی ژنان و هەڵاواردنی جنسیەوەن، هەڵوەشێنەوە و یەکسانی مافی ژنان و پیاوان ڕابگەیەنرێت.

د- خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان وەکو ئاو وکارەبا وتەندروستی و دەرمان و هۆیەکانی گواستنەوە و زەمانی کۆمەڵایەتی...لەئاستی پێداویستیەکانی هەموو دانیشتواندا بەتەسەلی دابین بکرێت.

ه- جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن ڕابگەیەنرێت.

**چوارەم: ئەرکەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی:**

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەپێناو پیادەکردنی ئامانج و داخوازیەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەردا کەلهسەرەوە باسکران، بەهەموو توانا تێدەکۆشێت و لەو پێناوەشدا ئەم ئەرکانە دەخاتە دەستوری خۆیەوە:.

١- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە ڕێگای بەکارخستنی هەموو توانای سیاسی و ڕێکخراوەیی و خۆیەوە، هەروەها بەپشتبەستن بەئیرادەی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز، لەدژی هەر جۆرە هەوڵ و پیلان و هۆکارێک بۆ پێکهێنانی فەزای عەسکەرتاریەت ڕادەوەستێت، هاوکات بەکردەوە بەرگری لەئەمنیەت و سەلامەتی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاریی و کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز دەکات.

٢- حزب لەدژی بەرتەسک کردنەوە و بەسازش کێشانی بزووتنەوەکە لەلایەن ڕەوتە بورژوازیەکانی

سیناریۆی جۆراوجۆری ترەوە بێت. ئەم هێزانە لەپێناو مسۆگەرکردنی بەشێکی زیاتر بۆ خۆیان لەدەسەڵات وسەروەتی کۆمەڵگادا لەم بزوتنەوەیەی ئێستادا بەشدارن و لەهەوڵدان بزووتنەوەی جەماوەری بۆ گوشاردانان لەسەر دەسەڵات و هێزە ڕەقیبەکانی خۆیان لەدەسەڵاتدا، بەکاربهێنن.

**سێهەم: ڕێگاکانی بەسەرکەوتن گەیاندنی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانە:**

بەرەو پێشبردنی ئەم بزووتنەوە جەماوەریەی ئێستای کوردستان تا ئاستی گەیاندنی بەشۆڕشێکی واقعی کە توانای جێبەجێکردنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و ئامانج و ستراتیژی ئەم بزووتنەوەیەی هەبێت، لەگرەوی گرتنەبەری کۆمەڵێک سیاسەت و تاکتیکی دروست و بەرزکردنەوەی خواستی واقعی و عەمەلی و زنجیرەیەک لەکار و هەنگاوی هۆشیاردەرانە و ڕێکخەرانەی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرانە و بەدەستهێنانی کۆمەڵێک سەرکەوتنی یەک لەدوای یەکدایە.

سەرخەتی سیاسەت و شێوازە عەمەلیەکان و خواستەکانی ئەم قۆناغە:

١- سەرکەوتنی یەکجاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەدڵی کۆمەڵێک سەرکەوتنی بچوک و گەورەدا بەدەست دێت. لەهێزی هاوسەنگی ئێستادا هەر جۆرە موغامەرەیەک و ڕوودانی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوە توندوتیژانە لەگەڵ دەسەڵاتدا کەدەکرێ بەریان پێبگیرێت، بەزەرەری بزووتنەوەکەیە . تێکدانی فەزای سیاسی و بەهانە بەدەستەوەدان بۆ پێکهاتنی فەزای عەسکەرتاریەت وپەلاماردان، لەبەرژەوەندی جەماوەر وبزووتنەوەکایاندا نییە. بگرە ڕێگادەکاتەوە بۆ دەسەڵات و ڕەوتە ئیسلامی و ناسیونالیستەکان هەم دەستبەرن بۆ سەرکوتیخوێناوی و هەم بۆ سازان و دانوسانی سەرووخەڵکیان ڕێگا خۆشکەن و سەرەنجام بەرەو هەڵدێربردنی بزووتنەوەکە و پاشەکشە پێکردنی هەنگاو هەڵگرن. لەلایەکی ترەوە ڕاپەڕینی پێشوەخت، پەلەکردنێکی منداڵانەیە و هەر ئەنجامگیریەکی بەپەلە و هەڵنەسەنگێندراو، زیانی گەورە دەدات لە بزووتنەوەکە کەدەبێ بەتەواوی تواناوە خۆپارێزی لێبکرێ و نابێ بەهیچ جۆرێک یاری بەڕاپەڕین بکرێت. هەروەها بەرزکردنەوەی داخوازی ئەوتۆ کە داسەپاندنی لەتوانای واقعی بزووتنەوەکەدا نەبێت، لەئەنجامدا نائومێدی لەنێو جەماوەر و لە ڕیزی ناڕەزایەتیەکاندا پێکدەهێنێت، کەدووبارە نابێت دەستی بۆببرێت.

ئەحزابی میلیشیاییو چەکداری ناسیونالیستی و ئیسلامی، مەترسی ئەوەیان لێدەکریت و ئامادەیی ئەوەیان هەیە کەکێشمەکێشە واقعیەکانی ناو ئەم کۆمەڵگایە بگۆڕن بەجەنگ و کێشمەکێشی سەربازی ناوخۆ. بۆیە دەبێ بە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی جەماوەری لەسەر ڕەوتێکی دروست، بەر بەو مەترسیانەو پیلانەکانی تری دەسەڵات بگیرێ و سەرکەوتن مسۆگەر بکرێت.

٢- یەکەمین هەنگاوی سەرکەوتنی بزووتنەوەکە، چەسپاندن و بەرینکردنەوەی ئەو فەزا سیاسی و شۆڕشگێڕانەیەکە ئێستا بەهاتنەمەیدانی جەماوەری هاتوەتەکایەوە. فەزایەک کەتیایدا ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین، ئازادی چاپەمەنی و ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان و مانگرتن و پێکهێنانی ڕێکخراوەی جەماوەری و حزبی...مسۆگەر دەبێت. وە لەگەڵ ئەمەدا دەبێ چەند





تاقی کردنەوەی تازەیان خستە بەردەستی مرۆڤایەتی.... ئەو باوەڕەی لەنێو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش وئازادیخوازی عێراق وکوردستانتیشدا بەهێزکرد، کەبۆ گۆڕینی هەلومەرج و چارەنوسێکی ڕوناک پێ بنێنە مەیدانەوە.

بەو هۆیەشەوە کە هەمان زەمینە ماددی و کۆمەڵایەتیەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین لە تونس و میسر، لەکوردستان وعێراقیش، لەئاستێکی بەرزدا لەئارادا بوو، بۆیە هەر بەنەسیمی ئەو ڕەوتە شۆڕشگێڕانەیە، ئاڵای شۆڕش دەستی بەشەکانەوە کرد. زەمینەی کاریگەری ئەو ڕووداوانە لەسەر عێراق وکوردستان، ئەوەندە بەهێزو چاوەڕوان کراوبوو، پێش ئەوەی جەماوەری کرێکارو زەحەتکێش پێی بێنە جۆش و خرۆش، دەسەڵاتداران کەوتنە دڵەڕاوکێ. لەلایەکەوە بەفراوانی باس ومەوعیزەی ئەوەیان دەست پێکرد کەکۆمەڵگای کوردستان وعێراق جیاوازە لەمیسرو تونس ونابێ وناکرێ ئەو ڕووداوانە لێرە دوپات بنەوە، لەلایەکی تریشەوە کەوتنە هەڵخڕادنی پێشوەختی باسی ئەوەی کەئەگەر فرسەتی زۆرتر بەوان بدرێت لەبەرنامەیاندا هەیە گیروگرفتەکانی خەڵک چارەسەر بکەن. هێشتا ئەوان لەو هەوڵ و پەلەقاژەدا بوون بۆ بەرگرتن لەو کاریگەریە، شەپۆلی شۆڕش وڕاپەڕین گەیشتە سەر خۆیان. ئێستا ئەوە زیاتر لەدوو هەفتەیە، لەپێشدا کوردستان و بەدوایدا عێراق، کەوتونەتە سەر ڕێگایەک کەخەڵکی تونس ومیسر تا ناوەڕاستی ڕۆیشتون. خۆپیشاندان و هاتنەمەیدانی جەماوەری زۆرێک لەشارو شارۆچکەکانی گرتوەتەوە.

**کۆمۆنیست: هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان، جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، لەعێراقدا تائێستا دەوڵەتێکی یەکدەست ویەکگرتوو قەوارەی نەگرتووە، لەهەلومەرجێکی ئاوادا، ڕاپەڕێن وشۆڕش بەکام ئاڕاستەدا دەڕوات و ڕوبەڕوێ کێیە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ڕاستە ئەو هەلومەرجەو دەسەڵاتی هەر ملیشیایەک بەسەر ناوچەیەکدا، هۆکارێکە بۆ ئاڵوزی وسەختی ئەو ئاڵوگۆڕەی کەدەبێ ڕووبدات وبە مانایەکیش گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم ڕەوتی گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی هەلومەرجەکە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا نیە کەنەزانرێت بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە ڕوو لەکێ بکات. لەعێراقدا حکومەتی بۆرژوازی هاوبەشی ناسیونالیست و ئیسلامیەکان بەسەرۆکایەتی نوری مالکی ولە کوردستانیشدا حکومەتی بۆرژوا ناسیونالیستی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر ئەم بزووتنەوەیەدا ڕاوەستاون. ئەو دوو حکومەتە بەهەموو ناکۆکیەکانی دەرونی خۆیانەوەو بەپێکهاتەی ئاڵۆزیانەوە، هۆکاری ڕاستەوخۆی هەلومەرجی ئێستا وداسەپێنەری ئەو ستەم وبێمافیەن کەبەسەر جەماوەری ملیونی خەڵکی عێراقدا فەرزکراوە.

بەم مانایە خەڵکی کوردستاندا بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی خۆیان دەبێ کاری خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی نیشتمانی وپارتی دیموکراتی کوردستان یەکلابکەنەوە. ئەم دەسەڵاتەش بەکردەوەو لەمەیدانی واقعدا بەسەر دوو ناوچەدا دابەش بووە. ناوچەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیدایە وئەودوای لەژێردەسەڵاتی پارتیدایە. ئەمە تایبەتمەندیەک بەخەباتی خەڵکی هەریەک لەو ناوچانە دەبەخشێت وڕەنگە ڕەوتی پێشڕەوی

و چونەپێشیان هاوتا نەبێت، بەڵام گومان لەوە نیە کەپێشڕەوی لەهەر ناوچەیەکدا کاریگەری زۆرو هەمەلایەنەو تەنانەت دەسکەوتی ڕاستەوخۆیشی دەبێت لەسەر ناوچەکەی تر.
لەئاستی سەراسەری عێراقیشدا، دیسان دابەشبونێکی بەو جۆرەی دەسەڵات هەیە وبگرە ئاڵۆزتریشە، بەشێک لەناوەڕاست وخوارووی عێراق دابەش بوە بۆ چەند ناوچەی دەسەڵاتی ڕەوتە ئیسلامیە شیعە مەزهەبیەکانی سەر بەجمهوری ئیسلامی ئێران، بەشێکی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای عێراقیش کەوتوەتە ژێر دەستی ڕەوتە ناسیونالیستە عەرەبەکان ورەوتە ئیسلامیە سونی مەزهەبەکانەوە. بەگشتی ئەوەی لەعێراقدا وەکو دەسەڵات و دەوڵەت چاوی لێدەکرێت، لەواقعیدا تەرتیباتێکی سیاسیە کەلە ئەنجامی کێشمەکێشی لایەنەکانی بەشدار وبەپێی هاوسەنگی هێزی نێوانیان، هەروەها بەدەورو دەخالەتی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکە، وەکو حاکمیەتی چینی بۆرژوازی عێراق ڕێکخراوە. ئەمانە سەرباری ئەوەی لەنێو خۆیاندا جۆرەها کێشەیان هەیە و لە ڕوانگەی هەر یەک لەڕەوت ولایەنەکانی بەشدار لەو حکومەتەوە، پێویستە دەسەڵاتی ئێستا بگۆڕێت بۆ ئەلگۆی جێگا مەبەستی خۆی و لەسەر ئەو بناغەیە پێناسەی سیاسی و ئایدۆلۆژی بۆ سیستەمی سیاسی بکرێت، بەڵام هەموو لەسەر داسەپاندنی مەحرومیەت و بێمافی بەسەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراقدا هاوڕان. ئەوەی ئێستا خەڵکی عێراق لەبەرامبەریدا ڕاپەڕیوە، واتە زوڵم وستەم وفەسادی وبرسێتی وبێمافی سیاسی...بنەمای هاوبەشی پلاتفۆرمی سەرجەم ڕەوتەکانی بەشدار لەدەسەڵات پێکدەهێنێت.
بێگومان لەو ناوچە جیاجیایانەی عێراقیشدا، ناهاوتاییەک هەم لەڕادەی پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری و هەم ڕادەی سەقامگیربوونی سەرکوتی دەسەڵاتی میلیشیاییدا هەیە. بەڵام نەلە کوردستان و نەلە عێراق، ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانە نەیتوانیوە هەموو لێکهەڵپێکراوی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی وتەنانەت فکری، نێوان دانیشتوانی ئەم ناوچانە بپچڕێنن. بۆیە لەهەموو ڕوویەکەوە لەژێرکاریگەری یەکتردان وهەر ئاڵۆگۆڕو دەستکەوت و پێشڕەوییەک لە هەر گۆشەیەکی کۆمەڵگادا بێت، کاریگەری لەسەر سەراسەری عێراق دادەنێت. بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیش لە عێراقدا دەبێ لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە وهەموو کۆڵەکە ناچەییەکانیدا حیساب یەکلابکرێتەوە.

**کۆمۆنیست: داخوازییە بنەڕەتیەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان کامانەن و ڕێگای بەدیهێنانیان کامەیە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** خەڵکی عێراق و کوردستان خوازیاری ئاڵوگۆڕێکی بنەڕتین لەژیان و گوزەراندا. بەدەست هەژاری و بێدەرەتانی و بێکاری و نەبونی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان وسەرکوت و ملهوڕی سیاسیەوە بەدەنگ هاتوون. بێکاری و گرانیەکی کەمەرشکێن ئەم کۆمەڵگایەی داگرتووە، هیچ خزمەتگوزرایەکی سەرەتایی وەکو ئاوو کارەباو تەندروستی ورێگاو بان وهاتوچۆ وپاک و خاوێنی شارەکان و مەسکەن...بۆ خەڵک دابین نیە یان لەخراپترین ئاستی خۆیدایە. ساڵ دەڕوات وبەڵێنە یەک لەدوای یەکەکانی دەسەڵات بە درۆ دەردەچێت و بارەکە هەر بەرەو خراپی دەڕوات. ئەوەی پێی دەوترێت فەسادی لەعێراقدا گەیشتوەتە ئاستی تاڵان و برۆیەکی بێسنور،





دەسەڵاتی میلیشیایی و گەندەڵی ئێستای کوردستان لەچاکسازی نایەت. بەپێچەوانەی پلانەکانی دەسەڵات و لایەنە بورژوازیەکانی ئۆپۆزسیونەوە، چاکسازی پرۆژەیەک نییە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێ پێویست لەژیانی دانیشتوان، بەڵکو دروشم و سیاسەتێکە بۆ داشکاندنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی جەماوەری و درێژەدان بەدەسەڵاتی چەوسێنەر و گەندەڵی بورژوازی و دابەشکردنی لەنێوان خۆیاندا. هەربۆیە ئامانج و ئاسۆی ئەم بزووتنەوە جەماوەریە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی هەمەلایەنە، ناتوانێ شتێکی تر بێت جگە لەوەلانانی دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا و مسۆگەرکردنی مافی هاوڵاتیان بۆ دیاریکردنی سیستەمی سیاسی و حکومەتی ئایندە لەلایەن نوێنەرانی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە. ئەم حکومەتە پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا هەستێت بە پەسەندکردنی دەستورێکی نوێی مۆدێرن و ئازادیخوازانە و سکولار لەسەر بناغەی مافە جیهانگرەکانی ئینسان ویاسای کارێکی پێشکەوتوانە و یاسا مەدەنی و قەزاییەکان لەسەر بناغەی دابینکردنی هەموو ئازادیە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکان و پاراستنی حورمەتی ئینسان.
شێوە و سیستەمی حوکمڕانی سەرئەنجام لەلایەن جەماوەری خەڵک و نوێنەرانی ڕاستەوخۆی خۆیانەوە دیاریدەکرێت و بڕیاری لێدەدرێت، ئەم سیستەمی حکومەتییە لەڕوانگەی کۆمۆنیزم و چینی کرێکارەوە، جمهوری سۆسیالیستیە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی خەبات دەکات بۆ بەرپاکردنی جمهوریەکی سۆسیالیستی.

**دووەم: هاوسەنگی هێز لە ئێستادا:**
بزووتنەوە جەماوەری و شۆڕشگێرییەکان لەهەر وڵاتێکدا، بەهەموو لایەنە لێکچوو و جیاوازەکانیانەوە، بەپێی توانا و هێز و هاوسەنگی هێزی لەمەیدان بووی نێوان چینی کرێکار و جەماوەر لەلایەک و دەسەڵاتیش لەلایەک، ئامانجی کورتماوە و درێژماوە لەبەردەم خۆی دادەنێت. لەمیسرو تونس، لەسەر بناغەی توانایی و بەرینی و هێزی بزووتنەوەکان، ڕاستەوخۆ پێیان نایە ناو شۆڕش و ڕاپەڕینەوە و ڕژێمی ئەو وڵاتانەیان هەڵپێچا و تا ئێستاش کێشمەکێشەکان لەو وڵاتانەدا وەکو درێژەی شۆڕش بەردەوامە.
ئەم بزووتنەوەیەی کە ئێستا لەکوردستاندا بەرپێکەوتووە، هەم لەڕووی هێزێکی واقعی و مادیەوە کەئێستا لەمەیداندایە، هەم لەڕووی ڕابەری سیاسی و عەمەلی و ئاسۆیەکەوە کەبەسەریدا باڵادەستە، هەم بەلەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی گۆڕینی دەسەڵاتی میلیشیایی و ناوچەیی کە بەسەر دوو ناوچەی جیاوازدا سەپێنراوە، لەئێستا و کورت ماوەدا توانا و ئامادەیی پێویستی نییە بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و وەلانانی یەکسەر و ڕاستەوخۆی دەسەڵات. بۆیە ماوەیەک دەکەوێتە نێوان ئارەزوو و تەنانەت خواستی جەماوەر بۆ گۆڕینی دەسەڵات و پەیداکردنی توانای عەمەلی و واقعی بۆ ئەم کارە، کەدەبێ بەتێکۆشانی لێبڕاوانە و بەسەبری ڕابەران و هەڵسوڕاوانی جەماوەریی، هوشیارانە وەڵام بدرێتەوە.
ئۆپۆزیسیونی بورژوازی ناسیونالیستی وئیسلامی لەکوردستاندا، خوازیاری گۆڕانی بنەڕەتی لەدەسەڵاتی سیاسی و ژێربینای ئابوری کۆمەڵگا نین. ستراتیژ و سیاسەتی ئەوان ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیە لەدەسەڵاتدا، جا چ بە ڕێگای سات و سەودا بێت لەگەڵ دەسەڵات یان لەڕێگای

لەسەرەتاییترین ماف و ئاوات و ئارەزووەکانیان بێبەری کران، کۆنەپەرستی ئیسلامی و نەتەوەپەرستی و عەشیرەتگەری لەقاڵبی یاسای جۆراوجۆرەدا بەسەر خەڵکدا سەپێنرا، سەرکوتی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان و نەیارانی دەسەڵات و تیرۆری هەڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسان بەفراوانی بەڕێوەچوو. دەسەڵاتی میلیشیایی و پاوانکراو بەپشتیوانی میلیشیا و دەزگا جاسوسی و داپڵۆسێنەر و تیرۆریستەکان، ئیرادەی جەماوەری تێکهاڕی. هەموو ئەمانەش بوونە زەمینەی نەفرەت و بێزاریەکی بەرین لەنێو جەماوەری ستەمکێشی کوردستان و نارەزایەتی جۆراوجۆر سەریهەڵدا. بەڵام هەر لەسایەی ئەو هەلومەرجە کارەساتبارەدا بوو، کە ئیرادە لەچینی کرێکار وجەماوەری زەحمەتکێش وستەمکێشان سەندرایەوە، بواری چونەپێش و سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەڕووی ئەو ناڕەزایەتیانەدا نەکرایەوە.
ستراتیژی شومی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەرپاکردنی جەنگێکی دیکەی ماڵوێرانکەر و تارومارکردنی ژێربینای ئابوریو بەرین بونەوەی زیاتری بێدەرەتانی، سەرئەنجامی ئەمەش گرفتاربونی کۆمەڵگای عێراق بەدەست کۆنەپەرستان وتاقمە قەومیو ئیسلامیو عەشیرەتیەکانەوەو کوردستانیش لەژێر کاریگەری و ئاسەوارەکانی ئەو دەورانە تاریکەی کۆمەڵگای عێراقدا قەراری گرت، ئەمەش هۆکارێکیتر بوو بۆ توندکردنەوەی دەسەڵاتی بورژوازی کورد و داسەپاندنی ستەم و سەروکوتی زیاتر بەسەر دانیشتواندا.
بەڵام لەدڵی هەلومەرجێکی تازە و شۆڕشگێڕانەدا کە لەناوچەکەدا هاتوەتە پێشەوە، هەروەها لەسەر بناغەی هەژاریو بێکاری و هەڵاواردن و سەرکوتێکی سیاسی، کە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان کراوەتەوە و بەئیلهام وەرگرتن لەشۆڕش و بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا، بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی و شۆڕشگێرانە لەکوردستاندا بەرێکەوتووە. ئەمە هەر لەم سەرەتایەوە، نەک هەر ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لەهەلومەرجەکە پێکهێناوە، بەڵکو بەتەواوی ڕەوەندی پێشوی هەڵگێرایەوە و توانا و ئیرادەی جەماوەری بۆ نەخشاندنی ئایندەیەکی ڕوون لەئاستێکی بەرزدا بوژاندۆتەوە و دەرفەتێکی گەورەی ڕەخساندوە بۆ ئەوەی چینی کرێکار بێتە مەیدان و لەڕیزی پێشەوەی جەماوەری ستەمکێش لە ڕێگای بەڕێخستنی شۆڕشێکی ئازادیی بەخشەوە، ئاڵوگۆرێکی بنەڕەتی لەژیانی خۆیان وکۆمەڵگادا پێکبهێنن.

## ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی سیاسی و جەماوەری ئێستای کوردستاندا

**یەکەم: ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە:**

هێزی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیە لەکوردستاندا، چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشان و لاوان و ژنان و خەڵکیئازادیخوازە. خواستەکانی ئەم بزووتنەوەیە بریتین لەئازادی سیاسی و خۆشگوزەرانی ئابوری و گێڕانەوەی حورمەتیئینسانیو کۆمەڵایەتی. بەدیهاتنی ئەم خواستانە و ئاڵوگۆڕی جێگا مەبەست، بەبێ ئاڵوگۆڕ لەدەسەڵاتی سیاسی ئیمکانی نییە. بەم مانایە جەماوەر هاتونەتە مەیدان و دەیانەوێ لە ڕێگای بەکارخستنی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆیانەوە، دەسەڵاتی کۆنەپەرستانە و ستەمکارانەی ئێستا لەسەر خۆیان وەلابنێن و خۆیان چارەنوسی خۆیان بەدەستەوە بگرن.





داهاتی زۆرو زەبەندی نەوت، چ ئەوەی بەڕێگای ڕەسمی و ئاشکرا دەفرۆشرێت وچ ئەوەی بە لێشاو بەدزیەوە دەفرۆشرێت، دەچێتە دەست وگیرفانی تاقمێکی کەم لەدەسەڵاتداران و بەرپرسانی لایەنە دەسەڵاتدارەکانەوە. کەسانی وەکو مالکی و تاڵەبانی وبارزانی وحەکیم و عەلاوی ..و... کەچەند ساڵ لەومەبەر بەدەست و گیرفانی بەتاڵەوە، بەهۆی جەنگ و وێرانکاری ئەمریکاوە لەسەر کورسی حوکم دانران، ئێستا لەو کەڵە سەرمایەدارە ملیاردێرانەن کە پوڵیان لە بانکەکانی جیهاندا کەڵەکە بووە. سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن کەلە عێراقدا بەدەیان ملیاردێری دۆلارو بەهەزاران ملیۆنێرو بەملوێنەهاش خەڵکی برسی و بێدەرەتان هەیە. بێدەرەتانی بۆ ملوێنەها کەس بووە بووە بەبنەماو سەرچاوەی قەڵای سەرمایە بۆ چەند هەزار کەسێک.
تەنانەت ئەو مقدارە مەوادی خۆراکیەی کەلەسەردەمی ڕژێمی بەعسەوە دەسەڵات ناچاربوە بە شێوەی مانگانە بیدات بەهاوڵاتیان، تاهاتووە بەرەو خراپی وکەم بونەوە ڕۆیشتووە. کۆمپانیاکانی هێنانی ئەو مەوادانە لەدەرەوەی وڵاتەوە، کۆمپانیای سەربە لایەنەکانی دەسەڵاتن. نزیک بە هەموو ئەو مەوادانەی کەدەیهێنن یان کاتی بەکارهێنانیان بەسەر چوە یانلە خراپترین کەیفیەتدان. بۆ نمونە ئەو چایەی کەدەیدەن بەهاوڵاتیان، بۆ بەکارهێنان ناشێت، بۆیە هاوڵاتیان لەبازاڕدا بەنرخی خۆڵی ناو باخچە دەیفرۆشنەوەو بەکاردێت بۆ ئەوەی لەجیاتی خۆڵی نەرم بکرێتە بن دارو درختی باخچەکانەوە. بەڵام ئەم مەوادە بێکەڵک وزیانبارانە، کەبونەتە سەرچاوەی بڵاوبونەوەی جۆرەها نەخۆشی دڵ وخوێن وشێرپەنجەو...لەبەر ئەوەی کۆمپانیاکانی سەر بەلایەنە دەسەڵاتدارەکان دەیهێنن، لەداهاتی نەوت بەنرخی باشترین کوالێتی بۆ خۆیان دەیقەبڵێنن. دەرمانیش بە هەمان شێوەیە. ئێستا کار گەیشتوە بەوەی کە بەیەکجاری ئەو مەوادی خۆراکیە لە خەڵک ببڕن.
هاوکات سەرکوتی سیاسی وڕۆژ بەڕۆژ داهێنانی بڕیارو یاسای تازە بۆ زاڵکردنی ئیستبدادو ملهوڕی و ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگا، دێتە ئاراوە. هەڵسوڕاوانی سیاسی وچەپ وئازادیخواز و ڕۆژنامە نوسان وڕەخنەگران تیرۆرو سەرکوت دەکرێن، ڕابەرانی کرێکاری لەکار دەردەکەن و دەیان گوێزنەوەو نان بڕاویان دەکەن، ڕێکخراوە کرێکاری وجەماوەریەکان قەدەغە دەکەن، ناڕەزایەتی خەڵک بەگولە وەڵام دەدەنەوە، بەناوی یاسای خۆپیشاندانەوە خۆپیشاندان قەدەغە کراوە، لەزانکۆو خوێندنگاکاندا دەرس وداب ونەرێتی ئیسلامی دەسەپێنن، بۆ نمونە بەشی مۆسیقاو شانۆیان لەبەشی "هونەرە جوانەکان" لابردووە...
خەڵکی عێراق وکوردستان لەدژی ئەمانە وچەندین شێوەی تری بێمافی وستەم بەدەنگ هاتوون. لایەنە ئۆپۆزیسیونە بورژوازیەکان، ئەوانەی دەستیان لەدەسەڵات گیرنیە یانلە بەشی خۆیان ناڕازین، هەوڵی زۆر دەدەن کەخواستەکانی خەڵک بشێوێنن و خەباتیان بەلارێدا بەرن، دەیانەوێ سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵک بن، ئەو خەبات و قوربانیانە بکەن بەڕێگایەک بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی خۆیان. بۆ نمونە هەوڵدەدەن خواستەکانی بگۆڕن بۆ دووبارە کردنەوە یان پێشخستنی سیناریۆێ هەڵبژاردن، کەئاشکرایە ئەگەر سەدجاری تریش بەتایبەتی لەو هەلومەرجە داسەپێنراوەدا، دووبارەی بکەنەوە هیچ بەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش نابڕێت وهیچ ئاڵوگۆڕێک

لەژیانیان دروست ناکات. یان دەیانەوێ خواستەکانی جەماوەر بەدروشمی "ریفۆرم وئیسلاحی نیزام" لەقاڵب بدەن. لەکاتێکدا نەلەسایەی ئەم دەسەڵاتە میلیشیایەدا ڕیفۆرمێکی ئەوتۆ مومکینە ونەئەم دەسەڵاتە لەئیسلاح کردن دێت.

ڕێگای بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵک وگۆڕانی ریشەیی لەژیانی خەڵک تەنها لەو ڕێگایەوە بەدی دێت کەشۆڕشی خەڵکی عێراق، هەڵپێچان ولەکارخستنی ئەم دەسەڵاتە بەهەموو پارچەو پێکهاتەکانیەوە بخاتە دەستوری خۆیەوە لەپێناو ژیانێکی ئازادو خۆشگوزەراندا. ئەمەش بەڕادەی سەرەکی ڕاوەستاوەتە سەر ئەوەی کە چینی کرێکارو مەراکزە کرێکاریەکان، ببێت بەکۆڵەکە و کانونە سەرەکیەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە. هەروەها ئێستا کاتی ئەوەیە کە بزووتنەوەی لاوان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، وەکو هاوپەیمانە بەهێزەکانی بزوتنەوەی کرێکاری و چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش، ببنە بەشێکی گرنگ لەپێکهاتەی ئەم بزووتنەوەیە وئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ وەلانانی ئەو ستەم و بێمافییەی کە بەڕاستی ژیانی لێکردون بەجەهەنم.

**کۆمۆنیست: حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان، چ دەورو نەخشێکیان لەدڵی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکاندا هەیە؟ چۆن دەتوانن مۆری کۆمۆنیزم بدەن لە ڕوداوەکان؟**

**رێبوار ئەحمەد:** ئەم دوو حیزبە لەچەند ئاستدا دەوریان هەیە لەم جوڵانەوە شۆڕشگێڕانەیەدا. کە دەکرێت بەکورتی باسی گرنگترین لایەنەکانی بەم جۆرە بکەین. لەپێشدا دەوری ئەوە دەگێڕن کە خواستەکانی خەڵک بەجۆرێک گەڵاڵە بکەن کەزامنی چارسەری کێشەکانیان بێت وڕێگا بگرێت لەوەی دەسەڵات ولایەنە بۆرژوازیەکانی ئۆپۆزیسیون خواستەکانی خەڵک بشێونن وخۆڵ بکەنە چاوی خەڵک. لەم بارەیەوە هەردوو حیزب خواستەکانی خەڵیکان بەڕۆشنی گەڵاڵە کردوەو هەوڵیانداوە جەماوەری خەڵک وشۆڕش لەدەوری ئەو خواستانە تەوەرە ببەستن.

هاوکات هەوڵیان بۆ ئەوەیە شێوەو تاکتیکی گونجاو وکارساو بخەنە بەردەم ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە. شێوەو تاکتیکی گونجاوی ئەوتۆ کەدەرفەتی سەرکەوتن فراوان بکاتەوە. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە بەتایبەتی کەلایەنە بورژوازیە ناڕازیەکان، لەهەوڵی ئەوەدان کەلە جیاتی سەرکەوتنی خەباتی جەماوەری، خەبات وژیان وخوێنی خەڵک بکەنە دەستمایەی سات و سەودایان لەگەڵ دەسەڵات وڕێگای گەیشتن بەمەرامەکانیان. هەروەها ئەوان نایانەوێ خەباتی جەماوەری بە ئاڕاستەیەکدا بروات کەدەورو ئیرادە بۆ جەماوەر بگەڕێتەوە، کەبێگومان ئەمەش دەبێتە بنەمای ئەوەی جەماوەر بەهەلومەرج ودەسەڵاتێکی سەرو لەئیرادەی خۆیان ڕەزایەت نەدەن. هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەپێچەوانەوە هەوڵیان بۆئەوەیە خەباتی جەماوەری لەریسک ومغامەرەو خەڵتانی خوێن بوون ومەترسی شکست دوربخەنەوە، هەروەها هەنگاو هەنگاو ئەم حەرەکەتە بەئاقارێکدا بڕواتە پێش، کەلەهەر هەنگاوێکدا دەسکەوتێکی بۆ مسۆگەر بێت و توانای هەنگاوی داهاتوی پێبدات. سەرئەنجام خەباتی جەماوەری بەو بارەدا بڕواتە پێش کە هوشیاری سیاسی وڕیزی سەربەخۆو ڕێکخراوبونی جەماوەر بگاتە ئەو ئاستەی کەزامنی گێڕانەوەی ئیرادە بێت بۆ جەماوەر، وەکو مەرجی بەردەوام بوون وپێشرەوی تا سەرکەوتنی





# پلاتفۆرمی بزووتنەوەی جەماوەری وشۆڕگێڕانەی ئێستای کوردستان

## بەڵگەنامەی پەسەندکراوی پلنۆمی هەشتەمی کۆمیتەی ناوەندی

### خەبات لەپێناو ژیانێکی باشتردا:

هاتنەمەیدانی جەماوەری ڕۆژی ١٧ی شوبات، خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی بوو لەکۆمەڵگای کوردستاندا. دوای ٢٠ ساڵ لەپێشێلکردنی ئیرادەی جەماوەری کرێکاران وبێبەشان، یەکەمین چەخماخەی شۆڕشی بێبەشان لێیداو سەرەتای بەکردەوەی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بۆ هەڵگێڕانەوەی هەلومەرجی کارەساتباری ئێستا، دەستی پێکرد.

ئەم قۆناغە، قۆناغی پەرەسەندنی بزووتنەوە ناڕەزایەتی و شۆڕشگێڕیەکانە لەدژی ستەم وسەرکوت ونەداری، کە تاوەکو ئێستا لە باکوری ئەفریقاوە تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەبەر. شۆڕش وەکو دیاردەیەکی ترسناک بۆ بۆرژوازی جارێکی تر بڕەوی پەیداکردوەتەوە. ئەم دەورەیە دەورەی گەڕانەوەی بڕیار و ئیرادەیە بۆ جەماوەری چەوساوە و ستەمکێش.

لەدوای ڕەوەندێکەوە کە بە لێکهەڵوەشانی بلۆکی شەرق دەستی پێکرد و بەدوایدا نەزمی نوێی سەرمایەداران و شەڕە داسەپێنراوە ئەمپریالستیەکانی ئەمریکایی و ڕۆژئاوا بەڕێخران. هەروەها دوای دەیان ساڵ دیکتاتۆریەتی سیاسیو داسەپاندنی مەحرومیەتی ئابوری بەسەر چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئاسیادا، دەورەیەکی تازەی شۆڕشگێڕانە بەڕێکەوتوە کە مژدەدەری دنیایەکی ئازاد و باشترە.

٢٠ ساڵ لەمەوبەر دوای جەنگی ئمپریالیستی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی لەدژی عێراق و پاشان ڕاپەڕینی ئازاری١٩٩١ لەچوارچێوەی ئاسۆی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد و خۆگرێدانەوەی حزبەکانی بە سیاسەتی ئەمریکاوە، بورژوازی کورد بەدەسەڵات گەیشت. لەماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا ئەو دەسەڵاتە بورژوازیە کوردیە، ناکۆکی توندی خۆی لەگەڵ ئاوات وئارەزوو بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار وجەماوەری بەرینی خەڵکی کوردستاندا نیشانداوە، کەلەسایەیدا ستەم وبێدەرەتانی و هەژاری بەوپەڕی خۆی گەیشت. قڵشتی چینایەتی قوڵبووەوە تا ڕادەی ئەوەی کەمایەتیەکی کەم غەرقی سەروەت و سامان و زۆرایەتیەکی عەزیمیش نوقمی بێبەشیو بێدەرەتانی بوون، هەڵاواردنی جنسی و کوشتار و توندو تیژی وستەمکێشی ژنان پەرەی سەند، لاوان

یەکگرتوو لەکۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی دوای کۆبونەوەیان لەگەڵ لایەنەکانی دەسەڵات، پێداگری لەسەر هەمان بەندەکانی ڕاگەیاندراوی مەکتەبی مسعود بارزانی دەکات بۆ ڕاونان و دادگایی کردنی جەماوەری خۆپیشاندەرو ڕابەرانی. نوێنەری یەکگرتوو لەو کۆنگرە ڕۆژنامەگەریەدا ڕاستەوخۆ بووە قسەکەری دەسەڵات و مەکتەبی بارزانی نەک جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان. کەچی هەوڵیشیدەدا پۆزی نوێنەرایەتی خەڵک و خواستەکانیان لێبدات و ئەم بڕیارە پیلاناویە بە نرخی جێبەجێ بونی خواستەکانی خەڵکی خۆپیشاندەر دەرخواردی جەماوەربدات. ئەمە نەک تەنیا هەوڵێکە بۆ هەراج کردنی بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی جەماوەر، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ چەواشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵک لە پێناو ئەو بەڵێن و ئیمتیازانەی لەلایەن دەسەڵاتەوە بە خۆیان دراوە.

ئەم سات و سەودایەی بزووتنەوەی گۆڕان ویەکگرتوی ئیسلامی، کەبڕیارە دواتر کۆمەڵی ئیسلامیش بڕواتە ناو ئەم پرۆسەی سات وسەودایەوە، هەر لەهەنگاوی یەکەمدا دەستی دەسەڵاتی ئاوەڵا کردوە بۆ هەڕەشەو چاوسورکردنەوە لە جەماوەری راپەڕیوو. بۆیە مانا عەمەلیەکەی دەکاتە پیلانێکی مەترسیدار دژی جەماوەری ڕاپەڕیوو و بەشکست کێشانی خەباتەکەیان. ئەم هەنگاوەی ئەو لایەنانەی کە تا ئێستا خۆیان وەکو بەشێک لەبزووتنەوە نارەزایەتیەکە پێناسە دەکەن، سەنگێکی واقعیە بۆ لەمحەکدانی جێگاوڕێگای ئەوان لەم بزووتنەوەیەداو پێویستە ئەوەی کە بزووتنەوەکە بۆ بەسەرکەوتن گەیشتنی ئەو لایەنانە تێپەڕێنێ وڕیزی خۆی لەڕیزی ئەوان جیا بکاتەوە. هەر لایەنێک خۆی بەبەشێک لەو بزووتنەوەیە و لایەنگری خواستەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو بزانێ، ناتوانێ و نابێ ڕێگا بەخۆی بدات لەگەڵ دەسەڵات و دور لەچاوی خەڵک بچێتە ناو پرۆسەی گفتوگۆوە. بەتایبەتی لەکاتێکدا جەماوەری بەرینی خەڵک لە مەیدانەو دەسەڵات وەڵامی خواستەکانیانی نەداوەتەوە. ئەمە لەڕووی سیاسیەوە مانایەکی نیە جگەلە بەجێهێشتنی سەنگەری جەماوەری ڕاپەڕیو. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و جەماوەری ڕاپەڕیو دەبێ هۆشیارانە ڕێگا لەبەردەم ئەم جۆرە سات و سەودایە بەخەبات و قوربانیدانیانەوە دابخەن. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو لایەنانە خاڵی لاوازی بزووتنەوەکەن و لەڕەوتی چونەپێشی بزووتنەوەکەدا بەرەو سەرکەوتن، بە ناچاری دەبێ سیاسەتی سازشکارانەی ئەوان ناکام و پوچەڵ بکرێتەوە.

٣٠-٣-٢٠١١





یەکجاری. لەم بارەیەوە هەوڵدراوە تەجروبەکانی مێژووی کۆمۆنیزم و دەرسە تازەکانی شۆڕشی میسرو تونس بخرێتە بەردەستی خەڵکی عێراق و کوردستان.

هەروەها هەردوو حیزب بەڕێکخستن وکەسایەتی وڕابەرانیانەوە، بەشداریەکی بەرچاو و بەکردەوەیان هەیە لەهەموو خەبات وخۆپیشاندانە جەماوەریەکان، بەشێکی بەرچاوی ڕابەران و هەڵسوڕاوان و ووتاربێژانی جوڵانەوەکەن.

بەشێکی گرنگ لەدەوری ئەم دوو حیزبە لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کەئاسۆی ئەوە دەخنە بەردەم شۆڕش کەبۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەژیانی خەڵک، بەناچاری دەبێ ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە قەومی و ئیسلامیانە لەسەراسەری وڵاتدا لەکاربخرێن ودەسەڵاتێکی پشت بەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆو بەردەوامی خەڵک لەسەر بنەمای سیستەمی شورایی جێگای بگرێتەوە.

مەسەلەیەک کەدەتوانێ دەوری ئەم دوو حیزبە بەرجەستەتر وزەمانەتی سەرکەوتنی شۆڕش مسۆگەرتر بکات، هاوکات دەتوانێ بەشێوەیەکی زەقتر مۆری کۆمۆنیزم بەم ئاڵوگۆڕانەوە بنێت و هەنگاوەکانی دواتر بەردەوام تاسەرکەوتنی تەواو زەمانەت بکات، ئەوەیە کەبە دەوری ئەم دوو حیزبە وڕابەرانی کرێکاری وکۆمۆنیست، دەست ببرێت بۆ ڕێکخستنی جەماوەر لەشوراکان و ڕێکخراوە جەماوەرەیە جۆراوجۆرەکان. کەتا ئێستا ئەم کارە دەستی پێنەکردوە. هەروەها دەبێ ئەم دوو حیزبە موبتەکیری ئەوەبن کە بزووتنەوەی کرێکاری وبزووتنەوەکانی ژنان ولاوان، وەکو کۆڵەکە ئەسڵیەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بەڕێزی ڕێکخراو و بەڕابەرانی بەرجەستەو بەپلاتفۆرمی ڕۆشنی خۆیانەوە...دەرکەون.

# پێداویستیەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشێکی سەرکەوتوانە نابێ بەڕاپەڕین یاری بکرێ!

**گفتوگۆی مزەفەری محەمەدی لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد دەربارەی بزووتنەوەی نارەزایەتی و شۆڕشگێڕانە لەعێراق وکوردستان**

**مزەفەر محەمەدی: لەسەر زەمینەی هەژاری و بێکاری و هەلاواردن و نایەکسانی و سەرکوتی سیاسی و بە ئیلهام وەرگرتن لەشۆڕش و بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وسەروی ئەفریقا، لەعێراق و کوردستانی عێراق، بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی و ئازادیخوازانە بەڕێکەوتوە. لە پێشدا ئەپرسم ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ شۆڕشەکانی ناوچەکەدا چ لێکچون و چ جیاوازیەکیان هەیە؟ هەروەها ئایا ئەبعادو شێوەو ناوەڕۆکی ئەم بزووتنەوەیە لە ئاستی سەراسەری عێراق لەگەڵ کوردستان یەکێکە و هاوئاهەنگە؟ ئەگەر هاوئاهەنگ نیە جیاوازیەکان چین؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** لێکچونی بەرجەستەی ئەو بزووتنەوە نارەزایەتیەی کوردستان وعێراق لەگەڵ بزووتنەوەو شۆڕشەکانی تونس ومیسر، لەوەدایە کەوەکو ئەوان بزووتنەوەو هاتنەمەیدانی جەماوەری کرێکاران ولاوان ودەستەنگانە لەخوارەوە دژی زوڵم زۆرو ستەمکاری دەسەڵات، دژی ستەم و گەندەڵی و سەرکوت. ئەمانە سەرجەم بەرئەنجامی بوژانەوەی ئیرادەی جەماوەرو باوەڕ بەخۆبونی ئەو جەماوەرەیە سەبارەت بەوەی کەبە هێنانە مەیدانی ئیرادەی خۆیان دەتوانن ژیانی خۆیان بگۆڕن وچارەنوسی خۆیان بنەخشێنن. هاوکات ئەوەی ئێستا لەعێراق وکوردستان بەرپا بووە جیاوازیشی هەیە لەگەڵ شۆڕشی تونس ومیسر، هەم خودی بزووتنەوەکان جیاوازی هەیە، هەم خواست و ئاسۆو ئامانج و هەم هەلومەرجیک کە لەگەڵی بەرەوڕوون. ئەوانەی تونس و میسر ڕاستەوخۆ یان بەخێرایی ڕوخاندنی ڕژێمیان کرد بەدروشمی سەرەکی خۆیان ولەو ڕێگایەوە دەرگایان بەڕووی ئاڵوگۆڕی جێگا مەبەستدا کردەوە. هاوکات ئاست وتوانای بزووتنەوەکان بە ڕادەیەک بوو کەتوانای ئەو کارەیان هەبوو وتیایدا سەرکەوتن. ئەوەی ئێستا لەعێراق بەڕێکەوتوە، لەئێستادا ڕوخاندنی دەسەڵاتی لەدەستوری کاری خۆی دانەناوەو لەئێستاشدا ئەو توانایەی نیە،





پارتی، لەگەڵ ئەوانەی گوێیان بەیاسا سەرکوتگەرانەکەی ئەوان بۆ ڕێگرتن لەخۆپیشاندان نەداوەو تەنانەت ئەوانەی هانی خەڵکیانداوە بۆ ئەوەی لە پێناو بەرگری لە خواستەکانی خۆیان بێنەمەیدان، دەخاتە یەکخانەوە، نیشانی دەدات کە بارزانی و دەسەڵاتی ئێستا بە هیچ جۆرێک لە بیری ئەوەدا نین کە نەک هەر وەڵامی داخوازیەکانی خەڵک بدەنەوە، بەڵکو بەردەوام لە سەنگەردان بۆ پەلاماردانی خەڵک و یاری کردن بەماف و چارەنوسیان. بڕیارو بەرنامەی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە کەبەچنگ و دندان دەسەڵاتی بنەماڵەیی و میلیشیایی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا ڕابگرن، بەبێ ئەوەی سەرەتایترین مافە ئینسانیەکان بەخەڵکی کوردستان ڕەوا ببینن. دەنا لە کوێ و بەپێی کام پێوانە بکوژان و ئەوانەی بەردیان هاویشتووە، دەخرێنە تای تەرازویەک و چوارچێوەی بڕیاریکەوە. ناوەڕۆک ومەرامی سەرەکی ئەم بڕیارە ئەوەیە کەئەگەر بۆ چەواشەکاری هەر بڕیارێکی بێ برەو بۆ دەستگیرکردنی بکوژێکیش دەربکرێت، وە ئەگەر هاوسەنگی هێز بواربدات، لە بەرامبەردا بڕیاری دەستگیرکردنی بەکردەوەی دەیان هەڵسوڕاوی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە بەڕێوە دەچێت. هەر وەکو دەبینین کە تا ئێستا دەیان کەس دەستگیرو تەنانەت ڕفێندراون بەبێ ئەوەی یەک قاتل دەستگیرکرابێت.

پێویست دەکات ئەم ڕاگەیاندن و بڕیارەی بارزانی بکەوێتە بەرامبەر نارەزایەتی و نەفرەتی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانەوە. تەنها خەباتی لێبڕاوانەی خەڵکی کوردستان دەتوانێ داخوازی ڕەوای خەڵک بۆ ناساندن و دادگایی کردنی قاتلینی خەڵکی کوردستان بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنێ و بوارێک نەهێڵێتەوە بۆ هیچ لایەک کەپەنادەری بکوژان بێت. هەر ئەم خەباتە دەتوانێ و دەبێ بە پێچەوانەی فەرمایشتەکانی بارزانیەوە، یاسای سەرکوتگەرانەی خۆپیشاندان هەڵوەشێنێتەوەو دەرگا بەڕووی خەڵکدا بکاتەوە بۆ هاتنەمەیدان و نارەزایەتی دەربڕین لەپێناو مافەکانی خۆیان بەبێ هیچ قەیدو بەندو ڕێگریەک.

بەڵام ئەوە جێگای پرسیارە کەچۆن و بۆچی ئەو مسعود بارزانیەی هەفتەیەک لەمەوبەر بە پەشۆکاویەوە دەست بەدامانی جەماوەری ڕاپەڕیو بوو بۆ ئەوەی هێوربنەوەو سێ چوار مانگ مۆڵەتیان بدرێتێ بۆ ئەوەی خواستەکانی خەڵک جێبەجێ بکەن، کەچی ئەمرۆ هێز کەوتوەتە دەمارەکانیەوەو هەڕەشەی گرتن و دادگایی کردن لەخەڵکی ڕاپەڕیو دەکات. وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە نێو ئەو سات و سەودایانەدا پەیدابکرێت کەلە نێوان دەسەڵات ولایەنە ئۆپۆزیسیونە بۆرژوازیەکانەوە، دور لەچاوی خەڵک ولە پشتی پەردەوە بەڕێوە دەچێت. "بزووتنەوەی گۆران" یەکێک لەو لایەنانەیە کەخۆی هاویشتوەتە ناو بزووتنەوە نارەزایەتیەکەوەو خۆی بەبەشێک لەو بزووتنەوەیە دەزانێ و وا دەنوینێ کە ئامادە نیە لەخواستەکانی خەڵک بێتە خوارەوە. بەڵام لەو لاوە دور لەچاوی خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتی گەندەڵی ئێستا خەریکی سەودایە ودەیەوێ هاتنەمەیدانی خەڵک وداخوازیەکانیان بکاتە فیدای بەدەست هێنانی ئیمتیازاتێک بۆ خۆی.

هەروەها یەکگرتوی ئیسلامی کەدیسان خۆی داوەتە پاڵ جەماوەری ڕاپەڕیوو گوایە لەپێناو داخوازیەکانی خەڵکی ڕاپەڕیودا خەبات دەکات، بەهەمان شێوەو لەپشتی خەڵک ونوێنەرانی خۆپیشاندەرانەوە، لەگەڵ دەسەڵات بازاڕی سات وسەودای بەڕێخستوە. تەنانەت نوێنەری

بەتایبەتی کەدەسەڵاتیش لەم وولاَتانەدا زۆر لەگەڵ یەک جیاوازن. ئەمەی عێراق و کوردستان لەم سەرەتایەوە کۆمەڵێک خواستی سیاسی وئابوری لەبەردەم خۆی داناوەو لەڕێگای بەدیهێنانی ئەوانەوە دەیەوێ لەهەنگاوی یەکەمدا ئاڵوگۆڕێک پێکبێنێت وقورسایی ستەم وسەرکوت لەسەر کۆمەڵگا کەم بێتەوە. ئەوەشی کەلە هەنگاوی دواتردا ئەم بزووتنەوەیە بەکوێ دەگات وچ مەسائیلێکی تر دەخاتە دەستوری خۆیەوە ئەوە بەزۆر فاکتۆرەوە گرێی خوردوە کەدەکرێ لە درێژەی گفتوگۆکەدا باسیان بکەین.

دەربارەی هاوئاهەنگی ئەم جوڵانەوەیە لەئاستی عێراق وکوردستاندا، هاوئاهەنگیەکی ئەوتۆیان نیە، تا ئێستا نەڕێکخەران ورابەرانی ئەم بزووتنەوانە کاریان لەسەر ئەمە کردوە، نەلە ڕووی خواست و ئامانجەکانیانەوە بەتەواوی وەکویەکن. هەڵبەت زەمینەکانیان چۆن لەگەڵ میسرو تونس لێک چونیان هەیە، ئەم لێکچونە لەنێوان کوردستان وعێراق زیاترە، بەڵام بەکردەوە وەکو یەک بزووتنەوەی هاوئاهەنگ لەدەوری خواستی هاوبەش ورابەری هاوبەش نین. لەکوردستان پێشتر دەستی پێکرد، لەڕووی ڕابەری وخواستەکانیەوە برێک پوختەترو لەهەمان کاتدا ڕێکخراوترو ڕادیکاڵترە. ئەنجومەنی مەیدانی ئازادی کەزۆرتر قسەکەری بزووتنەوەکەیە، لەگەڵ ئەوەی ڕەوت و نەرێتی سیاسی جۆراوجۆری تیایە، بەئیسلامی و ناسیونالیست و کۆمۆنیستەوە، بەڵام لەدەوری کۆمەڵێک خواست جۆرێک لەیەکدەستی لەبزووتنەوە جەماوەریەکەدا پێکهاتووە. لەعێراقدا هێشتا لایەنی خۆبەخۆیی بزووتنەوەکە زەقترە، خواستەکان لەجێگایەک بۆ جێگایەکی ترو تەنانەت لە میتنگێک بۆ میتنگێک وخۆپیشاندانێک بۆ یەکێکی تر جیاوازی تێدەکەوێت. بۆ نمونە خواستێک کە بەشێوەی خۆبەخۆی زۆرجار دوپات دەبێت، بەچاوکردن لەبزووتنەوەی ناڕەزایەتی وولاتانی دەوروبەر، ئەوەیە باسی "ئیسلاحی نیزام" دەکات، هەندێک جاریش بەشێوەی خۆبەخۆیی باسی ڕوخاندنی نیزام دەکرێت. لەکوردستاندا بزووتنەوەکە زۆرتر لەدەوری ئەحزابی سیاسی پۆلاریزە بووەو بەتایبەت لەئێستادا چەند حیزبی سیاسی، هەرچەند قسەو سیاسەت وتێڕوانینی جیاوازیان هەیە، بەڵام لەپشتی جوڵانەوەکە ڕاوەستاون وڕاشکاوانە ئەمە دەردەبڕن. بەڵام لەعێراقدا جگەلە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وکۆنگرەی ئازادی ویەکێتیە کرێکاریەکان، کەهەموویان لە بەرەیەکدان، ئەو دوای لایەنە سیاسیەکان ڕاشکاو نین لەپشتیوانی بزووتنەوەکە و بەشداریکردن و ڕابەری کردنیدا. دەوری حیزب وئەو ڕێکخراوانەش لەو ئاستەدا نیە کەتوانیبێتی ئەم بزووتنەوەیە یەک خەت و ڕێکخراو بکات، بۆیە هێشتا تابعی عەفەویەت بەسەریدا زاڵە.

**مزەفەر محەمەدی: دوو دەیەیە کە ئەحزابی بورژوازی و ناسۆنالیست لەکوردستانی عێراق لەسەر کارن. لەسەرەتادا ئەمە بەحاکمیەتی خۆمانە ناونرا ولە پشتیوانیەکی بەرچاوی خەڵکی خۆشباوەڕ بەهرەمەند بوو. ئایا بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ئێستا بەمانای کۆتایی هاتنی ئەو خۆشباوەڕیەیە؟ لەکاتێکدا کەباڵەکانی تری بۆرژوازی ناسۆنالیستی کورد لەڕابەری و ڕێنمایی ئەم بزووتنەوەیەدا دەستیان هەیە؟ ڕادەی ڕەوینەوەی خۆشباوەڕی لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا خواستی خەڵک گواستنەوەی دەسەلاتە لە بەشێکی بۆرژوازی و ناسۆنالیزمەوە بۆ بەشێکی تری**





# هەڕەشەی بارزانی و سەودای ئۆپۆزیسیونی بورژوازی

لە ڕاگەیاندراوێکی ڕەسمیدا کە لەلایەن مەکتەبی سەرۆکایەتی مسعود بارزانیەوە دەرچووە، لەژێر ناوی دادگایی کردنی تاوانباراندا، دەستی داوەتە هەڕەشەیەکی ئاشکرا لە جەماوەری نارازی و ڕاپەڕیوی کوردستان. ڕاگەیاندراوەکە دوای ئەوەی بە خێرایی بەسەر ئەوەدا تێدەپەڕەبێت کە گوایە ئەوانەی تەقەیان لە خەڵک کردوەو تەقەکردنەکەیان بووە بە هۆی کوشتن و برینداربونی خەڵک، دەدرێنە دادگا، پاشان بە وردەکاری و ڕاشکاویەوە هەڕەشەی گرتن و دادگایی لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بەردێکیان گرتوەتە مەقەرێکی پارتی، یان لە یاساکەی ئەوان بۆ سەرکوت و قەدەغەکردنی خۆپیشاندان، دەرچوبێت، تەنانەت هەمان هەڕەشە لە هەموو ئەوانەش دەکات کە هانی خەڵکیانداوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان.

هەر هاوڵاتیەکی سادەی کوردستان کە ٢٠ ساڵ گەندەڵی وکارکردی چەپەڵ وچەواشەکاری دەسەڵاتی میلیشیایی ئەم حیزبانەی لەبەرچاو بێت، جگە لەوەی سەد و یەک گومان لەوە دەکات کە ئەم دەسەڵاتە بەپێی ئەم ڕاگەیاندراوە، بەکردەوە هەستن بە ناساندن و دادگایی کردنی عادلانەی تەقەکەران و بکوژانی خەڵکی کوردستان، گومانی لەوە نابێت کە بەوپەڕی توانایانەوە تێدەکۆشن بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی تری. هەروەها گومان لەوە نیە کە ئەگەر لە بەندی یەکەمی ئەم ڕاگەیاندنەدا چەواشەکاریەکی زۆر خۆی مەڵاس دابێت، ئەوە لە چەند بەندی دواتردا نیازو مەرامیکی قین لەدلانە و مەترسیداری دەسەڵات بەرامبەر خەڵکی بەمەیدان هاتوی کوردستان خۆی حەشارداوە.

تا ئەو جێگایەی بە ناساندن و دادگایی کردنی تەقەکەران و قاتلەکان دەگەڕێتەوە، ئەوەی لەم دەسەڵاتە گەندەڵ و جەماوەر کوژە چاوەڕوان دەکرێت، هەر وەکو ڕابردوو سازکردنی چەندین سیناریۆی ریسوایە بۆ دەربازکردنی کەسانی تاوانباری سەر بە دام و دەزگا داپلۆسینەرو ئینسان کوژەکانی خۆیان. تیرۆری سەردەشت عوسمان و سازکردنی سیناریۆی تۆمەتبارکردنی بە تیرۆریست، لەبەرچاوی هەموانە. بەڵام دیسانیش ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لەپەیوەند بە جێبەجێ کردنی بەندەکانی تری ئەم بڕیارەی بارزانیەوە، ئەوە گومان هەڵناگرێت کە ئەگەر بۆیان بلوێت بەوپەڕی لێبڕاویەوە، بەندەکانی تری ئەم راگەیاندنە بۆ ڕاونان وسەرکوتکردنی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستای کوردستان بەڕێوە دەبەن.

هەر ئەوەی کە جەنابی بارزانی قاتلینی خەڵکی کوردستان و ئەوانەی بەردیان گرتوەتە مەقەری

**یان لەبنەڕتدا خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ترن؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بێگومان خودی ئەم ٢٠ ساڵە لەدەسەڵاتدارێتی بورژوازی کورد و هەراسان بونی خەڵک بەدەست سەرکوت وملهوڕی و زوڵم و زۆرداری لەڕادەبەدەرو تاڵان و بڕۆی بێسنوریانەوە، دەوری زۆری بووە لەکەم کردنەوەو ڕەواندنەوەی خۆشباوەڕی بەبۆرژوا-ناسیونالیزمی کورد. ئێستاش هاتنەمەیدانی ئەم بزووتنەوەیە هەنگاوێکی زۆر گەورەتر ئەم ڕەوەندە دەباتە پێشەوەو تا ئێستا بردوێتی. بەڵام ئەوەی کەئەمە بەکۆتایی خۆشباوەڕی بەناسیونالیزمی کورد لەقەڵەم بدرێت، بەبڕوای من هەڵەیە. تا ئێستاش لەئاستێکی بەرچاودا تەنانەت خۆشباوەڕی بەدەسەڵات و ئەحزابی دەسەڵاتداریش برەوی هەیە. ڕاستە بەهۆی کارکردیانەوە خەڵک ڕاستەوخۆ لەناوی یەکێتی وپارتی توڕەن و تەنانەت بەفراوانی نەفرەتان لێدەکرێت، بەڵام هێشتا کاتێک ئەم دوو حیزبە بۆ چەواشەکاری سیناریۆ وپلانی ناسیونالیستی دەهێننە گۆڕێ، دەتوانن خۆڵ بکەنە چاوی خەڵک و بەشێکی بەرچاو لەخەڵکی پێ گیرۆدە دەبێ. بۆ نمونە لەم ماوەیەدا بەرەو ئەوە دەچوو لە کەرکوک ناڕەزایەتی جەماوەری زۆر بە فراوان بتەقێتەوە، بەتایبەتی چونکە لەو شارە دەسەڵاتی هیچ حیزبێک بە تەواوی زاڵ نیە و ناتوانن بۆ نمونە وەکو هەولێرو تەنانەت سلێمانیش کۆنترۆڵی بکەن، پێشبینی دەکرا زۆر ناڕەزایەتیەکی فراوان بێتە سەر شەقام. حیزبە ناسیونالیستەکان بۆ بەرگرتن لەمە کەوتنە پڕوپاگەندەی فراوان دەربارەی ئەوەی کە ئەم دەنگ و باسی خۆپیشاندانەی کەرکوک، پیلانی ناسیونالیستە عەرەبەکانە ودەیانەوێ بەناوی خۆپیشاندانەوە پەلاماری کەرکوک بدەن و کوردەکان دەرکەن. بەم بۆنەیەوە هێزی پێشمەرگەیان بەرەو ئەو شارە جوڵاند و فەزایان داگرت و بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکەیان لەباربرد، بۆیە تا ئێستا کەرکوک یەکێکە لەو شارانەی کە جوڵانەوەکە بەکردەوە تیایدا لاوازە.

لەوەش زیاتر خۆشباوەڕی بەرامبەر ناسیونالیزمی ناڕازی کەبزووتنەوەی گۆڕان نوێنەرایەتی دەکات، زۆر زیاترە. هێشتا ئەم ڕەوتە بۆرژوا-ناسیونالیستیە کەلە بنەڕەتدا هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ یەکێتی و پارتی نیە وتەنانەت تا چەند ساڵ بەر لەئێستا ڕابەرانی ئەم ڕەوتە، بەرپرسانی سەرەوەی دەسەڵات بوون، دەوری سەرەکی دەگێڕن لەڕووی پێگەی ئاسۆی سیاسیانەوە بەسەر بزووتنەوەی ناڕەزایەتی ئێستای کوردستاندا. من باوەڕم وایە کە سەرئەنجام ناسیونالیزم دەبێ لەئەنجامی جێکەوتنی نەقدێکی هەمەلایەنەی ناسیونالیزم ولەوەش زیاتر دەور پەیداکردنی بەدیلێکی تردا، ڕۆژی ئاوا بێت، بەتایبەتی کۆمۆنیزم دەبێ ئەم کارە بکات. بەبێ ئەوەی بەدیلێکی تر بێتە پێشەوەو کۆمەڵگا لەڕکێفی سونەت وفکرو دەسەڵاتی ناسیونالیزم ڕزگار بکات، ناسیونالیزم بەردەوام دەتوانێ خۆشباوەڕی بەرامبەر بەخۆی پێکبهێنێت و لەبەرگی تازەدا بێتەوە مەیدان. بەکورتی بڵێم هەم تەجروبەی ٢٠ ساڵ و هەم ڕاپەرینی ئێستای کۆمەڵگا، دەوری زۆریان بووە لەڕەواندنەوەی خۆشباوەڕی بەرامبەر ناسیونالیزمی کوردو ئەوەی پێی دەگوترا "دەسەڵاتی خۆیی"، بەڵام کۆتایی پێنەهێناوە.

خەڵکی کوردستان خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتین لەژیانی خۆیاندا، ئەو خواستانەی کەئێستا بەرزکراونەتەوە بەبڕوای من خواستی قۆناغی یەکەمی ئەو جوڵانەوەیەیە، ئەگەر لەم قۆناغەیدا





خواستەکانی خەڵک ڕەوایە، کە ئەمە جەلال تاڵەبانی و مسعود بارزانیش دەیڵێن و هونەرێکی تیا نیە. ئەم هەڵوێستەی خۆیان بەوە پاساو دەکەن کە ئەوان هێزێکی دەرەکین و ڕێگا بە خۆیان نادەن دەخاڵەت و هەڵوێستگیری زیاتر بکەن. بەڵام لەم ٢٠ ساڵەدا ئەوان بۆ پەیامدان بەدەسەڵاتدارانی ستەمکارو گەندەڵی کوردستان و پیرۆزبایی پێوتن و دۆستایەتی کردن و هەڵویست دەربڕین لەسەر سەرکەوتنەکانی ناسیونالیزمی کوردو دۆستایەتی و هاوسۆزی دەربڕین لەگەڵیان، هیچ کاتێک ئەو مەحدودیاتە بۆ خۆیان قایل نەبوون، بەڵام هەمیشە کە دەگاتە باسی خەڵک و ناڕەزایەتی خەڵک و بزووتنەوەی جەماوەری دژی دەسەڵات و سەرکوتی هەڵسوڕاوان و کۆمۆنیستەکان، ئیتر ئەوان دەبنە هێزێکی دەرەکی کە گوایە نابێ دەخاڵەت بکەن. ڕاستی هەڵوێستی تا ئێستای ئەوان لەم هەلومەرجەی پێشهاتووە دەکرێت بە پاساو بۆ دەسەڵات و رازی کردنی دڵی دەسەلات پێناسە بکرێت.

تا ئێستا لە ئاستی دیارو بەرچاودا، کاردانەوەی ئەوتۆ لە پشتیوانی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان بەدەر نەکەوتووە، ئەوە دیارە لە ئاستی گشتیدا خەڵکی کوردستانی ئێران پشتیوانی لەخەڵک دەکەن. بەڵام لەقاڵبێکی جەماوەری وکردەوەیەکی دیاریکراودا بەرجەستە نەبووە. حیزبی حیکمەتیست هەڵوێستی ڕۆشن وڕاشکاوی بووە کەبە توندی لە پشتی خەڵک و بزووتنەوەی جەماوەری و خواستەکانیان ڕاوەستاوە و ئامادەیی ڕاگەیاندوە بۆ ئەوەی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان وعێراق بۆ بەهێزکردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم بزووتنەوەیە هەرچی لەدەست بێت بیکات. چاوەڕوانی من ئەوەیە حیزبی حیکمەتیست خەڵکی ئێران و کوردستان بۆ پشتیوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لەعێراق و کوردستان بە حەرەکەت دەربێنێ. ئەو دەنگی پشتیوانیە ڕاشکاوترو بەهێزتر بکات، هەڵوێستی لایەنە ناسیونالیستیەکان بۆ لایەنگری لەدەسەڵاتی گەندەڵ و ستەمکاری یەکێتی و پارتی لەنێو جەماوەری ئێران و کوردستاندا ڕیسوا بکات، لە هەموو گرنگتر ئەوەیە کەحیزبی حیکمەتیست دەوری گرنگ بگێڕێ لەگواستنەوەی کاریگەری وتەجروبەکانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ناو کوردستانی ئێران و سەراسەری ئیران، لەوێش بزووتنەوەی جەماوەری بەشێوەی گونجاو ولە دەوری خەتێکی پێشڕەو و خواستی دیاریکراو ڕێکبخرێت. ئەمە بێشک هێزو توانایەکی زۆرتر بەم بزووتنەوەیە دەدات لە عێراقدا. هەروەها لە ئاستی ئێران و جیهاندا پەردە لەسەر سەرکوتی دەسەڵاتدارانی کوردستان هەڵماڵێت، لەچالاکیەکانی دەوروەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستاندا زۆر چالاکانە بەشداری بکات کەدەوری زۆریان هەیە لەسەر بەستنی دەستی سەرکوتی دەسەڵاتداران وپشتیوانی جیهانی لەبزووتنەوەکە. سەرئەنجام هەم لەڕووی هاوئاهەنگی سیاسی و هەم لە ڕووی تەرخان کردنی هێزی عەمەلی بۆ هاوکاری دوو حیزبی کوردستان و عێراق، هەرچی لە دەست دێت بیکات. ئەوەی تا ئێستا کراوە لە ڕووی هەڵوێست و هاوپشتی مەعنەوی جێگای ستایشە بەڵام لە رووەکانی ترەوە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە.

شەریک نەبن. خودی خەڵک ئەو جۆرە بێ ئینسافیەیان لێ قبوڵ ناکات و بواری ئەوەیان پینادات مانۆڕی وا بکەن. بێگومان لە دەستدانی پێگە و ئیعتبارو ڕەونەقی ناسیونالیزمی کوردو کوردایەتی لە کوردستانی عێراق، هەمان کاریگەری و ئەنجامی دەبێت بۆ بزووتنەوەو سونەتی کوردایەتی لە هەموو ناوچەکەدا. جا ڕەنگە ئاستەکانی هەمان ئاست نەبێت، تەبعەن بۆ خەڵکێک کە ٢٠ ساڵە ڕاستەوخۆ لەژێردەستی ستەمکاری ناسیونالیزمی کورددا بێدەرەتانی دەکێشن، جیاوازی هەیە لەگەڵ خەڵکێک کەلە دورترەوە چاو لەم تەجروبەیە دەکەن، ناڵێم بە هەمان ئاست بەڵام بێشک کاریگەریەکی گەورەی دەبێت.

لام وایە بەڵگەکانی ئەمە هەر لە ئێستاوە زۆر ئاشکرایە. ئەمە لە هەمان کاتدا وەڵامە بە بەشێکی تری پرسیارەکەتان، دەربارەی هەڵوێستی حیزب و لایەنە ناسیونالیستیەکانی ناو بزووتنەوەی کوردایەتی لەئێران و ناوچەکە. هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر ئەم بزووتنەوە جەماوەریە زۆر ئاشکرا، نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خۆیانی پێوەدیارە لەوەی کە شکستی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عێراق، لەهەمان کاتدا شکستێکە بۆ ئەوانیش. بۆیە زوو هاتنە دەست و بەیانی پشتیوانیان لە دەسەڵاتی گەندەڵی یەکێتی و پارتی ڕاگەیاندو لەسەنگەری دژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکەوە ڕاوەستان. من کاتێک پەیامی ئەوانم بینی ڕێک هەڵوێستەکەی قەزافیم بەرامبەر شۆڕشی تونس هاتە بەرچاو. قەزافی دەیزانی شۆڕشی تونس هاندەرێکی زۆری خەڵکی لیبیا دەبێت بۆ ڕاپەرین دژی خۆی، بۆیە هەر زوو کەوتە دڵەراوکێ و سەرکۆنەکردنی خەڵکی تونس کە بۆ "بن عەلی"یان ناوێ و بۆ ڕادەپەڕن و کوا سەرکردەی لەوە باشتریان دەست دەکەوێت؟ ووتی لە جیاتی لابردنی دەبوو بڵێن بە درێژایی تەمەن سەرکردەیان بێت. هەموو کەس دەیزانی ئەم قسانەی قەزافی کە گوایە بە خەڵکی تونسی دەڵێت، بۆ ئەوەیە کە خەڵکی لیبیا گوێیان لێبێت و بەو جۆرەی ئەو باسی دەکات لەگەڵ خۆی ڕەفتار بکەن. ئێستا لایەنە ناسیونالیستە کوردەکانی ناوچەکە هەمان ڕەفتار دەکەن لەهەڵوێست بەرامبەر دەسەڵات و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک. بونەتە وێنەیەک لە قەزافی کوردی. بێگومان خەڵکی کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و جێگاکانی تریش، ئەم هەڵوێستەیان لە بیر ناکەن و لە سەر داهاتوی جێگاو ڕێگای ئەوان کاریگەری دەبێت. هەم شکستی تەجروبەی بۆرژوا-ناسونالیستی کورد لە عێراق و هەم هەڵوێستی هێزە ناسۆنالیستە کوردەکانی ناوچەکە بۆ بەرگری لەو تەجروبە گەندەڵ و کۆنەپەرست و ستەمکارە، کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر هێنانە خوارەوەو شکاندنی ئیعتبارو پێگەی کۆمەڵایەتی خودی ئەو هێزانە و هەموو ناسۆنالیزمی کورد.

لە نێو لایەنە چەپەکانی ناوچەکەدا، هەڵوێستی کۆمەلە زۆر جێگای سەرنجە، کە بەشێوەیەکی شەرمۆکانە و بەڕاستی نا جوامێرانە و هەڵوێستێکی لاستیکی ئەوتۆی دەربڕیوە کە دەسەڵاتی ناسیونالیستی کورد پێی رازی بێت. بەرامبەر کوشت و کوشتاری خەڵک و گرتن و بێسەرو شوێنکردنی هەڵسوڕاوان هیچ ناڵێن، بەشێوەیەکی تەم و مژاوی دەڵێن لەهەندێک لایەنی ڕووداوەکان نیگەرانن کە نازانم مەبەستیان بەردباران کردنی پارتی و خۆپیشاندانە دژی دەسەڵاتی کوردی، یان مەبەستیان کوشتاری منداڵ و نەوجەوانانە. هەروەها بە جۆرێک دەڵێن





سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چاوەڕوانی خەڵک دەچێتە سەرترو دەست وباڵی دەکرێتەوەو ئاڵوگۆڕی زیاتری دەوێت. بەڵام هێشتا بەرچاو ڕۆشنیەکی تەواو لەو بارەیەوە نیە کەخەڵک چۆن دەیانەوێ ئەو ئاڵوگۆڕە پێکبێت. لەباسی ئیسلاحی دەسەڵاتەوە تاتەنانەت باسی ڕوخاندنی دەسەڵات لەبزووتنەوەکەدا هەیە. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە تائێستا وتا ڕادەیەکی زۆر لەژێر هەیمەنەی بزووتنەوەی گۆڕاندایە، ئەمەش لەئێستادا دەتوانێ بەکردەوە بکاتە گوێزانەوەی دەسەڵات لەبەشێکی بۆرژوازیەوە بۆ بەشێکی تر.

ڕەوتە بورژوازیە ئیسلامی وناسیۆنالیستەکانی ناو ناڕەزایاتیەکان، تانها ئاڵوگۆڕێکی ڕواڵەتیان دەوێ لەدەسەڵات، بەڵام لەڕاستیدا بزووتنەوەکە ئەوەندە ڕادیکاڵە کەبزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان، بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە تێیان نەپەڕێنێ، بەدوایدا خۆیان بەکێش دەکەن. لە سەرەتاوە یەکگرتوی ئیسلامی ڕاستەوخۆ لەپاڵ دەسەڵات ڕاوەستا وبزووتنەوەی گۆڕانیش لە دەمی نەوشیروان مستەفای سەرۆکیەوە ووتی ئێمە بەشداری ئەو خۆپیشاندانەمان نەکردوەو ئامادەین بۆ هاوکاری دەزگاکانی دەسەڵات بۆ بەرگرتن لەو گێرەشێوێنیە، بەڵام کەزانیان بزووتنەوەکە ڕادیکاڵە و ئەوەیان لێ قبوڵ ناکات، ناچار دوای کەوتن و هەڵوێستەکانی خۆیان گۆڕی بۆ بەشداری ولایەنگری لەخۆپیشاندانەکان. ئێستاش کەلە ناو بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکەدان، بەدەوری خۆیان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاڕاستەو ئایندەو ئەنجامەکانی.

**مزەفەر محەمەدی: هەر بەو جۆرەی کەدەبینین، ڕابەرایەتی بزووتنەوەکە و ڕابەرایەتی ناڕەزایەتی مەیدانی ئازادی سلێمانی لە دەستی هێزە ناسۆنالیست و ئیسلامیەکان و ڕابەران و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست و بەتایبەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدایە. ئەنجومەنێک کە بۆ ئەم کارە پێکهاتوە، ئەم حیزبانە و ڕۆشنبیرانی سکولارو تەنانەت ناسۆنالیستی گرتوەتە خۆی. خاڵی هاوبەشی ئەم ڕەوتانە چیە؟ لە کاتێکدا کە بزووتنەوەی گۆڕان خوازیاری ئیسلاحاتێکە لە دەستور و لە سەرەوە بەقازانجی خۆی، ئیسلامیەکان خوازیاری دەخالەتدانی ئیسلامن لە ژیان و سیاسەتدا، کۆمۆنیستەکان خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ترن، ئەم ئیتحادە چەندە پایەدار یان قابیلی لێکترازانە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بنەمای بەشداری ئەم ڕەوتە سیاسیە جیاوازانە لەڕابەری ئەم بزووتنەوەیە و لە خودی ئەنجومەنی مەیدانی ئازادی سلێمانیشدا، بەشداری کردن و بەهێزکردنی بزووتنەوەیەکە بۆ ئاڵوگۆڕ و لەم بارەیەوە تا ئێستا هەم لەسەر شێوازی بەڕێخستنی بزووتنەوەکە وهەم لەسەر لیستی داخوازیەکان و هەم لەسەر سەراسەری کردنەوەی جوڵانەوەکە، لە نێو ئەو ئەنجومەنەدا جۆرێک لە یەکدەستی دروست بووە. بێگومان ڕۆژانە لەسەر هەر مەسەلەو ڕووداوێکی تازە مشت و مڕ ڕوودەدات، ناکۆکیش هەیە و هەر ڕەوتە دەیەوێ بەلای خەتی خۆیدا دایشکێنێ. بەڵام سەرئەنجام کارێک کراوە کەبزووتنەوەی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕو بەدیهینانی خواستەکانی خەڵک یەکدەست بمێنێتەوە. بەبڕوای من پێوستی بزووتنەوەکە ئەمەی هێناوەتە ئاراوەو سەپاندوێتی. لە ئێستادا بەهێزکردنی بزووتنەوەکە لەبەرامبەر دەسەڵات وپیلانە هەمە جۆرەکانیان بۆ سەرکوت

کردنی، بەرجەسترە لە ناکۆکیەکانی نێوان ئۆپۆزیسیون. بێگومان جیاوازیەکی قوڵ لەنێوان ڕەوت و نەرێتە سیاسیە جیاوازەکاندا هەیە. ئەو ناکۆکیانە دەبێ بۆ خەڵک ڕون بکرێتەوە سیاسەتی جیاوازیان باس بکرێت، دەبێ جەماوەری کوردستان بەڕۆشنی بزانن جیاوازیەکان کامانەن و لەسەر چین، دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە کەهەر ڕەوتە چ سیاسەت و بەرنامە وئاسۆیەکی بۆ بزووتنەوەکە هەیە، تەنانەت هەرکامیان لەبارەی کێشەو مەسەلەکانی کۆمەڵگاوە دەڵێن چی، لەسەر سیستەمی حوکمڕانی، لەسەر ئازادی سیاسی و مەسەلەی ژن و دابەش بوونی چینایەتی کۆمەڵگا...دەڵێن چی؟ هەروەها دەبێ لەنیو بزووتنەوە هەمەگیرەکەدا کریکاران وجەماوەری زەحمەتکیش لەڕیزی سەبەرخۆدا ڕێکخراوبکرین. هاوکاتی ئەمانەش یەکدەستی بزووتنەوە جەماوەریەکەش بەتایبەتی لەئێستادا زۆر گرنگەو دەبێ بپارێزرێت.

ئەوەی کەئێوە بە"ئیتحاد" لەنێوان ناسیونالیست وئیسلامی وکۆمۆنیستەکان ناوتان برد، ئیتحاد نیە. بە تایبەتی لەسەر ئاستی حیزبی، هیچ پەیوەندیەک لەنێوان حیزبی کۆمۆنیست وئەو دوو لایەنەی تر لەئارادا نیە چ جای ئیتحاد. بەڵکو بەپێی ئەمری واقع، بەهۆی بوون وبەشداری هەموو لایەک لەو بزووتنەوەیە ودەورو نفوزی هەرلایەکیان، کەسایەتی وهەڵسوڕاوەکانی ئەو ڕەوتە جیاوازانە، لەموقعی کەسایەتی وڕابەران وهەڵسوڕاوانی بزووتنەوە جەماوەریەکەدا، لەو ئەنجومەنەدا هەن و دەوری خۆیان دەگێڕن.

من ئەوە بەکێشە نازانم کەکەسێک لەو ئەنجومەنە دایە، چ بیرباوەڕێکی هەیە وباوەڕی بەچی هەیەو بەچی نیە. ئەوەی گرنگە پێداگری لەسەر خواستەکانی خەڵک و بەرژەوەندیەکانی خەڵک بکات و بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەکە هەوڵبدات. ئەمە خاڵی هاوبەشە، هەر ئەمەش بنەمایە بۆ بەردەوام بوون یان تێکچونی ئەو ڕادەیە لەیەکدەستی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە. بێگۆمان هەر لایەکیش دەیەوێ جێ پێی خۆی لەم بزووتنەوەیەدا بەهێز بکات، بۆ ئەوەی دواتر بەباری ئامانجەکانی خۆیدا بیبات. ڕەوتە ناسیونالستی وئیسلامیەکانی ناو ئەم بزووتنەوەیە، وەکو نوێنەری بەشێک لەبورژوازی کورد کە ناڕازیە لەبەشی خۆی و لەچۆنیەتی دابەشبونی سەروەت و قازانجی سەرمایە ودەستڕەنجی چینی کرێکار لەناوخۆی چینی بورژوازیدا، دەیانەوێ ئەم بزووتنەوەیە بەو ئاقارەدا بەرن کەبە جۆرێک ئیسلاحی دەسەڵاتی پێبکەن کە جێگاوڕێگای خۆیان لە دەسەڵات بەهێزبێت، لەپێناو دابین بوونی بەشی زیاتر بۆ ئەو بەشە لەچینی بورژوازی. هاوکات ئیسلامیەکان وەکو یەکێک لەم ڕەوتە بورژوازیانە دەیانەوێ جێگایەک پەیدا بکەن کە بتوانن دەوری بەرجەستەتر بدەن بەئیسلام لەدەسەڵات و لەیاسا ولەژیانی خەڵکدا. کۆمۆنیستەکانیش دەیانەوێ ئەم بزووتنەوەیە بەباری قوڵترین ئاڵوگۆڕی هەمەلایەنە لەژیانی خەڵک و سەرئەنجامیش گۆرینی سیستەمی سیاسی و ئابوریدا بیبەن. ئەمە بێشک لە جێگای خۆیدا مەسەلەکان و پێکهاتی ڕابەری ئێستای جوڵانەوەکە بەبارێکی تردا دەخات. بەڵام تا ئەو جێگایەی کە هەر لایەنێک بە قازانجی خۆی بزانی لەپشتی ئەم بزووتنەوەیە وخواستە ڕاگەیانراوەکانی خەڵک ڕاوەستی، دەکرێت ئەمە بەردەوام بێت. لە هەمان کاتدا ئەرکی کۆمۆنیزمە کە هەموو ئەمانە بۆ جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش ڕوون کاتەوەو بەڕۆشنیش ڕەخنە لە





حیزب و ڕێکخراو دروستکردن و ڕەخنە گرتن و ڕادەربڕین و ناڕەزایتی بەڕێخستن، لەم بارەیەوە زۆر پێویستە بەتایبەتی یاسای پەرلەمان بۆ خۆپیشاندان ویاساکانی حیزب وکۆمەڵەکان هەڵوەشێنەوەو ئازادی بێ ئەملاو ئەولای سیاسی ڕابگەیەنرێت. هەروەها بەر بەگەندەلی و ڕاورووت بگیرێ: بۆ نمونە هەم سەروەتی بەرپرسانی حیزبی ودەسەڵات ئاشکرا بکرێت و هەم سەرچاوەکەی کەلە کوێیان هێناوە بەئاشکرا بخرێتە بەردەستی خەڵک، پاشان بەپێی ستانداردێکی مۆدێڕنی جیهانی سنورێک بۆ مانگانەی لە ڕادەبەدەری بەرپرسان دیاری بکرێت، کە لانی زۆر زیاتر نەبێت لەدوو ئەوەندەی مانگانەی کرێکار یان کارمەندێکی مام ناوەندی....هەروەها هەموو ئەو تاوانبارانەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستیان هەبوە لە تەقەکردن و کوشتن و بریندار کردنی خەڵک و پەلاماردانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بناسێنرێن و بدرێنە دادگاو سزای خۆیان وەرگرن...خزمەتگوزاریە سەرەتایەکانی وەکو ئاوو کارەبا و ڕێگاو بان و دکتۆرو دەرمان بۆ خەڵک بەشێوەیەکی تەسەل دابین بکرێت..بیمەی بێکاری یان کاری گونجاو و بە مانگانەیەکی هاوتای گرانی بازاڕ....ئەم خواستانە یان تەنانەت چەند خواستێکان ئەگەر لەهەنگاوی یەکەمدا بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنرێن، هەم لە توانای بزووتنەوەکەدایەو لەگەڵ هاوسەنگی هێزدا دەگونجێ هەم هەنگاوەکانی داهاتومان بۆ گۆڕنکاری بنەڕەتی ئاسانتر دەکات.

**مزەفەر محەمەدی: لە کوردستانی عێراق خەڵک دەستیان بەڕووی ئەحزابی بۆرژوا ناسۆنالیستی کوردەوە ناوەو داویانە بەژێر مەشروعیەتی دەسەلاتیاندا. ئایا ئەمە بە مانای بێ ئیعتبار بوون و داشکان یان ئاوابونی بزووتنەوەی کوردایەتی و حیزبەکانی نوێنەرێتی لە هەموو ناوچەکەدا؟ کاردانەوەی حیزبە ڕاستڕەو و ناسۆنالیستەکان لە کوردستانی ئێران بەرامبەر بەم ئاڵوگۆڕانە لە کوردستانی عێراق چۆنە؟ ئەی "چەپەکان" چی دەڵێن؟ هەروەها رادەی هاوپشتی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستانی ئێران لە خەڵکی کوردستانی عێراق تاوەکو ئێستا، چ لەلایەن حیزب و لایەنەکانەوە، چ لەلایەن کرێکاران و خەڵکەوە چۆنە؟ چاوەڕوانی تۆ چیە؟ ئایا لە حیزبی برا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران- حیکمەتیست و کۆمیتەی کوردستانەکەی بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەو هاوپشتیە ڕازیت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ناوچەکەدا لەم ٢٠ ساڵەدا کە کوردایەتی لە کوردستانی عێراق بە دەسەڵات و بە ڕەونەق گەیشتبوو، ئەوان هەمیشە خۆیان بە هاوبزوتنەوە، هاو نەتەوە، براو دەستە خوشک، هاوچارەنوس. زانیوەو...چەندین دەستەواژەی تری لەم بابەتە ببوو بە وێردی سەرزمانیان، لە هەموو سەرکەوتن و دەسکەوتەکانیاندا بە پشتیوانی ملهوڕی ئەمریکاو دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ کۆنەپەرسترین بزووتنەوەو ئەحزاب و دەوڵەتانی ناوچەکەدا، پەیامی پیرۆزبایی و پشتیوانیان بۆ لێداون و لەشایی و لۆغانەکانیاندا بە گەرمی بەشداربوون. لە پشتی دەسەڵاتی میلیشیایی و گەندەڵ و ستەمکاریان راوەستان. تەنانەت وەکو تەجربەیەکی دەسەڵاتی کوردی شانازییان پێوە کردوە. بەڵام برایەتی و دۆستایەتی و هاوچارەنوسی و دەستە خوشکی...دوو لایەنەیە، خۆ ناکرێ لە خۆشی و سەرکەوتن شەریک و لە ناخۆشی و داشکان

کارەساتباری لیبیای لێبکەوێتەوە. دواتریش لە جیاتی ئەوەی خەڵکی کۆمەڵگا شانازی بە دەورو تواناو ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خۆیانەوە بکەن و ئیرادەیان بەهێزتربێت، دور نیە بکەونە جێگاو ڕێگایەکەوە کە پلاکارت بدەنە دەست مندالّەکانیانەوە بۆ ئەوەی لە مەوقعی زەلیلیەوە داوا لە جەنابی سارکوزی و خانمی کلنتۆن بکەن بۆ ئەوەی فریایان بکەوێت. دەبێ ئەو ڕاستیە زۆر لامان بەرجەستە بێت کەڕاپەڕینی پێش وەخت و ناوەخت زۆر ترسی ئەوەی هەیە کوردستان بەرەو ڕووی هەلومەرجێکی وەکو لیبیا بەرێت. بەتایبەتی کە هەمان ئەو کردارەی ئێستا قەزافی خەریکە دەیکات، بە هەمان ڕادەو شێوە لە بارزانی و تالّەبانی و مالکی و سەدرو حەکیم و عەلاوی ...و حیزبەکانیان چاوەڕوان دەکرێت. ئەم کۆمەڵگایە بەعیراق وکوردستانەوە دەسەڵات تیایدا میلیشیاییە، تائیفی و عەشیرەتیە، دەسەڵاتداران ئەوەیان لێ پێشبینی دەکرێت کەلە شەڕی کۆتاییدا هەتا ئاخرین قەترەی خوێنی خەڵک لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی خۆیاندا بڕێژن. من بە پێچەوانە پێم وایە ڕەوتێکی درێژتر ولەسەرخۆتر بە قازانجی ڕەوتی شۆڕشە، هەنگاوی لەسەر خۆ و مەحکەم کارسازترە. لەڕوسیا شۆڕش لەشوبات دەستی پێکرد کە بەلشەفیەکان ئەقلیەت بوون تا ئۆکتۆبەری خایاند تا بەلشەفیەکان ئەوەندە بەهێزبوون کەبتوانن بڕیاری شۆڕش بدەن و ڕابەرایەتیەکەشی بەدەستەوە بگرن. ئێمەش ئەگەر لەوەدا شانسمان هەبێت کەبە ڕێڕەوی بەلشەفیەکاندا بڕۆینە پێش و تا شوباتی داهاتوش پێگەی مانگی ئۆکتۆبەری بەلشەفیەکان پەیدا بکەین، بەبڕوای من ڕەوتێکی زۆر سەرکەوتوومان بڕیوە بەقازانجی سازدانی شۆرش وگۆرینی سیستەمی سیاسی. دەبێ ئەوە زۆر ڕۆشن بێت کەئەرکی کۆمۆنیزمە ببێتە زامنی ئەوە کە کۆمەڵگای عێراق و کوردستان و بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی ئێستا بەبارێکی دروستدا بڕواتە پێش و دورکەوێتەوە لە مەترسی بە لیبیا بوون، کەهەتا کاریگەری خراپی بۆسەر ناوچەکەو دنیاش دەبێت.

من چەند جاری کەش نوسیومە، بە تایبەت لە ووتاری "یەک ڕاپەرین و سێ تاکتیکدا" ڕێڕەوی سەرکەوتن و پێشڕەوی ئەم بزووتنەوەیە، بریتیە لەوەی بە بارێکدا بڕوات کە فەزای سیاسی کۆمەڵگا قوڵ کاتەوە، ئاستی هۆشیاری خەڵک بچێتە سەر تا توانای ئەوە پەیداکەن بتوانن لە نێوان بەدیلە سیاسیەکانی سەر ساحەکەدا هوشیارانە هەڵبژاردنی سیاسی خۆیان بکەن، ڕیزی جەماوەر ڕێکخراو بێت، لە هەنگاوی یەکەمدا کۆمەڵێک دەسکەوتی دیاریکراو بۆ خەڵک مسۆگەر بێت کە هەم باوەڕ بەخۆبونی خەڵک بەهێز بێت وهەم فەزا بەڕوی پێشڕەوی زیاتری بزووتنەوەکە ئاوەڵاتر بکات و دەست و باڵی سەرکوتی دەسەڵاتیش ببەستێت. لەم بارەیەوە من تەنانەت ئەوە بەخاڵێکی لاوازو نادروست دەزانم کەبزووتنەوەکەو ڕەوتی خۆپێشاندانەکان بە باری ئەوەدا ببرێت کە دەست پێشخەری بکەن لە توندو تیژی تەنانەت ئەگەر بەرد هاویشتن بێت بۆ مەقەرێکی حیزبێک. چونکە بەهانەی سەرکوتی پێشوەخت دەدات دەست دەسەڵاتەوە. لە ئێستادا ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بتوانێ لە چەند بواردا خواستەکانی خۆی بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنێ، یەک هەنگاوی گەورە دەڕواتە پێشەوەو دەرگا بەڕوی هەنگاوەکانی داهاتوشدا ئاوەڵا دەکات. بۆ نمونە سەپاندنی ئازادی سیاسی: بە مانای ئازادی بێقەیدو شەرتی هەڵسوڕانی سیاسی و جەماوەری،





ناپەگیریەکانی ڕەوتی بورژوازی ناو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکە بگرێت و ڕێگای سازش و سات و سەدا بە خواستەکانی خەڵک لە بەردەمیان دابخات.

**مزەفەر محەمەدی: لە کاتێکدا شارەکانی خواروتری کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی ناڕەزایەتەکی فراوانی بەخۆوە گرتوە، لە شارەکانی هەولێرو دهۆک و ناوچەکانی ژێردەسەلاتی پارتی هەلومەرجەکە کۆنترۆڵ کراوە. ئایا ئێوە پێشڕەوی و سەرکەوتنی بزووتنەوەکە لە یەک ناوچەدا، بەبێ پەیوەست بوونی ناوچەکانی تر بە مومکین دەزانن؟ ڕێگای سەراسەری بونەوەی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان کامەیە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بێگومان سەراسەری بونەوەی ئەم بزووتنەوەیە فاکتۆرێکی هەرە حەیاتیە بۆ بەسەرکەوتن گەیشتن. پێم وایە هەر ئێستا نەک ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە بەڵکو تەنانەت هەر بەشداربویەکی ناڕەزایەتیەکانیش ئەو واقعەیەتە بە زەقی دەبینێت کە خاڵێکی لاوازو بەرجەستەی ئەم ناڕەزایەتیانە قەتیس مانیەتی لە بەشێکی کوردستاندا، ئەمە بۆ نمونە لە عێراقدا کەمتر وایە، ئەوەی عێراق تاڕادەیەکی زۆرتر سەراسەریە. لەم بارەیەوە لەکوردستاندا هەوڵێکی زۆر لەئارادایە بۆ سەراسەری کردنەوەی. خودی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیش هەوڵی زۆریان هەیە بۆ پەیوەست بوون بەو بزووتنەوەیەی کەلە ناوچەکانی سلێمانی بەڕێکەوتوە. بەڵام لەلایەکەوە کۆنترۆڵی توندو سەرکوتی فراوانی پارتی ئەو ڕێگایەی گرتووە و لەلایەکی تریشەوە کەم نفوزی لایەنە ئۆپۆزیسیونەکانی ناو بزووتنەوەکە لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی پارتی عاملێکی گەورەی ئەم مەسەلەیەیە. لەپاڵ ئەمەشەوە گەلێک فاکتۆری تری مێژوویی و ڕادەی گەشەی بزووتنەوەی سیاسی لەم دوو ناوچەیە کاریگەری هەیە.

بەڵام ئەوەی کە ووتم سەراسەری بوونەوە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکەکانی سەرکەوتن، بەو مانایە نیە کە بەبێ سەراسەری بوونەوە ئەم بزووتنەوەیە بە هیچ جێگایەک ناگات و دەسکەوتی نابێت. تاوەکو ئێستا دەست کەوتی خۆی بووە، هاوسەنگی هێزی لەنێوان دەسەڵات و خەڵک زۆر گۆڕیوە. هەر چاودێرێکی سادە دەتوانێ ئەمە لە قسەو دەم و چاوی ترشاوی تالّەبانی و بارزانی و سەرانی دەسەڵات هەردوو حیزبدا ببینێ. کەدەردەکەون و قسە دەکەن هەست بەوە دەکرێت کە دەست وپێی خۆیان وون کردوە، هاوسەنگیان لەدەستداوە، زەلیل بوونە، هەرچەندە لەهەڕەشە و گوڕەشە نەکەوتوون، بەڵام جۆرێک قسە دەکەن کەلە پێشتر نەیانکردوە. هاوکات تا ئێستا دەسەڵات هەرچەندە بەشێوەیەکی تەم ومژاوی وناڕۆشن، بەڵام لە ئاست بەشێک لە داخوازیەکانی خەڵکدا، چۆکیان داداوە، دەزانم تەم و مژاویەکەی بۆ ئەوەیە کە دواتر و لە ئەگەری خاوبونەوەی ناڕەزیاەتیەکاندا لەژێر ئەو خواستانە بێنەدەرەوە یان لانی کەم لە نزمترین ئاستدا وەڵامی پێبدەنەوە. بەڵام پاشەکشەو پێگەی لاوازیان بەرجەستەو ئاشکرایە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەر لەم ئاستەی ئێستادا پێشڕەوی بزووتنەوەکە دیارو ئاشکرایە. هاوکات گەشەو پێشڕەوی بزووتنەوەکەو بە تایبەتی گەیشتنی بەکۆمەڵێک دەسکەوت، کاریگەری زۆریشی دەبێت لەسەر سەراسەری بوونەوەو بەهێزبوونی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی

پارتی. ناکرێ شۆڕشی تونس ومیسر کاریگەری لەسەر سلێمانی دابنێین بەڵام بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەسەر سلێمانی و دەوروبەری کاریگەری زیاتر لەسەر هەولێر ودوهۆک وزاخۆ دانەنێت. بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە گومان لەوە نیە کەسەراسەری بوونەوەی مەرجێکی هەرە گرنگی سەرکەوتن و گەیشتنی بەدەسکەوتی گەورەترە. دەبێ نەخشەمەندانە کار بۆ ئەمە بکرێت. بەشێک لەڕێگای سەراسەری کردنەوەی هەر ئەوەیە بزووتنەوەیەک لەو ناوچانەی کە بەڕێکەوتووە لە هەموو ڕویەکەوە خۆی مەحکەمتر بکات، تێڕوانێنکی وردتری هەبێت بۆ هەنگاو بەهەنگاو چونەپێشی لەڕێگای سەرکەوتندا، پێناسەیەکی وردی هەبێت بۆ مانای سەرکەوتنەکانی، تاکیتیکی دروست بۆ سەرکەوتنی هەنگاو بەهەنگاوی خۆی هەبێت، دور بگیرێت لەمغامەرەو هەنگاوی ئەوتۆ کە لەتوانایدا نەبێت، خواستی دروست لە جێگای خۆیدا بەرز بکاتەوە، هەنگاوی پێشوەخت و بێ زەمینە هەڵنەگرێت. لەهەموو گرنگتر لەڕووی ڕێکخراوبونی خەڵک و ناڕەزایەتیەکانەوە بەنەخشەوە هەنگاو بەروپێش بنێت، بەشێکی گرنگی ئەم مەسەلەیە بەدەوری کۆمۆنیزمەوە گرێی خواردووە. چونە پێش لەهەموو ئەم بوارانەدا هەم ئیرادەی زیاتر هەم تەجروبەی چۆنیەتی هاتنەمەیدان بۆ خەڵکی ناوچەکانی تر دەخاتە بەردەست وهەم توانای دەسەڵات بۆ سەرکوت کەمتر دەکاتەوە.

لە خودی ئەو ناوچانەدا پێویستە شێوازو تاکتیکی گونجاو کە لە توانادا هەبێت بخرێتەروو، مەرج نیە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی هەر بەهەمان ئەو شێوەیەی لە سلێمانی بەڕێکەوت لەوێش دەست پێبکات. لەوێ لەجیاتی خۆپیشاندان، بۆ نمونە دەکرێت مانگرتن بکرێت، کۆروکۆمەڵی جۆراوجۆری لاوان و ژنان و کرێکاران پێکبێت، لە ناو خەڵکدا کاری هاندان و ڕێکخستن بکرێت. من پێم وایە ئێستا لەوێ زەمینە لەبارەو دەکرێت گروپی لاوانی لە بابەتی ئەوانەی میسرو سلێمانی دەست بە پێکهاتن بکات، کرێکاران دەتوانن پێش ئەوەی بەخۆپیشاندان و ئاکسیون دەست پێبکەن کەدەسەڵات دەستی ئاوەڵاترە بۆ سەرکوتکردنی، بەمانگرتن وخستنەڕووی داخوازی سادە دەست بەناڕەزایەتی بکەن... لایەنێکی تر ئەوەیە کە دەبێ گوشارێکی گەورەی ناوخۆیی و جیهانی بخرێتە سەر سیاسەتی سەرکوتگەرانەی پارتی، گوشارێکی ئەوتۆ کە نەتوانن بە دەستی ئاوەڵاوە لەو ئاستە بەرفراوان و ملهوڕانەیەدا سەرکوتی هەموو دەنگێکی ناڕەزایەتی بکەن.

**مزەفەر محەمەدی: مەیدانی ئازادی سلێمانی بووە بە دڵی ئەم بزووتنەوەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە ناوەندە کرێکاریەکان و گەڕەک و خوێندنگاو فەرمانگەکاندا، بزووتنەوەو جموجۆشێکی کەمتر لە ئارادایە. ئایا مەیدانی ئازادی ئەتوانێ ئەو دەورە بگێڕێ کە مەیدانی تەحریر لە میسر گێڕای؟ ئەگەر نا، ڕێگای دەخاڵەتی فراوانتری جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش ژنان و لاوان لە شوێنەکانی کارو ژیانیان کامەیە؟ ئایا هەنگاو لەم بوارەدا لە ڕێگای یەکێتی و ڕێکخراوبون و هوشیاربونەوەو خۆئامادەکردن، دەستی پێکردوە یان بەدی دەکرێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** مەیدانی ئازادی سلێمانی یان مەیدانی تەحریری بەغداد لە ئاستێکی نزمتردا و لە





پرسیارت کردوە، وەڵامی ورد بەپرسیارەکەی تۆ بدەمەوە، بەبڕوای من ئەوەی ئێستا بەڕێکەوتوە لە قالب وئاستی ئێستایدا، ناکرێت بەشۆرش ویان ڕاپەڕین بەمانای هەستانی خەلک بۆ ڕامالین و ڕووخاندنی دەسەلات پێناسە بکرێت، بەو مانایەی وەکو میسر یان تونس ڕوخاندنی ڕژێمی لە دەستوری خۆیدا دانابێت و توانای ئەوکارەی هەبێت.

با برێک ئەمە وردتر بکەمەوە، شۆڕش وڕاپەڕین بەمانای حەرەکەتێک بۆڕوخاندنی ڕژێم، ئاستێکی بەرز لەهاتنەمەیدانی جەماوەری دەوێ، ڕابەرایەتیەکی شۆڕشگێڕی دەوێ کەڕوخاندنی دەسەلاتی نابێتە دەستوری خۆیەوە، ڕادەیەک لەڕێکخراوبونی جەماوەری دەوێت لە دەوری حیزبی سیاسی پێشڕەو شۆڕشگێڕو ڕێکخراوەی جەماوەری، هەڵخڕاندنی جەماوەری دەوێ لەدەوری خەت و پلاتفۆڕمێکی سیاسی بۆ ڕوخاندنی دەسەڵات، سەرئەنجام ئەوەی دەوێ کەخواستی گۆڕینی دەسەڵات لەئارەزوەیەکی خەڵکەوە گۆڕابێت بۆ بڕیاری خەڵک .. بەبڕوای من ئەم مەرجانە هیچیان لە بزووتنەوەکەی ئێستای عێراق و کوردستاندا فەراهەم نین. هاتنەمەیدانی خەڵک هێشتا لە چاو شۆڕش بەرتەسک و سنوردارە، خەڵک لە دەسەڵات زۆر توڕەیە و گۆڕانی دەسەڵاتی پێ خۆشە بەڵام بڕیاری لەسەر ڕوخاندنی نەداوەو ئەمەی لەدەستوری خۆی دانەناوە، بەڵکو کۆمەڵێک خواستی دیاریکراو جا ئەوەی لیستەکەی درێژە یان کورتە، لەدەستوری خۆیداناوەو دەیەوێ لەڕێگای بەدیهاتنی ئەو خواستانەوە کەڕووبە دەسەڵاتی ئێستا بەرزی کردوەتەوە، ئاڵوگۆڕێک لەژیانی خۆیدا پێکبهێنێت. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە تائێستا بەکردەوە ڕابەرایەتیەکی شۆڕشگێڕی ئەوتۆی بۆ دابین نەبووە کەبیەوێ دەسەڵات بڕوخێنی. بۆ نمونە لە کوردستان سێ ڕەوتی سیاسی لەم بزووتنەوەیەدا و لەڕابەری کردنیدا بەشدران، بزووتنەوەی گۆڕان کە سەنگی زۆرتری هەیە، ئەو بەهیچ جۆرێک خوازیاری ڕوخاندنی دەسەڵات نیەو ڕوون و ڕاشکاو ڕایگەیاندوە کەئیسلاحی دەسەڵاتی دەوێ لەڕێگای هەڵوەشانی کابینەی حکومەتی ئێستاو پەرلەمان و بەرپاکردنی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی ترەوە..هەروەها ڕەوتی ئیسلامی هەیە کەبە هیچ جۆرێک دەم لەڕووخاندن وگۆڕینی دەسەڵات ناکوتێ وئەوان تەنانەت تائێستا خوازیاری ئاڵوگۆڕی کەمترن. ڕەوتی کۆمۆنیستی لەم بزووتنەوەیەدا هەیە کەشۆڕشگێڕەو باس وباوەڕی وایە کە کۆمەڵگا پێویستی بەوەیە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی تیا بکرێت وئەویش لەڕێگای شۆڕشەوە مسۆگەر دەبێت. بەڵام کۆمۆنیزم لاوازترین ڕەوتی نێو بزووتنەوەکەیە، سەنگی کۆمۆنیزم لەڕابەری بزووتنەوەکە لاوازە، لەسیاسەت و پلاتفۆڕمی بزووتنەوەکەدا بەدەوری کۆمۆنیزمیشەوە جێگای شۆڕشی تیا نیە، کۆمۆنیزم لەڕووی سازماندانی حیزبی و جەماوەری خەڵکەوە لاوازە.. بۆیە لانی کەم لە ئێستادا لە هەموو ڕوویەکەوە ئاشکرایە کە مەرجەکانی بەرپاکردنی شۆڕش فەراهەم نیە.

هەر بەپێی ئەو بەڵگانەی لەپێشەوە باسم کرد، من نەک هەر لایەنگری ئەوە نیم کەڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی دەست بەجێ و نزیک ماوە بخرێتە دەستوری ئەم بزووتنەوەیەوە، بەڵکو پێم وایە کارێکی لەم بابەتە هەڵەیەکی مێژووی گەورەیە. ئەمە یاریکردنێکی زۆر خەتەرناکە بە چارەنوسی بزووتنەوەکە و خەڵکی ئەم کۆمەڵگایانەوە. کارێکی وا زۆرتر لەوەی ئومێدی ئەوەی لێبکرێت کە تەجروبەی میسر و تونس دوپات کاتەوە، مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە تەجروبەی خوێناوی و

هەندێک بواردا بوەتە نمونەیەک لەمەیدانی تەحریری قاهیرە. بە بڕوای من ئەو تەجروبە وەرگرتنە خاڵێکی باش و بەهێزی بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەکەیە. بەڵام پێم وانیە بکرێتە بەدیلی مەیدانی تەحریر، لە پێشدا بە هۆی جیاوازی هەلومەرجی کۆمەڵگای کوردستان و میسر و پاشان بە هۆی جیاوازی جێگاوڕێگای قاهیرەو سلێمانی لەو دوو کۆمەڵگایەدا و سەرئەنجامیش بە هۆی جیاوازی نێوان بزووتنەوەکەی میسرو بزووتنەوەکەی کوردستان و دەسەڵاتەکانەوە. با هەر لێرەدا ئەوە بڵێم کە مەیدانی تەحریر لەمیسریش، تەنها سەنگەرو مەیدانی شۆڕش نەبوو. بەر لەوەی مەیدانی تەحریر بێتە بەرەوە تەنانەت لە ٢-٣ ساڵ لەوەبەرەوە بزووتنەوەی کرێکاری لە ئاستێکی بەریندا دەستی بە نەشونما کردبوو، ساڵی دەیان و بگرە سەدان حەرەکەتی کرێکاری بەڕێدەکەوت، لەو حەرەکاتانەدا دەیان کرێکار گیانیان لە دەستدا، زیندانی کراون، لەکاردەکراون.... تەنانەت لە پێشدا گروپی٦ی ئەپریل لەجەرگەی ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان و لە پشتیوانی لەواندا دروستبوون. مەبەستم ئەوەیە بڵێم خودی مەیدانی تەحریری قاهیرە لە شۆڕشی میسردا، سەرەتای کار نەبوو، بەڵکو پێشەنەیەکی دورتر و هەنگاوی گرنگ لە پێش ئەوە هەبووە. گرفت و خاڵێکی لاوازو بەرجەستەی دیکەی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەی کوردستان، ئەوەیە کەزۆر لە مەیدانی ئازادی نەترازاوە. لە زانکۆکانیش جموجۆڵ و کەم و کورت خۆپیشاندانیش کراوە، بەڵام تا ئێستا لە کارگەکان و لە گەرەکەکان و لە فەرمانگەکان، شتێکی ئەوتۆ دیار نیە. تەنانەت ئاستێکی نزمیش لە ڕادەی ڕێکخراو بونی جەماوەری ئەو ناوەندانە دیار نیە. جەماوەر بەبێ ڕێکخراوبوون لە قاڵبی جەماوەری و حیزبیدا، ڕێگای پێشڕەوی سەرکەوتن بەڕویاندا ئاوەڵا نابێت. بەتایبەتیش دەوری پێشرەوانەی چینی کرێکار زۆر حەیاتیە، بەبێ جوڵان و دەور پەیداکردنی بەرجەستەی ئەم چینە، بزووتنەوەکە بۆشاییەکی گەورەو خاڵێکی زۆر لاوازی دەمێنێتەوەو ئاسۆی سەرکەوتنی گەلێک تەنگ و دژوارە. ئەگەر تەجروبەی میسرو تونسیش لەبەرچاو بگرین ئەو ڕاستیەمان بەزەقی نیشاندەدات. بۆ نمونە لە میسر جگە لەناڕەزایەتیە کرێکاریەکانی چەند ساڵی پێشتر، تەنانەت ئەوە کەلە ئەنجامدا هاوسەنگیەکەی بە تەواوی گۆڕی و مەسەلەی ڕوخانی ڕژێمی موبارەکی یەکلا کردەوە، هاتنە مایدانی بەهێزی چینی کرێکار بوو. ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە کاتێک چینی کرێکار بە فرواوانی جوڵا و بەتایبەتی کەکرێکارانی کەنداوی سویس ڕاپەڕین، ئیتر ڕژێمی موبارەک بە تەواوی چۆکی شکاو ناچار بە تەسلیم بوو. ئێستا لە کوردستان و عێراقیشدا ئەوە مەسەلەیەکی زۆر حەیاتی و لە هەمان کاتدا مومکین و چارەنوس سازە کە چینی کرێکار پێ بنێتە مەیدانەوە. ئەمە لەئاستێکی بەرزدا هەم زامنی سەرکەوتن وهەم زامنی ڕادیکاڵبونەوەو قوڵبونەوەی ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانی بزووتنەوەکەیە. ئێستا کاتی ئەوەیە لەکارگەو گەرەک و فەرمانگەو زانکۆکان و شوێنەکانی تر، جەماوەر لەدەوری یەکتر کۆبنەوە، کۆبونەوەی گشتی بکەن، خواست و گرفتەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتر باس بکەن، ڕێکخراوی خۆیان دروست بکەن. ئێستا کاتی ئەوەیە شورای گەرەک و کارگەو زانکۆ، ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی تری وەکو سەندیکاو ڕێکخراوی لاوان وژنان، دەست بەسەرهەڵدان ونەشونما بکەن، بەیاننامەی خواستەکانی خۆیان گەڵاڵە بکەن، ڕێگاو شێوازی چۆنیەتی چونە پێشی خۆیان دیاری بکەن.





لە ڕوانگەی منەوە جوڵانەوەیەکی بەم جۆرە بەبێ ڕێکخراوی بەهێزی جەماوەری و حیزبی، زۆر ئەستەمە بە دەسکەوتی بەرچاو بگات، مەترسی شکست هەڕەشەی جدی لێدەکات. هەڵتەکانی ئەم هەڕەشەیەو ئەم خاڵە لاوازە بەر لەهەموو کەس ئەرک ومەهامی کۆمۆنیستەکان و کۆمۆنیزمە، بەدیاریکراویش ئەرکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە. بە بڕوای من ئێستا ئەم حیزبەو کۆمۆنیزم بە ڕاستی لە بۆتەی ئازمایشدان، ئەگەر نەخشەی بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەم و کوڕیانە نەبێت، ئەگەر بەکردەوە و بەخێرایی خەریکی ئەم کارە نەبێت، ئەگەر ڕۆژانە و لەو ڕێڕەوەدا بە پێوانەی زۆر مەلموس نەچێتە پێشەوە، بەتایبەتی مەبەستم ئەوەیە لەڕووی سازماندانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و لاوانی ئازادیخوازو ژنان، لەدەوری حیزب و کۆمیتە حیزبیەکانی کارگەو گەڕەک و زانکۆو جێگاکانی تر، هەروەها ڕێگا ئاوەڵاکردن و دەستپێشخەری بۆ بەرپابونی ڕێکخراوە جەماوەرەیەکان هەر لەو جێگایانە....مانای وایە ئەم حیزبە گەورەترین فرسەتی مێژووی لەدەست دەدات. مانای وایە لەوەڵامدانەوە بەگەورەترین مەرجی سەرکەوتنی بزووتنەوەکە خۆی لادەدات. وە لە داهاتوشدا کەمترین بوارو فرسەت بۆ دەور پەیداکردنی خۆی دەهێڵێتەوە. ئەم کارانە لەکاتی ڕۆتیندا ڕەنگە بکرێت بڵێین کاری چەند ساڵێکە، بەڵام لەم هەرلومەرجەدا مەجالی چەند ڕۆژ و چەند هەفتە و ئەوپەڕی چەند مانگ لەبەردەستدایە. ئەگەر ئەنجام نەدرێن، هەلومەرجەکەو بزووتنەوەکە بەرێگایەکی تردا دەڕۆن، نە بۆ کۆمۆنیزم دەسکەوتی ئەوتۆیان دەبێت و نەلە ئاستێکی بەرچاودا بەقازانج و بەرژەوەندی خەڵک تەواو دەبێت. ئەمە هۆشداریەکی زۆر جدیە بۆ ئیمە کۆمۆنیستەکان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری.

**مزەفەر محەمەدی: لە ڕوانگەی تۆوە ئەو ڕوداوانەی لە عێراق و کوردستانی عێراق بەڕێکەوتون، ڕاپەڕین و شۆڕشێکە یان بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیە بۆ کۆمەڵێک خواستی دیاریکراو؟ ئایا تۆ ئێستا خوازیاری ڕاپەڕین و شۆڕشی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆی لە کورتترین ماوەدا، یان پێت وایە دەبێ لە ئێستادا کۆمەڵێک خواست بەدەست بهێنرێت و سەرکەوتێکی هەرچەند بچوک مسۆگەر بکرێت کەڕێگای ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی تر هەموار دەکات؟ بە گشتی هێزو توانای ئەم بزووتنەوەیە بۆ بەدەست هێنانی خواستەکانی یان بۆ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی چۆن دەبینی؟ هەروەها ڕێگری و ئاست تەنگیەکانی بزووتنەوەکە لەعێراق و کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ تۆ سەرکەوتنی ئێستای بزووتنەوەکە چۆن پێناسە دەکەی و پرۆسەی بە سەرکەوتنی یەکجاری بزووتنەوەکە چۆن دەبینیت یان دەبێ چۆن بێت؟ ئەو خواستانەی کە کۆمەک بە مسۆگەر کردنی ئەو سەرکەوتنە دەکەن کامانەن؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** تا ئێستا لێرەو لەوێ هەم دەستەواژەی ڕاپەرین و هەم دەستەواژەی شۆڕش لەلایەن ئێمەوە بۆ ئەم بزووتنەوەیە بەکار براوە، چونکە دەکرێت ئەگەر زۆر لەو دەستەواژانە ورد نەبینەوە، هەر جۆرە هاتنەمەیدانێک بەڕاپەڕینی خەڵک بەیان بکرێت، یان هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەشێوەی مەزاجی بەشۆڕش تەعبیری لێبکرێت. بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەو دەستەواژانە بەوردی بەکار بەرین و پێناسەی بزووتنەوەکەی ئێستای پێبکەین و بەو جۆرەی تۆ

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.